وەزارەتی
رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی
چاپ و
بڵاوکردنەوەی
سلێمانی
زنجیرەی (567)

# رۆژنامە لە کتێبدا

## بەرگی یەکەم

نەوزاد عەلی ئەحمەد

سلێمانی
2008

**رۆژنامە لە کتێبدا**
**بابەت:رۆژنامە**
**نووسینی: نەوزاد عەلی ئەحمەد**

نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد
نەخشەسازی بەرگ: جەبار سابیر
سەرشتیاری چاپ: کەنعان خەلیل
چاپ: چاپی یەکەم سلێمانی (2008)–
چاپخانەی شڤان
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردنی(513)ی ساڵی 2008 ی
وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ

ناونیشان
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سلێمانی– گردی ئەندازیاران: 105 کۆڵانی: 34 ژمارەی
خانوو: 10
ژمارەی تەلەفۆن: 3180994

www.dengekan.com

# پڕۆژەی تەمەن

زیاتر لە 25 ساڵە لە جیهانی خوێندنەوەو نووسیندا کار دەکەم،لەو 25 ساڵەدازیاتر لە 15 ساڵم لە نێو مەرەکەبو دەنگی ماکینەی چاپخانەو داڕشتنی هەواڵو نووسینی وتارو لێدانەوەو بە دواداچوونو ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بردۆتە سەر، تا ئێستا ناتوانم بە تەواویو وردی ژمارەی نووسینە بڵاوکراوەکانم بژمێرم بەڵام دەتوانم بڵێم کە نزیکەی 1000 بابەتن.

بۆ دۆکۆمێنتکردنی ناوی نووسینو بابەتە بڵاوکراوو بڵاونەکراوو ڕەفز بووەکانم ویستم ڕابەرێک بۆ خوێنەران چێ بکەم، بەڵام باش بوو هەر زوو ئەو پێشنیارەم ڕەتکردەوەو وتم؛ هێشتا مۆدەی ئەو جۆرە کارانە لە کوردستان ماوە، پێویست ناکات کاتم بە فیڕۆ بدەم بە تایبەتیش دەیان بابەتم لەملاو لەولا بڵاوبوونەتەوە کە نە ناویانم لە بیر ماوە نە سەرچاوەکانم لەبەر دەستە.

هەر بۆیە بڕیارم دا کار لەسەر ئەم پڕۆژەی بەردەستتان بکەم کە نازانم بە چەند بەرگ تەواو دەبێت، بەڵام دەزانم تا تەمەن باقی بێت زەخیرە هەس.



ڕۆژنامە لە کتێبدا..

ناوی پڕۆژەکەمەو هەوڵ دەدەم ناوە ناوەو بە گوێرەی دەرفەتو کوانووی چاپو چاپخانە بەرگێکی لێ گەرم بکەمو بیخەمە بەر دەستی خوێنەران، بابەتەکانی ئەم پڕۆژەیە بریتین لەو بەدوا داچوونو لێکۆڵینەوەو وتارانەی کە بۆ بواری ڕۆژنامەگەریی نووسیومنو زۆربەیان بڵاوبوونەتەوەو ڕەنگە کاری بڵاونەکراوەشی تێ بکەوێت،بەڵام دەستکاری زۆربەی نووسینەکانم کردووە بە تایبەتیش لە باری داڕشتنەوەی ڕستەو دەستەواژەو زۆر جاریش بابەتەکانم بە زانیاریتر دەوڵەمەند کردووە.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
ستۆکهۆڵم- سوید
2007/11/15

www.dengekan.com

# ناوەڕۆک

- کوردایەتیو ڕۆژنامە .
- ڕونـــاکیو پێـــشەکییـــەکـــەی د. کوردستان موکریانی .
- مادێنای ڕاگەیاندنی یەکێتیی .
- ڕۆژی کورد یان کوردۆلۆجیا .
- ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کتێبی ڕۆژنامەگەری چەپ لە عێراقدا .
- هەواڵ لە ڕۆژانوودا .
- دەوڵـــەمـــەنـــد کردنـــی بابـــەتـــی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا .
- بیبلیۆگرافیـای ڕۆژنامـەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی ، هەڵەو کەموکوڕییەکان .



# کوردایەتیو ڕۆژنامە

**بۆ ئەم کتێبە؟**

ئاســاییە وەڵامــی ئــەم پرســیارە لــەبازنــەی چــەنــد رســتــەیــەکــدا گرێبــدەین،کــە ســەرچاوەیــەکــە لــە زۆر رووەوە تــا بــە ئــەمــڕۆش دەگــات، زانــستییەتــی خــۆی لــەدەســت نــەداوە،بــەتایبــەتــی ئــەگــەر لــە بــاری مێژوویــیو لێکدانــەوە سیاســییەکانــدا قسەوباسی بۆ بکرێت،ئەمە لەلایەک،لە لایــەکــیتــرەوە دەتــوانین بــە ســەرچــاوەیــەکــی گومنــاوی لــە قــەڵــەم بدەین،کە لـەچەند ژێدەرێک بترازێت ئەگەر نا باسی لێوە نەکراوە،لەو چەند ژێدەرەشدا سوود لەچاپی یەکەمو چاپی دووەمــی کتێبــەکــەدا بینــراوە،بــەڵام ئــەوەی ئێمــە لــەم باســەدا ســوودمان لێبینیوە،چاپی سێیەمی کتێبەکـەیە بـە ئیزافـەوە، هۆکـارێکیتـر بـۆ پـشکنینو گەڕانەوەیە بۆ مێـژووی ڕۆژنامـەگـەریی کوردیی،کە ئەو سەرچاوەیە پێش زیاتر لـە چـڵ سـاڵ لـەمـەوبـەر دەستنیـشانی کۆمــەڵێــک ڕۆژنامــەو گۆڤــاری کــردووە،بــەتایبــەتیــش کاریگەرییەکانیان لـەسـەر بزووتنـەوەی رزگــاریی نــەتــەوایــەتیــی گــەلــی کوردستاندا.

**کتێبەکە**

(کوردایــەتی،بزووتنــەوەی رزگــاریی نــەتــەوایــەتیــی گــەلــی کوردســتان، نووســینی جــەلال تاڵــەبانی،چــاپی ســێیەم،لــەبڵاوکــراوەکــانی پــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان،چاپخانەی خــەبــات 1966) بریتییــە لــە (202) لاپەڕەی قەبارە نیو فۆلسکابی.

www.dengekan.com

**ڕێبازی باسەکە**

زیاتر پشت بە ڕێبازێکی مێژوویی بەستراوە لە پێناوی گرێدانی چەند بۆچوونو نووسینێک لەمەڕ کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤار،کە لەم کتێبە هەڵێنجراونو لەچەند سەرچاوەیەکیتری دوای ئەو کتێبەش باسکراون،ئەم ڕێبازەش تا ئێستاش بۆ چەند بوارێکی ڕۆژنامەگەریمان گرنگیی خۆی لەدەست نەداوەو گەلێکجاریش گرەو لە ڕێبازەکانیتر دەباتەوە.

**پلانی باسەکە**

بێجگە لەم پێشەکییە،باسەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە،کە هەر بەشێک لەو دوو بەشە بە هۆی چەند ناوونیشانێکی جیا بابەتەکەی دەوڵەمەندکردووە،لە بەشی یەکەمدا بۆ وەبیرهێنانەوەو ناسینی کتێبەکە لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە هەڵوەستەکراوە، لە بەشی دووەمدا لەو پەرەگرافو ڕستانە دواوین کە باسیان لە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەریی کوردیی کردووە،لە کۆتاییدا باسەکە پوختکراوەتەوەو ئەو سەرچاوانەش ناویان هێنراوە کە سوودیان لێ وەرگیراوە.

## بەشی یەکەم

**دەستپێک**

سەبارەت بەناوی کتێبەکەو چەند جار چاپکراوە،کورتە نووسینێک بە قەڵەمی نووسەری کتێبەکە



دەنووسمەوە،کە بە ناونیشانی- ئاگادارییەکی پێویست- نووسراوە؛ (ئەم باسەی لەم نامیلکەیەدا بڵاودەکرێتەوە دەربارەی کوردایەتی: بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان- گەلاڵەکەی وەختی خۆی ساڵی 1959 نووسراوە.دوای ماوەیەک نیشانی مامۆستای تێکۆشەر برایم ئەحمەد-م دا بۆ راستکردنەوەی. مامۆستا برایمیش دوای چاککردنی پەسندی کرد،بەڵام داخەکەم ئەوسا بڵاونەکرایەوە.

لە ساڵی 1960دا بەشێوەی دەرس لە قوتابخانەی هۆشیارییدا کە بۆ هێندێک ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی کرابووەوە گوتمەوە.پاشان لقی سلێمانی پ.د.ک بە ڕۆنیۆ لەکانوونی 1961/2دا بڵاویکردەوە.

لقی تێکۆشەری سلێمانی دووبارە لەکانوونی 2ی 1964دا چاپییان کردەوە-هەر بە ناوی کوردایەتی- یەوە،بەڵام بە داخەوە چەند لاپەرەیەکی گرنگی چاپ نەکرابووەوە (سەبارەت بەلەناوچوونیان).

ئەوەی راست بێت هەر لە نووسینەوە تا ئێستا بێ ناتەواوی نەبووە، هێندێک لەم ناتەواوییانەی کە دەربارەی بنجو رەگی ئابووریو کۆمەڵایەتی (نەتەوەی کورد) بوو مانای نوێی نەتەوەو کوردایەتی بوون-لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە-توانراوە چارەسەرێکی وەختی بکرێن. ئەڵێم وەختی،چونکە ئەم باسە گرنگە پێویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەو روونکردنەوەیەکی تەواو هەیە.جگە لەمە لەو ماوەیەدا هێندێک رووداوو تاقیکردنەوەیترمان دیت،کە بەڕاستو دروستی ناوەڕۆکی باسەکەیشیان

چاكتر روونكردبێتەوە،بەڵام ناتەواویەكانیشیان دەرخستوون.بۆیە بە پێویستم زانی هەوڵێك بدەم بۆئەوەی دووبارە هەمووی بنووسمەوەو بەپێی توانا هێندێك كەلەبەریشی بگرم.واتە هێندێك شتیتری بخەمەسەر.

جا هیوام وایە كە بەشێ لەئەركەكانی سەرشانی خۆم لەم رووەوە بەجێ هێنابێت.ئەمێنێتەوە واجبی هەڤاڵانو بیر رەوشەنەكانی پارتی-مانو گەلەكەمان كە بە رەخنەو راستكردنەوەو خستنەسەر، هاوكاری بكەن لەچاكتر روونكردنەوەی ئەم باسە گرنگەدا

جەلال تاڵەبانی 1964/12/10 [1].

دیارە زۆر هەوڵماندا كە دووچاپەكەی پێش ئەم چاپە ببینینو بزانین چ زانیارییەكی خراوەتە سەر،بەڵام بە داخەوە هەوڵەكانمان هیچی لێ شین نەبوو،واتە بەرهەمی نەبوو،ئەم روونكردنەوە پێویستەی پێشەوەش چەند رستەیەكی گرنگە بۆ بابەتێكی مێژوویی لەو جۆرە،بە تایبەتی بەرامبەر بە رووداوەكانو چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕو گۆڕانیان.

## پێرستی بەشو ناونیشانەكان

ئەم كتێبە وەك هەر كتێبێكی زانستی، بەسەر چەند بەشێك دابەشكراوە، بەم شێوەیە:

**كوردایەتی**؛لەم بەشەدا باس لە(مانای كوردایەتی،كوردایەتی بە شێوەی بیرو بزووتنەوە،چۆنیەتیی پەیدابوونی كوردایەتیو گەشەكردنی لەگەڵ:چۆنیەتیی پەیدابوونی نەتەوەیی كورددا،بنچی ئابووریو كۆمەڵایەتیی كوردایەتی،دەوری مێژوویی ئەمیرو دەسەڵاتدارانی كورد لەكوردایەتیدا،گەشەكردنی ئابووریی سەرمایەداری لەكوردستاندا بەشێوەی تایبەتی كوردستانو دەستیان لەپەیدابوونی نەتەوەی كوردو كوردایەتیدا،لێكدانەوەكانی نیكیتین ڤیلچیڤیسكی. ئاكۆبۆف. شەمزینی) كراوە، بۆ زاراوەی (كوردایەتی) لەكتێبەكەدا هاتووە: (كوردایەتی؛ناوێكی مێژوویی تایبەتییە بۆ بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی كوردستان).

**شێوەكانی كوردایەتی**؛لەم بەشەدا باس لە (كوردایەتی بە نەونەمامیو شۆڕشی بەدرخان،كوردایەتی لە گەشەكردنیا-شۆڕشی شەمزینان،كوردایەتیی خوێندەوارانەو هاوكاریی لە پێناو دەستووردا، پەیدابوونی رێكخراوو كۆمەڵ لەكوردایەتیدا،كوردایەتیی پیاوماقووڵانو بە هیوای سوێندخۆرەكان،سیاسەتی بەریتانیا دەربارەی كوردستان،كوردایەتی دێتەوە سەر رێبازی شۆڕش، پێشكەوتنێ لە چۆنایەتیی كوردایەتی لەدێهاتەوە بۆ شار،قوتابی دێنە ریزی پێشەوەی كوردایەتییەوە،كوردایەتیی خەملیو، پاشەكشەیەك لەكوردایەتی) كراوە.

**دەرسو پەندەكانی كوردایەتی**؛ ئەم بەشە لەم ناونیشانانە پێكهاتووە؛(ناسینی هێزی بنچینەییو رزگاركەری كوردستان، ناسینی دوژمن،ناسینی دۆست، پێویستیی رێكخستن لەكوردایەتیدا، پێكەوە بەسترانی هەموو پارچەكانی كوردایەتی،كەڵكی دیموكراسی بۆ

www.dengekan.com

کوردایەتیو پێویستیی هاوکاری لەگەڵ گەلانی دراوسێدا).

**خاسیەتەکانی کوردایەتی**؛لەم بەشەدا باس لەم ناونیشانانە کراوە؛ (پێشاندانی کوردایەتیی ئێستەمان،خاسیەتەکانی کوردایەتیی ئێستەمان؛یەکەم: کوردایەتی مێژووکردەو مەوزوعییە،دووەم: کوردایەتی بزووتنەوەیەکی رزگاریی دیموکراسییە.سێیەم: کوردایەتی بزووتنەوەیەکی جەماهیرییە.چوارەم:کوردایەتی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەو دوژمنی ئیمپریالیزمو داگیرکەرانە، کوردایەتیو شۆڕش،شۆڕش چییە؟ مەرجەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش،مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕش،شێوەی شۆڕشی کوردستان) هەر لەم بەشەدا بێجگە لە دەستنیشانکردنی چوار خاڵەکەی پێشەوەدا،وەک خاسیەتەکانی کوردایەتی، باس لەچەند خاڵیتریش دەکات؛ (پێنجەم:رزگاربوونی کوردایەتی لەکۆتی کۆن،پارتیو کوردایەتی. شەشەم:هەستی کوردایەتی بەهێزە. حەوتەم: فرەوانیی بەرەیکوردایەتی.هەشتەم:کوردایەتیی دۆستو پشتیوانی گەلانە، رزگاریی کوردستان بۆ گەلان باشە،ئەهمییەتی رزگاریی کوردستان. نۆیەم:کوردایەتی توانایەکی زۆری زوو گۆڕانو گەشەکردنو پێشکەوتنی هەیە.دەیەم:کوردایەتی دوورە لە شۆڤێنایەتیو کۆسمۆپۆلیتایەتی. یانزەیەم: یەکێتی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا).

**هۆیەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی**؛باس لەو هۆیانە کراوە کە بوونەتە رێگر لە بەردەم کوردایەتیداو ئەو هۆیانەش لە دوو تویی چەند خاڵێکدا باسکراون،بەم شێوەیە:(یەکەم:دەستپێکردنی شۆڕشەکانی لە ناوەختدا. دووەم: یەکنەگرتنی هێزەکانی کوردپەروەران.سێیەم: تێکەڵاونەبوونی کوردایەتی لەگەڵ مەسەلەی جووتیاران.چوارەم: خیانەتی زۆربەی دەرەبەگەکان. پێنجەم: مانەوەی رژێمی نیمچە دەرەبەگیو گیانی عەشیرەتگەری. شەشەم: نەبوونی پارتی پێشڕەو.حەوتەم: نەبوونی چینی کرێکارو کزیی خوێندەواریو هۆشیاری. هەشتەم: یەکگرتنی دوژمنانی کوردایەتی. نۆهەم: دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم لەگەڵ کوردایەتیدا).

**مەرجەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی**؛لەم بەشەدا سەرکەوتنی کوردایەتی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان دەکرێت: (یەکەم: بوونی پارتی پێشڕەو.دووەم: هۆشیارکردنەوەو رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک. سێیەم: رێکخستنو رێکخستنی هەموو چینە نیشتمانییەکان. چوارەم: بوونی هێزی چەکدار. پێنجەم: هاوکاریو یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ عەرەبدا. شەشەم: پشتیوانیو یارمەتییەکان)، ئەم خاڵانەو خاڵەکانی بەشی رابردوو بە دوورو درێژی هەڵوەستەیان بۆکراوە.

بەشێکیتری کتێبەکە لەم ناونیشانانە پێکهاتووە: (کوردایەتی دوژمنی شۆڤێنایەتییە،کوردایەتی دۆستی تورکمانە،کوردایەتیو ئاسووریو کلدان، کوردایەتیو کۆسمۆپۆلیتایەتی دژی یەکترین، کوردایەتیو مرۆڤایەتی، مرۆڤایەتیو کۆسمۆپۆلیتایەتی، شێوەکانی کۆسمۆپۆلیتایەتی لەکوردستاندا،کوردایەتی ناگونجێ لەگەڵ تاکڕەویی نەتەوایەتیدا،کوردایەتیو رەگەزایەتی

به پێچەوانەی یەكترین، كوردایەتی‌و دیموكراسی تێكەڵن، كوردایەتی‌و جیابوونەوە لەعیراقدا).

هەروەها دوای ئەم بەشە،وەك بەشێكی سەربەخۆ سەبارەت بە كوردایەتی پشتیوانی خەباتی نەتەوەی عەرەب دێت كە لەم ناونیشانانە گەڵاڵەكراوە:(برایەتیی كوردو عەرەب مێژووكردە، كوردایەتی‌و هاریكاریی عەرەبی،كوردایەتی‌و یەكێتیی عەرەب)[2]. ئەمەی سەرەوە پێرستكردنەوەی كتێبەكە بوو، كە بەگشتی ناونیشانەكانمان نووسینەوە.

**پوختەكردن**

دەشێت خوێنەران لە كاتی خوێندنەوەو سەیركردنی پێرستی ناونیشانەكانی پێشەوەدا،كۆمەڵێك پرسیار لە سەبارەت بە ناوەرۆكی كتێبەكە بۆیان گەڵاڵە بووبێت، دەكرێت چەند وەڵامێكیش دەوربكرێتەوە،بەڵام وا باشترە پوختەیەك لەمەڕ ناوەرۆكی كتێبەكە لە پوختەی خودی كتێبەكە بنووسینەوە،وا لەچەند رستەیەكدا پوختەكە پوختتر دەكەینەوە:

لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە نەتەوەی كورد بە واتای نوێی نەتەوە بە شێوەی گەڵاڵەكراو بە فەریكی لە مێژوودا دێتەبەرچاو، هەر لەو ساوەیش نەتەوەی كورد تازە چووزەرەی كوردایەتیی دەركردبوو،پاشان لەگەڵ گۆڕان‌و رووداوەكانی موجتەمەعی كوردستان"كوردایەتی"ش گەشەیكردووە لە بیروباوەڕو هەستەوە دوای بڵاوبوونەوەیان بە ناو كۆمەڵانی خەڵكدا بۆتە بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی،كوردایەتی لە سەرەتای پەیدابوونیا بە شێوەی ناڕەزایی‌و تووڕەیی لەداگیركەرانی بێگانەو ڕەفتارو زوڵم‌و زۆردارەكانیاندا هاتووەتەڕوو،پاشان خۆی لە بیروباوەڕی كوردپەروەرانەو هەستی نەتەوایەتیی دیاردا نواندووە،ئینجا وردە وردە بووەتە بزوتنەوە بەتایبەتی لەئەنجامی شەڕی بەربەرەكانیی كوردان دژی پەلاماردەری بێگانە بۆ لەناوبردنی هەموو شێوە حوكم‌و سەربەستییەكی كوردان‌و سەپاندنی دەسەڵاتی تەواوی داگیركەران بە شێوەی "مەركەزیەتێكی توندوتیژەوە" پەیدابوونی كوردایەتی لە گۆنگەڵی ئەم شۆڕش‌و راپەرینە چەكدارانەی كوردانا بووە دژی داگیركەرانی كە لە نیوەی یەكەمی چەرخی نۆزدەهەمدا لە زۆر لای كوردستاندا روویداوە،بۆیە هەر لە پەیدابوونییەوە خەباتێكی شۆڕشگێڕانە بووە بە بیروباوەڕی شۆڕش فرچك دراوە هەر لە پەیدابوونییەوە مۆری شۆڕشی پێوە بووە. لە ڕێگای شۆڕش بەولاوە هیچ ڕێگەیەكی‌تری لە بەردەمی خۆی نەدیوە بۆ سەندنەوەی مافەكانی،بۆیە بە ناچاری "شۆڕش"ی كردووە بە "ڕێبازی" خۆی بە تایبەتی لە بەرئەوەش داگیركەران بە پەلاماردان‌و هێرش‌و دامركاندنەوەی عەسكەری ویستیان بە تەواوی كوردستان بە كۆت‌و بەندەگییەتی‌و دیلی لە پاشكۆی خۆیانەوە ببەستنەوە.هەروەها ماوەی هیچ خەباتێكی پەرلەمانی دەستوورییان لە ئاستی تێكۆشان نەبوو،تا كوردیش كەڵكی لێوەربگرێت،جگە لەمە ئەو ئامانجەی كوردایەتی هەیبوو ئامانجی سیاسی لە رزگاریی نەتەوایەتی‌و ئامانجی كۆمەڵایەتیی گەشەكردنی ناوەرۆكە سەرمایەدارییەكەی موجتەمەع بوو.

www.dengekan.com

هەوڵجار کوردایەتی لە ناو ئەمیرو دەسەڵاتدارانی کوردو پیاوانی دینیدا پەیدابوو،هەرچەندە بزووتنەوەکەش بە بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک بووە،بەڵام جڵەوی سەرکردەیی بە دەست چینی سەرەوەی موجتەمەعی کوردستان بووە کە شێوەیەکی دەرەبەگیو ناوەرۆکێکی (سەرمایەداری تیجاریو زراعی) هەبووە. بۆیە هەموو ئەو راپەڕینو شۆڕشانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کورد لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە دژی داگیرکەرانی عوسمانلی راپەڕینی چەکدارانەی عادیلانەو ئازادیخوازانە بوون،شۆڕشی رزگاری بووە،لە رووی عیلمییەوە دەتوانین بە (پڕاوەی شۆڕشی نیشتمانیی کوردیی) یان دابنێین،کوردایەتیی نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەهەمیش (کە بە شێوەی سەرەتاییو گەڵاڵەکراوو فەریک بووە) دەتوانین بە (پڕاوەی کوردایەتی) دابنێین،ئەو کوردایەتییەی کە لە شۆڕشی بەدرخان بەم لاوە وەک بزوتنەوەی رزگاریی کوردستان هاتووەتە روو. [3]

دیارە نووسەر پێی گونجاوترە،کە ئەو سەرەتایە لە شۆڕشی بەدرخان پاشا-وە سەرەتا بگرێت ئینجا باسکردنی کوردایەتیو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لە کوردایەتیو شێوەکانی کوردایەتیو لە پاڵ گەشەو پێشکەوتنو گۆڕانەکانی کوردایەتیدا بە گرێدانەوەیان بە بارودۆخی گۆڕاوی سەرەتاو ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا.

## بەشی دووەم

### مێژووی رۆژنامە

رۆژنامەگەریی بەشێکی دیارە بۆ نووسینەوەی مێژوو،کە وەک سەرچاوەیەکی بەڵگەدار پشتی پێ دەبەستریت،ئەم کتێبە بێجگە لە وردبوونەوە بۆ مێژووی کوردایەتی،واتە زنجیرەکانی مێژووی خەباتو تێکۆشانەکە سوودیان لێبینراوە،هەروەها وەک جۆرێک لەخەباتی سیاسیو ئاشتییش باس لەکاریگەریی دنیای رۆژنامەگەریی کراوە.

لەم کتێبەدا گرنگییەکی فرە بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیو لە کاتی پێویستدا بە رۆژنامەگەریی عەرەبیی عیراقی دراوە،لەو رووەوە سەیری ئەم چەند رستەیە دەکەین لە کتێبەکەدا:

"رۆژنامەی (کوردستان) لە لایەن هێندێ خوێندەواری کوردەوە دەرهێنرا..ل50".

"کۆمەڵی (هێڤی- هیوا) لەساڵی 1331ی هیجریدا یەکەم ژمارەی گۆڤارە هەفتەییەکەی خۆیان بە ناوی (رۆژی کورد)ەوە دەرچوواند، ژمارەی یەکەمی لە6ی حوزەیران بە وێنەی (صلاح الدین ایوبی)یەوە لەسەر بەرگی پێشەوەی،وەهی دووەمی لە6ی تەموزی 1331هیجریدا بە وێنەی (کەریم خانی زەند) لەسەر بەرگی یەکەمییەوە دەرچوون.پاشان ناوی ئەم گۆڤارە کرا بە (هەتاوی کورد)..ل56".

"لەساڵی 1933ی میلادییەوە کۆمەڵی لاوان دەستیان بە دەرچوواندنی (دیاری لاوان)ی ساڵانە کرد.لیژنەی بەڕێوەبەری ژمارەی ئەو ساڵەی کۆمەڵی لاوان بریتی بوو لە قوتابیانی کورد (حامد فەرەج

ئیبراهیم ئەحمەدو شاکر فەتاحو فازیل تاڵەبانی)..ل82".

"دوای شکاندنی شۆڕشی ئاراراتی (1930م) ئەمیرەکانی بەدرخان جەلادەتو کامەرانو هەڤاڵەکانیان گۆڤاری (هاوار)ی کوردیان دەرکرد..ل83".

"ساڵی (1939م) گۆڤاری گەلاوێژ دەرچوو لە لایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو گەلێ نووسەریتری کوردەوە..ل85".

"تاقمێ خوێندەواری مارکسی کورد لە شاری هەولێر پەیدابوو،هەر لەساڵی (1942)ەوە کاک ساڵح حەیدەریو رەشید قادرو نافع یونسو چەندین قوتابییتری کوردی دەستە چەپ هاتبوونە کۆڕی تێکۆشانەوە،بۆ ماوەیەک لەگەڵ چەند لاوێکیترا لەهەولێر (کۆمەڵی میللەت-جمعیة الشعب)یان پێکەوە نابوو،پاشان لەگەڵ جەماعەتی (الی الامام)و هێندێ تاقمی شیوعییتر لە عیراقدا پەیوەندییان بەستو پێکەوە (الحزب الشیوعی العراقی-وحدة النضال)یان دروستکرد کە کوردەکان دوو نوێنەریان لە قیادەی حزبەکەدا هەبوو (ساڵحو نافع)[4] و خۆشیان لقێکی کوردی حزبەکە بوون، گۆڤارێکیان بە کوردی بەناوی (یەکێتیی تێکۆشانەوە) [5] دەردەکرد پاشان هێندێ قوتابیی کۆییو سلێمانیو کرێکاریان لەکەرکوک بە گەل کەوت،ئەم تاقمە دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان خۆیان کرد بە (حزبی شیوعیی کوردستانی عیراق) کە گۆڤاری (شۆڕش)یان دەردەکردو هەر بەو ناوەشەوە ناونران،شۆڕشییەکان[6] لە ساڵی (1945)دا دوای دامەزراندنی خۆیان بە ماوەیەک (حزبی رزگاریی کورد)یان پێکهێنا بە هاوکاری لەگەڵ



هێندێ کۆنە هیوایی[7] وەک مامۆستا عەلی حەمدیو نوری شاوەیسو دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمو مەلا حەکیمی رەحمەتیو چەندانێکیتر،گۆڤاری (رزگاری) کرا بە ئۆرگانی حزبەکە..ل87".

"لە نیسانی 1943دا کۆبوونەوەی گردی (خولا پەرستە) لە پەنا مەهاباد بەسترا کە تیایدا نزیکەی (90) ئەندامی کۆمەڵە بەشداربوون لەم کۆبوونەوەیەدا گرنگترین دوو بڕیاریان دەرچوواندنی گۆڤاری (نیشتمان) بوو بە دزییەوە لەگەڵ پەیوەندیکردن بە سۆڤێتییەکانەوە کە ئەوسا لەشکریان لە ناوچەی موکریان بوو..ل88".

"لە ساڵی (1939-1942) جۆرە پەیوەندییەک بە ناوی (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان)ەوە پەیدابوو بوو کە ڕابەریان دکتۆر (کەریم زەندی)بوو،بەڵام هیچ پرۆگرامو گۆڤارو بلاوکراوەی دەورییان نەبوو..ل88".

"لەکاتی ئیعلانی دەستووری عوسمانلی دا (1908) کوردپەروەرەکان ملیان دایە حزبو کۆمەڵە دروستکردنو رۆژنامەو گۆڤار دەرکردن..ل114".

هەروەها بۆ پەیوەندیی خەباتی تێکۆشانی کوردو عەرەب لەسەر خاکی عیراقدا بە تایبەتی بۆ ئەو نووسەرانەی دەیانەوێت رایەڵی ئەو پەیوەندییە لە نێو رۆژنامەو گۆڤاردا بەدیی بکەن،ئەم پەرەگرافەش لە کتێبی ناوبراو وەردەگرین:

"لە دوای ساڵی 1930ی میلادییەوە لە عیراق تاقمی (الاهالی) پەیدابوون کەزۆربەیان لەو خوێندەوارە دیموکراتانەی وەک مامۆستا کامل چادرچیو مامۆستا عەبدولفەتاحو مامۆستا محەمەد حەدیدو مامۆستا عەزیز شەریفو هێندێ محامیتر

www.dengekan.com

بوون،کە لە دەوری تێکۆشەری ناوداری عیراق خوالێخۆشبوو جعفر ابو التمن کۆبووبوونەوە، ئەم تاقمە لە سەرەتادا ڕۆژنامەی (المبدآ)یان دەردەکرد کە مودیری مەسئولی پارێزەر حەسەن تاڵەبانی بوو،پاشان (البیان)و (الاهالی)یان دەرکرد،هەر بەو ناوەشەوە ناویان دەرکرد.ئەم خوێندەوارانەی عەرەب کە پاشان (نادی بغداد) کۆی دەکردنەوە هێندێ کوردیان لەگەڵ بوو وەک حەسەن تاڵەبانیو ڕەشید عارفو ئیبراهیم ئەحمەدو حەمزە عبداللەو عبدالصمد،بێ ئەوەی ئەمانە لەگەڵیان تێکەڵاو بن، واتە دۆستایەتیو پەیوەندییان هەبوو لەگەڵیاندا..ل83".

ئەگەر ئەو زانیارییانەی پێشەوە بۆ ئەمڕۆ هەندێکیان بابەتی وردو پڕ زانیارییتری بەدوادا هاتبێت،بەڵام بۆ ئەوێ ڕۆژێ دەتوانین بڵێین تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردووش زانیاریی تازە بابەت بوون،دیارە ئێمە لەو تازە بابەتییانەدا مەبەستمان زیاتر دنیای ڕۆژنامەگەریمانە،بەڵام ئەوەی جێگای گلەییو گازندەیە، دوای چاپکردنی ئەم کتێبە، بە تایبەتی ئەو چاپەی کە ئێمە باسی دەکەین،واتە چاپی سێیەم هیچ لەو چەند کتێبەی دوای ئەو دەرچوون [8] سوودیان لەزانیارییەکانی نەبینیووە؟! تۆ بڵێیت سانسۆری چاپو چاپخانە ڕێگای نەدابێت،یاخود دانە چاپکراوەکانی کتێبەکە لەبەر حوکمی ڕەشی دەسەڵاتداران زۆربەیان فەوتابن، ئەگەر نا زانیارییەکانی هیچ لەو زانیارییانە کەمترنین کەسوودیان لێبینراوەو دەستنیشان کراون،چونکە بە حەق زانیارییەکانی وردو گرنگن.

**گۆڤارو ڕۆژنامە وەک سەرچاوە**

یەکێک لەو سەرچاوانەی بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی کتێبەکە پشتی پێ بەستراوە،کۆمەڵێک وتارو نووسین بووە کە ئەوساو ئەو سەردەمە لە کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤاردا بڵاوکراونەتەوە،دیارە ناتوانرێت لە بابەتێکی لەو شێوەیەدا پەرەگرافو ڕستە لە هەر هەموویان وەربگرین،بۆیە هەوڵدەدەین،چەند نموونەیەک وەک بەڵگە بهێنینەوە:

"سیاسەتی شۆڤێنیو پان تورکیزمی لاوانی تورک- بووە هۆی پەیدابوونی فکرەی توندوتیژیی نەتەوایەتیو بزووتنەوەی لاوانی کورد،هەر وەک تەئسیری موعاکیسیشی لەلای عەرەبو ئەرنائوتو گەلانیتری ئیمپراتۆریەتی تورکیدا هەبوو- وتارێکی ئەبو قاسمی لاهووت بە ناوی (کوردستانو کوردەکان) لە(گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی نوێ)ی سۆڤێتیدا لەژمارە 4ی ساڵی 1923دا بڵاوکراوەتەوە..ل57".

"کۆسمۆپۆلۆتیزم:فکرەیەکی بۆرژوازیو کۆنەپەرستانەیە کە لە نێوان نیشتمانەکانو گەلەکانداو سەقافەتی قەومییان جیاوازیی نییە،داوا لە نەتەوەکان ئەکات وازبهێنن لەو خەباتەی لە پێناوی دەسەڵاتی نیشتمانیو سەربەخۆیی خۆیاندا دەیکەنو هەوڵدەدەن کە حکومەتێکی عالەمی دابمەزرێنن- بنواڕە ژمارە 1ی ڕۆژنامەی کوردستان [9]، مانگی مارتی 1961 وتاری کۆسمۆپۆلیتایەتی چییە؟ زەبیحی..ل158".هەروەها لە چەند شوێنێکیتردا سوود لەوتارەکانی زەبیحی وەرگیراوە،کە لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاویکردوونەتەوە، بە

تایبەتی وتارێکی کە لە ژمارە (5)ی ڕۆژی 1961/4/1دا بڵاوی کردووەتەوە.

"چاوخشاندنێک بە ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووەم تا ئێمڕۆ بە چاکی بۆمان دەردەخات کە چ پەیوەندییەکی بە هێزو بەتین هەیە لە نێوان دیموکراسیو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد.. سەروتاری ڕۆژنامەی خەبات،ژمارە 389ی ڕۆژی چوارشەممە 1960/12/21، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویەتی ..ل176".

"لە سەرەتای شەڕی جیهانیی دووەمەوە ئاڵای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە ناو چوارچێوەی عیراقدا بڵندکردووەتەوەو بە دڵسۆزییەوە داوای خەباتی موشتەرەکی کرد.. ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە 71ی ساڵی 1959..ل185".

هەر لەبەر گرنگیی وتارەکەی ژمارە (389)ی ڕۆژنامەی خەبات، چەند ڕستەیەکیتریش دەنووسینەوە:

"باوەڕمان بەوەیە کە چەسپاندنی ڕژێمی دیموکراسی ڕێگەیەکی سیاسییە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کەحوکمی کوردستان دەکەن..ل178".

هەروەها بۆ نووسینی ئەم کتێبە بێجگە لەو ژێدەرە ڕۆژنامە نووسییانەی دەستنیشانمان کردن سوود لە چەند ژێدەرێکیتریش وەرگیراوە،هەر وەک نموونە چەند ژمارەیەکیتری ڕۆژنامەی خەبات،وەک ژمارەکانی: (421)ی ڕۆژی 1961/2/2و ژمارە (158)و ژمارە (398)و ژمارە (392) سوودێکی گرنگتری ناوهێنانی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بۆ ئەو نووسەرانە بە کەڵک کە بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە سەبارەت بەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی دەکەن،کە کۆمەڵێک نووسینو وتار ساغکراوەتەوە،کەکێ خاوەنیانە، بەتایبەتی لە (ڕۆژنامەی خەباتو ڕۆژنامەی کوردستان)دا،لە پێش هەموویاندا نووسینەکانی ئیبراهیم ئەحمەدو عەبدولڕەحمان زەبیحی،کە لە زۆرکاتدا ئیمزای خۆیان واتە ناوی خۆیان لەسەر وتارەکانیان نەنووسیوە،کە لەو کتێبەدا کۆمەڵێک لەو وتارانە ساغکراوەنەتەوە.

**کاریگەریی ڕۆژنامە**

یەکێک لەو هۆکارە کاریگەرانەی بۆ جێبەجێکردنو پێشڤەچوونی بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان (کوردایەتی) باسی لێوەکراوە، هێزو تینی ڕۆژنامە بووە بۆ جۆشدانو سەقامگیربوونی ئەو خەباتە، کە هەردەم وەک هێزێکی زیندووی کاراو چالاک هەڵوەستەی بۆکراوە،دەکرێت بۆ سەلماندنی قسەکانمان چەند پەرەگرافو ڕستەیەک لە کتێبەکە وەربگرین:

"پەیڕەوکردنی سیاسەتی شۆڤێنی لە لایەن کاربەدەستانەوە،بووە هۆی ئازاردانی کوردپەروەرانو داخستنی قوتابخانەو ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆمەڵی قوتابیانی کورد..ل57".

"ڕۆژنامەکانی دنیا بە تایبەتی لە یەکێتیی سۆڤیاتیو بەریتانیاو فەرەنساو نەمساو لوبنانو سویسراو ئەڵمانیاو گەلێ وڵاتیتر زۆربەیان لەسەر کوردو کوردستان بڵاوکردەوەو تا ڕادەیەکی باش بە گەلانیان ناساند..ل97".

"لەکاتی باسکردنی تاکڕەویی نەتەوایەتی نووسراوە: (گاڵتەیان بەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی پارتی ئەکرد کە باسی خەباتی گەلانی ئەکرد)..ل167".

www.dengekan.com

بۆ کوردایەتیو دەستکەوتەکانی لە بەدیهێنانی سەربەستییە دیموکراتییەکاندا نووسراوە: "گۆڤارو رۆژنامەو چاپکراوی کوردیی زۆر ئەبێت..ل 181".

ئەمەو لە چەند شوێنێکیتریشدا لە کاریگەریی رۆژنامە دواوەو رۆژنامە بە هەند وەرگیراوە.

**ئەنجام**

ئەم کتێبە "کوردایەتی؛ بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە لە نووسینی جەلال تالەبانی،چاپی سێیەم-1966" کوردایەتیی وەک ناوێکی مێژوویی تایبەتی بۆ بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان باسی لێوەکراوەو سەرتاکەی بۆ شۆڕشی بەدرخانییەکان گەڕاندووەتەوە،ئینجا لە قۆناغی گەشەو پێشقەچوونەکانی کوردایەتی دواوە،بە تایبەتی کە خوێندەوارو خەڵکی رۆشنبیر چووەتە نێو کاروانی شۆڕش،کە بزووتنەوەکە بە پەیدابوونی کۆمەڵەو رێکخراو وابەست کراوە،پاشان کوردایەتی چۆن کەڵک لە دیموکراسی وەردەگرێت،هاوکاریو تەبایی لەگەڵ نەتەوەکانی دەرەوەو دراوسێش بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، ئەمە تا ئاستێک لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا گەڵاڵە کراوە،بەڵام لە بەشی دووەمدا کە خاڵی سەرەکیی باسەکەیە،ئایا چۆن کوردایەتی باسی رۆژنامەی کردووە؟ کە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگ خراوەتەسەر مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی،ئینجا چۆن بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان پێویستی بە کاریگەریی رۆژنامەگەریی بووەو تا چەند ئەو کاریگەرییە لەسەر بزوتنەوەکە رەنگیداوەتەوە، هەروەها چەند پەرەگرافو رستەیەکیش دەستنیشان کراوە،کە نووسەری کتێبەکە بۆ بە هێزکردنی بۆچوونەکانی نێو کتێبەکەی سوودی لە رۆژنامەکان بینیووە.

## پەراوێزو سەرچاوە

1- جەلال تاڵەبانی،کوردایەتی بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە،چاپی سێیەم، لەچاپکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-1966،لاپەڕە 3.
2- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4- واتە ساڵح حەیدەریو نافع یونس.
5- واتە یەکێتیی تێکۆشین.

www.dengekan.com

6- ئەوانەی گۆڤاری (شۆڕش) یان دەردەکرد،واتە ئەندامانی (حزبی شیوعیی کوردستانی عیراق).

7- واتە ئەوانەی سەر بە(حزبی هیوا) بوون.

8- زیاتر مەبەستمان ئەو کتێبانەیە کە تایبەتن بە بواری ڕۆژنامەگەرییەوە: (مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی،جەبار جەباری-1970/ رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردیی،جەمال خەزنەدار، 1973/ تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا،د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، 1978.. هتد).

9- واتە ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لە مانگی مارتو نیسانی 1961 تەنیا پێنج ژمارەی ڕێگای پێدرا بڵاوبکرێتەوە.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە ڕۆژی 2003/1/8 لە لاپەڕە 8ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.**



# ڕوناکیو پێشەکییەکەی
## د.کوردستان موکریانی

**سەرەتا**

دەمێک بوو بیرم لە پڕۆژەی چاپکردنەوەی کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی دەکردەوە،کە شوێن دەستیان لە مێژووی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەماندا هەبووەو دەشێت ئەمڕۆ بە تیرازترو شێوە چاپیتر بخرێنە بەردەم خوێنەران،یەکێک لەو

www.dengekan.com

گۆڤارانەی لە لای خۆم ناونووسم کردبوو گۆڤاری روناکی بوو،نەبوونی کاتو سەرقاڵ بوونم بەکارو خوێندن،هەرچەندم دەکرد بوارم بۆ نەدەرەخسا ئیش لەو پرۆژەیەدا بکەم،بەڵام کە هەوارم لە دەرەوەی کوردستان خست،کەوتمە گەڵاڵەکردنی فکرەی ئیشکردنەکەو لە گۆڤاری (روناکی)یەوە دەستمپێکرد، سەرەتا زۆربەی ژمارەکانم دەستکەوت، بەڵام ئەوەندەی هەوڵمدا لە دەرەوە تەواوی ژمارەکانم بۆ پەیدانەدەکراو هانام بۆ وڵات برد، سوپاسی د. ئەمیر شیت مستەفا واتە کوڕی بەڕێوەبەری لێپرسراوی گۆڤاری روناکی دەکەم کە هەموو ژمارەکانی بۆ ناردم،دیارە پێش ئەو هەوڵە وامزانی د.کوردستان موکریانی هەر لە هۆڵەندا ماوە ژمارەی تەلەفۆنەکەیم وەرگرت کەچی دیاربوو سەفەری کردبوو،بەکورتی ئیشکردنەکەم دواکەوت،دواکەوتنەکەش خێری بۆ گیرفانم لێکەوتەوە،چونکە پارەی چاپکردنەوەی گۆڤاری (روناکی) بۆ گەڕاندمەوەو کتێبە چاپکراوەکەی د.کوردستان-م پێگەیشت (روناکی 1935/10/24 - 1936/5/16 یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ئامادەکردنو پێشەکی د.کوردستان موکریانی)[1] دوای بە دەستکەوتنی دانەیەک لەو کتێبە هەڵوەستەیەکم کردو کاری چاپکردنەوەکەی خۆم وەستاند،پێشەکی سوپاسێکی گەرمی د.کوردستان دەکەم بۆ ئەو کارەیو هیوادارم بەم زووانەش چاومان بە چاپکردنەوەی زاری کرمانجیو تەواوی بەرهەمو نووسینەکانی خوالێخۆشبووان حوزنیو گیو رۆشنتربێت.

دیارە منیش لەو یەک دوو مانگە پچڕپچڕەی کارکردنم بۆ ئامادەکردنی گۆڤارەکە بۆ چاپو ئامادەکردنی سەرەتایەکیش بۆ گۆڤارەکە چەندین سەرچاوەم بۆی کۆکردبۆوەو رەشنوسی نووسینێکیشم پێکەوەنابوو، ئیتر لەکاتی خوێندنەوەی پێشەکییەکەی د.کوردستان بۆ ئەو چاپەو هەڵگێرو وەرگێڕکردنەوەی کاغەزەکانم،ئەم سەرنجانەم لەلا دروست بوو،کە تەنیا تایبەتن بە پێشەکییەکی د.کوردستانو ئومێد دەکەم وەک چەند سەرەقەڵەمێک بۆ خزمەت بە گۆڤارەکە وەریبگرێت.

## روناکی یان رووناکیو زمان

لە هەر یازدە ژمارەکەی گۆڤاری (روناکی)دا وشەکە بەم شێوەیە نووسراوە(روناکی) ئەمەو لە هەموو لاپەڕەکانیشدا وشەی (روناکی) دووبارەکراوەتەوە،بەڵام د.کوردستان ناوی کتێبەکەی کردۆتەوە (رووناکی) راستە ئەگەر لە ناوی گۆڤارەکە کە بە پیتی ئینگلیزی نووسراوە وردبینەوە ئەوانیش -روناکی-یان پێڕاستر بووە بەڕای ئێمە پێویست بوو بەڕێزیان بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو دوو رێنوسە،واتە کوردیو پیتە ئینگلیزییەکان بخاتەڕوو،چونکە نەنووسینی (و) بۆ وشەی (روناکی) بۆ چاپخانە کێشەی نەبووە،چونکە ناوی گۆڤارەکە کلێشەی ئامادەکراو بووە،تا ئەگەر کلێشەش نەبێت لەپیتچنیندا ئەگەر (و)ێک رێکبخرێت،دوو (و)یش رێکدەخرێت،بەڵگەش بۆ ئەمە لە گۆڤارەکەدا لە چەند شوێنێک دوو (و) بەکارهاتووە،تا محەمەد زادەی خۆشنووسیش وشەی (رووناکی)یەکەی بە هەمان چەشنە خەتی (روناکی) نووسیوەتەوە،کە بەڕای ئێمە دەتوانرا لە ناونیشانی (گۆڤاری رووناکیو زمان،ل18) ئاوڕێکیش لە وشەکە

بدرێتەوە،چونکە روناکی بە هەق
گۆڤارێکە دەتوانرێت لە زۆر رووەوە
لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت،بۆ
نموونە هەر سەبارەت بە بواری زمانو
رێنووس لە بەرگی پێشەوەی ژمارە 1 تا
ژمارە 6 لە سەرووی ناونیشانی
بابەتەکان وشەی (فهرست)
نووسراوە،بەڵام لەژمارە (7) تادوا
ژمارە واتە ژمارە 11 وشەکە بۆتە (پی
رست) لەژمارە (1)و (2) لەلاپەڕە (1)دا
لەژێر وشەی روناکی نووسراوە:
(کووارێکی هەفتەی علمی اجتماعی
ادبی کوردیە) بەڵام لەژمارە (3)ەوە تا
دواژمارە ئەم رستەیە بەم شێوەیە
نووسراوە: (کوارێکی هەفتەی علمی
اجتماعیو ادبی کوردیە) واتە (و)ێک
لەوشەی (کووارێکی) قرتێنراوەو لە
دوای وشەی (اجتماعی)یش (و)ێک
زیادکراوە،یان لە بەرگی دواوەی ژمارە
(1)و (2)دا وشەی (کوواریکە لە
ژمارەکانیدا..) نووسراوە،کەچی لە
ژمارە (3)ەوە تا دواژمارە ئەو دوو
وشەیە بەم شێوەیەی لێهاتووە
(کوڤاریکە لەژمارەکانیدا..) دیارە
هەڵوەستەکردن بەرامبەر ئەو چەند
وشەو رستەیە تەنیا بۆ نموونەیە،کە بە
رای ئێمە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە
گۆڤارێکی وەک روناکیدا دەشێتو
پێویستە لایەنی زمانو رێنووسەکەشی
قسەی لەسەربکرێت،چونکە گۆڤارەکە
لە قۆناغێکی مێژوویی حەساسدا
دەرچووەو ئەو سەردەمەش زمانو
رێنووسی کوردی لە کوردستان بە
گشتیو لە شارێکی وەک هەولێر ئەرکو
ماندووبوونێکی زۆری دەویست،
نەخوازەڵلا گەڕانو دۆزینەوەی وشەو
زاراوەی رەسەنی کوردی یاخود
داڕشتنی زاراوەی تازە بەرامبەر بە
هەندێک ناو کە ڕۆژنامەگەریی کوردی
تا ئەوسا پێی نامۆ بووە،هەربۆیە
نووسینی (روناکی) بە رێنووسی کوردی
بەو شێوەیەی پێشەوەو بە پیتی
ئینگلیزیش لێدوانو قسەی وردی
دەوێتو پێویستی دەکرد د.کوردستان بە
بەڵگەی زمانەوانییەوە بیروڕای خۆی
بنووسێت.

**حوزنیو شیت**

بە داخەوە د.کوردستان لە
سەرتاپای ئەو پێشەکییەدا هەوڵی داوە
کارو کردەوەی شیت مستەفا لە
گۆڤارەکە کەمبکاتەوە، یاخود
فەرامۆشی بکات،هەر بۆ نموونە ئێستا
چەند رستەیەک لە قسەکانی
کوردستان دەنووسینەوە کە
هەستدەکرێت ئەو مەبەستەی هەبووە؛
(لە گۆڤاری روناکیدا بە هەشتی شیت
مستەفای پارێزەر بەڕێوەبەری
بەرپرسی کۆڤارەکە بووە،بەڵام حوزنی
دامەزرێنەر، بەڕێوەبەری
کارگێڕی،سەرنووسەر،هەڵەچنیو..
کۆڤارەکە بووە. ل3)یان نووسیویەتی؛
(زۆربەی ئەو بابەتانەی،کە لە
ژمارەکانی بەرایی کۆڤاری رووناکیدا
پەخشکراون بە خامەی رەنگینی حوزنی
نووسراون چ بە نێوی تەواوی خۆی
حوسێن حوزنی یا لە ژێرنێوی
خواستەمەنی: دڵسۆزێکی نزیک، ر.
،روناکی،ئۆمەچی،رزگاربو، س.ح، ح.ج،
ب.ج، شیت مستەفاش لە هەریازدە
ژمارەدا چوار بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
ل3-4).

هەروەها تا لەو رستەو
پەرەگرافانەی کە بۆ ناونیشانی
(رووناکیو یادکردنەوەی)
وەریگرتوون،بریتیە لە کۆمەڵێک
پەرەگرافو لەو نووسینانەی وەرگرتوون
کە لە گۆڤارەکە دواون لەوێش

www.dengekan.com

هەوڵیداوە قورسایی شیت لەسەر رووبەری گۆڤارەکە کەمبکاتەوە،دیارە پێویست ناکات ئەو پەرەگرافانەش بنووسینەوە خوێنەران دەتوانن جارێکیتر سەیری لاپەڕەکانی (4،5،6،7)ی کتێبەکە بکەن،ئەمەو تا لە سەربەرگی کتێبەکەش تەنیا وێنەی حوزنی دابەزاندووە،کە پێویست بوو وێنەی شیت مستەفاش دابـبەزێت،ئەوە لەحاڵەتی وەک ئێستادا کە بڕیاردراوە وێنە لەسەر بەرگی کتێبەکە دابـبەزێت،بۆچوونێکیتریش دەردەبڕم،کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ قسەکە کۆک نیم، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر (روناکی) تەنیا وەک گۆڤارێکی بڵاوکراوە وەربگرین تەنیا شیت مستەفا هەقی بەسەر گۆڤارەکەوە هەیە، بۆ؟ چونکە وەک خاوەنو بەڕێوەبەری گۆڤارەکە تەنیا ناوی ئەو بەسەر روناکی دیارە،دەتوانرێت سەید حسێن حوزنی موکریانی وەک نووسەرێکی بەردەوامی گۆڤارەکە حسابی بۆ بکرێت،ئەمە لە بارێکدا،بەڵام بڵێینو نەڵێین حوزنی لە پاڵ شیت مستەفادا رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دەرکردنی گۆڤاری ناوبراودا.

هەروەها هەر لە دوو توێی ئەم سەرنێوەدا سەرنجێکیتر ئاڕاستەی د.کوردستان دەکەم،ئایا بۆچی ژمارەکانی لەبەر ژمارە ئەسڵییەکانی گۆڤارەکە چاپ نەکردۆتەوە؟ بۆچی ئەو ژمارانەی وەرگرتووە کە مۆری حسێن حزنی موکریانی لێدراوە؟ وەک بەرگی دەرەوەو لاپەڕە (1)و دوابەرگ بەلای ناوەوەی ژمارەکانی (1)و (2)و لاپەڕە (9)ی ژمارە (4)و(5)، ژمارە (7)یش هەمدیسان لە چەند شوێنێک ئەو مۆرەی لێدراوە،ئایا ئەمەش بۆ هاوسەنگو یاخود بەلاداکەوتنی قورسایی شیتو حوزنی لە دووتوێی گۆڤارەکەدا نییە! ئەگەر لەم رووەوە لاپەڕە حەوتی کتێبەکە هەڵبدەینەوە لە پەرەگرافێکدا ئەوەش دەسەلمێنرێت کە شیت پێش دەرکردنی گۆڤاری روناکی بیرۆکەی ئەوەی هەبووە کە رۆژنامەیەک لە هەولێر دەربکات،فەرموون ئەمە قسەی حوزنی رەحمەتییە؛(یەکێک لە بنەماڵە بە ناوبانگەکانی هەولێر،لاوێکی تازە پێگەیشتووی لە حقوق مەئزوون تەقەلای دابوو ئیمتیازی رۆژنامەیەک وەرگرێت) [2] ،ئەمانەی پێشەوە کورتەی ئاماژەکانی د.کوردستان بوون سەبارەت بە رۆڵی حوزنیو شیت لەگۆڤاری (روناکی)دا،بەڵام د.ئەمیر شیت مستەفا چەلەبی لەگەڵ ژمارەکانی روناکی کە لە هەولێرەوە بۆی ناردووم نووسینێکی کورتی دەربارەی گۆڤاری روناکی نووسیوە دەتوانرێت بە کۆمەڵێک سەرەقەڵەمی زیرەکانە بدرێتە قەڵەم بە تایبەتی بۆ پەیوەندی شیتو حوزنی بەم جۆرە باسیان دەکات: (گۆڤارەکە لەلایەن دوو کەسەوە دەرچووە کە بە رواڵەت لە یەک دوورو لە ڕاستیشدا زۆر لە یەک نزیک بوون،حسێن حوزنی موکریانی مێژوونووسی بە سالاچوو کە رۆژگار تاڵیو سوێرییەکی زۆری پێچێشتبوو لەکوردستانی ئێرانەوە ئاوارەی شامو حەلەبو رواندزی کردبوو و لە مێژ نەبوو لە شاری هەولێردا گیرسابووەوە،شیت مستەفای گەنجو خاوەن بڕوانامەی زانکۆ،کە لە باوەشی یەکێک لە بنەماڵە ناسراوو خواپێداوەکانی شاری هەولێر پەروەردەکرابوو، بەڵام هەستی نەتەوەییو خۆشەویستی کوردستانو وشەی پیرۆزی کوردی هێندە لە یەکتریان نزیک کردبوونەوە کە هەوڵو

www.dengekan.com

تەقەڵای هەردووکیان تەنیا بۆ سەرکەوتنو پێشخستنی گۆڤارەکە بێت).

کۆکردنەوەو کۆلاجکردنی ئەو بۆچوونو بیروڕایانەی پێشەوە لە قەڵەمی حوزنی کەم ناکاتەوە،بەڵکو رۆشناییەکیتر بە کارو کردەوەکانی دەبەخشێتو کۆمەڵێک دەستەواژەش رووندەکەنەوە کە لە خزمەتی ئەو نەمرەدایە.

## پەراوێزێک بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی شاری هەولێر

د.کوردستان لە لاپەڕە چواردا،کە دێتەسەر مێژووی رۆژنامەگەریی شاری هەولێر،ئەو مێژووە بە پەراوێزێکی شێواوی چەند دێڕە کۆتایی پێدێنێت،مەجبوورین وەڵامی ئەو ریزبەندە شێوێنراوە بدەینەوە،نەخوازەڵلا ئەگەر بە ئەنقەست ناوی کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤار فەرامۆشکرابن،دیارە هەر کەسێک ئەو پەراوێزە بخوێنێتەوە هەستدەکات کە ئەو ناوانە بە ئەنقەست ریزکراونو ناوەکانیتریش هەمیسان بە ئەنقەست فەرامۆشکراون،بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پەراوێزە،پەرەگرافێکیتر هەر لەم لاپەڕە ناوبراوەدا تەواو دەکەین،یاخود باشترە بڵێین زیاد دەکەین، بەڕێزیان دەڵێت: (بە دامەزراندنی چاپخانەو ئەو دیاردە شارستانییەو هەڵهاتنی خۆری کۆڤاری رووناکیو خێرا ئاوابوونی بوونە هۆی داواکردنو پێویستی هەبوونی رۆژنامە یان کۆڤارێک بە زمانی کوردی لەشاری هەولێردا،ئەوە بوو ناوە کۆڤارێک یان رۆژنامەیەک لەم بازێڕەدا دەرچووە وەک رۆژنامەی هەولێر 1950 تا 1953، کۆڤاری هەتاو 1954-1961،رۆژنامەی هەولێر 1962-1963،کۆڤاری تیشک 1969-1970،کۆڤاری چیا 1970-1971،کۆڤاری بیری نوێ 1972،کۆڤاری بۆپێشەوە 1973، کۆڤاری رۆشنبیر 1973، کۆڤاری خانزاد 1982-1983،کۆڤاری کاروان 1982 تائێستاو کۆڤاری ئۆتۆنۆمی 1976-1990)[3] بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی شاری هەولێر بێجگە لەم ناوانە هێشتا ناویتر ماون کە بەسەر بەڕێزیان تێپەڕیوون وەک (رۆژنامەی هەتاو 1948،گۆڤاری ژیان 1959،رەهێڵە 1971،بەرەو رووناکی 1972،نووسەری نوێ 1972-1980، کاروان 1975،ئابووریزان 1980-1982، کشتوکاڵ 1982،ئەدەبی بێگانان 1982-1983،هاودەنگ 1983-1984، ئاسۆس 1984،فۆلکلۆر1984-1991، ئەدەبی منداڵان 1985-1991،تەندروستیو کۆمەڵ 1987-1991،گۆڤاری کاروان چوار پاشکۆی هەبووە وەک کاروانی وەرزش 1985-1990، کاروانی منداڵان 1990،کاروانی فۆلکلۆر 1990،کاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی،هەروەها حزبو رێکخراوە سیاسییە کوردو کوردستانییەکان لە ناو هەولێرو لە سنووری پارێزگای هەولێردا کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیان بە نهێنی دەرکردووە[4].

هەر بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی شاری هەولێر ئایا گۆڤاری زاری کرمانجی (1926-1932) کە لەو مێژووەدا لە شارۆچکەی رواندز دەرچووە بۆ ناخرێتە ناو چوارچێوەی ئەو مێژووەی شاری هەولێر؟ ئایا ئەو کاتە تابە ئەمڕۆش دەگات رواندز سەر بە پارێزگا (لیوا)ی هەولێر نەبووەو نییە؟ بۆ ئاساییە (بانگی هەق) کە ساڵی 1923 لە ئەشکەوتی (جاسەنە)ی ناوچەی سورداش دەرچووە بخرێتە ناو

www.dengekan.com

چوارچێوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی شاری سلێمانییەوە، کەچی زاری کرمانجی لەو چوارچێوەیەوە دەربخرێت؟ ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکیش بە زمانی عەرەبی چاپکراون ئایا دەچنە خانەی ڕۆژنامەگەریی کوردیو ڕۆژنامەگەریی شارەکەوە؟ بەڵێ،یەکەم؛ ئەگەر خزمەت بە کوردو کێشەی کوردو شارەکە بکەن،دووەم؛ئەگەر لە شارەکە دەربچن، سێیەم؛ ڕێکخراوێکی پیشەیی یاخود حزبێکی سیاسیی لەشارەکە دەریبکات،

وەک (الامل 1956، الاخلاص 1961، البدایة 1972) ئەم گۆڤارانەش هەم لە هەولێر دەرچوونە، هەم خزمەتی هەولێرییان کردووە،کەچی د.کوردستان باسی نەکردوون.

ئەمە تاڕاپەڕینی 1991،بەڵام بۆ دوای ڕاپەڕینەکە د.کوردستان پەرەگرافێکی نووسیوەو دەڵێت: (لە دوای ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ساڵی 1991و هەڵاتنی ڕۆژی ئازادی لە کورد بە ڕادەیەک ڕۆژنامەو کۆڤار لە هەولێری پایتەختدا بڵاودەکرێنەوە،لە سەرتاپای کوردستاندا شاری هەولێریان کردۆتە پایتەختی ڕۆشنبیریش)[5] ئیتر دوای تەواوبوونی ئەو پەرەگرافە ئەستێرەیەکی داناوەو ئەو پەراوێزەی نووسیوەتەوە کە ئێمە مەبەستمانەو وەکو لە پێشەوە وتم بڕیارە قسەی لەسەر بکەین،لەو پەراوێزەدا زیاتر شەرح دەداتە پەرەگرافەکەو دەیەوێت بە خوێنەرانی کتێبەکەی بڵێت کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە پلەی یەکەم تەنیا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە لە هەولێر دەرچوونە وەک ئەو لە پەراوێزەکەدا ناویانی هێناوەو ڕیزی



کردوون،پەراوێزەکەی بەم شێوەیە داڕشتوە؛ (لەو گۆڤارانەی کە لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا پەخشکراونو زۆربەیان ئێستەش هەر لەگەڕدان[6]، هەنگ،دەنگی ئافرەت،دەنگی پێشمەرگە، ڕوناهی،خەبات، برایەتی، پێشکەوتن، خەباتی قوتابیان، سینەماو شانۆ، هەرێم،دجلە، شانەدەر، ئاسۆی فۆلکلۆر، زاگرۆس، کشتوکاڵ،خۆریئیسلام،تەندرووستی،کاروانیئەکادیمی،بارش(بەتورکمانی) سروشت،وەرگێڕانی، گوڵان، سەنتەری برایەتی گوڵانی عەرەبی، ڕامان، هەولێر، ئاسۆی پەروەردە، پەیامی مامۆستا، مەلامەشهورو..)، ئەم (واو)ەیکە لە دوای مەلا مەشهوورەکەی نووسیوە واتە گۆڤارو ڕۆژنامەیتریش هەن،د.کوردستان بۆ ئەو ناوانەی کە ڕیزیکردوون یەک ئاسانکاری وردی تیایە ئەویش ئەوەیە،کە ئەو ناوانە هەموویان تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق ڕاستەوخۆ دەریکردوون یان ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکانی پارتیی ناوبراو دەریکردوون،یاخود دامو دەزگا ئیدارییەکانی ئەو حزبە سەرپەرشتی کردوونو لەو (29) ناوەی کەڕیزیکردوون، (20)یان لە دوای 1996/8/31 دەستیان بە دەرچوونو بڵاوکردنەوە کردووە.

پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا دوای ڕاپەڕینی 1991، ئەو پایتەختە ڕۆشنبیرییە بە(واو)ەکەی دوای مەلامەشهور کۆتایی دێت؟! ئەوەندەی ئێمە بزانینو ئاگاداربین،هەر لە ڕۆژانی گەرمی ڕاپەڕینەوە تا ئەو ڕۆژەی د.کوردستان پێشەکییەکەی تیایە نووسیوەتەوە شاری هەولێر

www.dengekan.com

خاوەنی دەیان گۆڤارو رۆژنامەیترە،کە حزبو رێکخراوی سیاسیی کوردو کوردستانی دەریکردوون،یاخود ئیدارەی حکومەتەکەی پارتی دەریکردووە،دیارە ناوهێنانی دەیان رۆژنامەو گۆڤار راستە شوێن داگیردەکات،بەڵام بۆ کاری زانستی پانتایی حیسابێکی ئەوەندە وردی بۆ ناکرێت،بەڵکو بەڵگەی زیاتر،کاری وەڵامدانەوەی بەرهەمەکان زانستیتر دەکات.

ئێستا دەست بە ریزبەندکردنی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە دەکەین کە بەرێزیان لەو پەراوێزەدا فەرامۆشیکردوون؛

(سێبەر،راستی،مافناس،پەرەسێلکە،کۆنگرە،قەرەچوغ، دەنگی ئافرەت، زەنگ، مەم، پارێزگاران، تامان، ئاوەدانی، کوردستانینوێ، ئابووری، پەریستان کادر، لاوک، مافپەروەر، وەرزشولاوان، سیاسەتیدەولی، یەکگرتن، خاک، دەنگیبێکاران، ئەنجومەن، نیشتمان، هەولێر،نۆشدار،ئاڵای ئیسلامی، پەیامیوەرگێڕ، پارزینگ، زایەڵە، ژارەبا، ئەستێرە، ولات، رێگایرەنجدەران،خامە،رزگاری ،کازیوە،دەنگیمیللەت،ئاڵایهەڵبژاردن، شەمالک، رێگایدیموکراسی، سیڤەر،دمدم،دەنگێک،وێران، پێشمەرگە، رێبازیئازادی، واژە، یەکگرتوو،دەنگیداد،راپەڕین، ئەشکەوت،دۆزینەوە، نما،تەکان، رزگاری ، رەوشەن،هێڤی، ئێستا، الاتحاد ، الاتحادالدولی، میدیا، سەربەخۆبوون، تاو، مانگرتن، دەنگی زانکۆ،بانگی مرۆڤ،چرۆ، پەیامی زانکۆ، روانگەی جیهان، گۆڤاری زانکۆ، پاڵە، هەژێن، ئایندە، نووسەری نوێ، هاواری کەرکوک.. هتد) [7]

ئاساییە نووسەریتر کۆمەڵێک ناویتر بۆ ئەم ناوانەی من زیاد بکات،چونکە دڵنیام هێشتا چەندان ناویتر ماون یان لە بیرم چوونەتەوە،یاخود ئێستا لەبەردەستم نین تابیانووسمەوە،هەروەها نەمویست ناوی کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤاریتری وەک:

(ئاڵایئازادی، الشرارە، رێگایکوردستان، رێبازینوێ، راپەڕین، رێگای ئازادی، رابوون، بزوتنەوەی ئیسلامی، گەل، ئاسۆیگەل، پێشەنگ، نۆژەن،ئاڵای شۆڕش، ژیانی نوێ، بیری نوێ..هتد) فەرامۆش بکەم،کە وەک درێژەپێدەری رۆژگاری نهێنییان لە دوای راپەڕین لە هەولێر بە ئاشکرا چاپکراونو بڵاوکراونەتەوە،ئینجا هەیانە تا ئێستاش دەردەچێتو هەیانە لە دەرچوون وەستاوە،بۆی هەیە د. کوردستان بڵێت ریزبەندکردنی ئەم ناوانە کاری من نییە! بۆ ئێمەش هەیە دوو پرسیاری ساکار لەبەرێزیان بکەین ئایا ئەوە نییە پەراوێزێکت بۆ چەند ناوێک کردۆتەوە؟ ئەی بۆچی تەنیا ئەو چەند ناوەت ناوبژێر کردووە؟

بەرێزیان لەسەر بەرگی گۆڤارەکەی نووسیوە (یەکەمین کۆڤاری کوردیی شاری هەولێر) رازین، یەکەم: ئەگەر گۆڤاری زاری کرمانجی تەنیا وابەستە بکەین بە شارۆچکەی رواندز،حیسابی شارو پارێزگا وەک یەکەیەکی جوگرافیا نەهێنینە ئاراوە! ئاخۆ نەدەکرا لە پەراوێزێکدا یاخود هەر لەگەڵ پەراوێزە ناوبراوەکەی لاپەڕە چواردا لە ژێرەوە بنووسرێت، هەروەک چۆن روناکی بە یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر دادەنرێت،رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ش یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە کە لە شاری هەولێر رۆژی 1992/1/12 تا 1996/8/30 بەبێ وەستان رۆژانە لە

هەولێر كارەكانی رایی كراونو دەرچووە، وەك دەزانرێت رۆژنامەكە پاشان لە شاری سلێمانی درێژەی بە دەرچوون داوە!چونكە وەك چۆن گۆڤاری روناكی رووداوێكی گرنگو بە نرخی بواری رۆژنامەگەریی شاری هەولێرە،رۆژنامەی كوردستانی نوێ- ش وەك یەكەمین رۆژنامەی رۆژانەی كوردی كە لە هەولێر دەرچووە،هەمدیسان رووداوێكی گرنگە هەم بۆ كوردستان هەم بۆ مێژووی شارەكە.

**بۆ روناكیو یادكردنەوەی**

یەكێك لەو سەرناوانەی كە لە لاپەڕە چواری كتێبەكەدا دابەزیووە بریتییە لە (روناكیو یادكردنەوەی) كە بەڕێزیان لە چەند پەرەگرافێكدا بیرورای كۆمەڵێك نووسەری نووسیوەتەوە كە لە سەرچاوەی جیاجیادا لە گۆڤاری روناكی دواون،دیارە ئەم نووسینانە هەموو ئەو نووسینانە نین كە سەبارەت بە گۆڤاری روناكی نووسراون،لەم بوارەدا د.كوردستان دەبوایە كتێبخانەی كوردی وردتر بگەڕابایە،هەر بۆ نموونە من لە دەرەوەی وڵاتمو دوورم لە سەرچاوەی زۆرو كتێبخانەی كوردی دەوڵەمەند، بەڵام هەر وەك نموونە دەتوانم سێ بۆچوونیتر لەمەڕ گۆڤارەكە بۆ نووسینەكەی بەڕێزیان زیادبكەم،كە دڵنیام سەرچاوەیتریش ماون.

نزار جەرجیس عەلی؛ (بە هۆی ئەو كێشانەی بۆ گۆڤاری زاری كرمانجی دروستدەكرا ساڵی 1932 لە دەرچوون وەستا،ئەو كێشانەش لە لایەن دەسەڵاتی حكومەتی بەكرێگیراو یاخود ئەو گروپە كۆنەپەرستانەی پێوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەبوو گۆڤارەكە داخرا،بەڵام خاوەنەكەی خوالێخۆشبوو



حسێن حوزنی موكریانی تەسلیمی نائومێدی نەبوو،بەڵكو ئاواتەكانی هانیاندا كە بیر لە پرۆژەیەكی نوێی رۆژنامەگەریی بكاتەوە بۆ تەواوكردنی ئەو شتانەی كە سەرەتاكەی بەهۆی زاری كرمانجییەوە دەستی پێكردبوو، هەربۆیە پاش ماوەیەكی كەم خایەن بە تەواوی بیری لە پرۆژەی دەركردنی گۆڤارێكیتر كردەوە تا كاروانی زاری كرمانجی بەردەوام بكاتو ئەو ئامانجانەش جێبەجێبكات كە ئەو گۆڤارە نەیتوانی جێبەجێیان بكات، لە ساڵی 1935 فكرەكە لەلایەن حسێن حوزنی پێگەیشتو لەگەڵ پارێزەر محەمەد شێت مستەفا رێككەوتن كە گۆڤارێكی نوێ لە هەولێر بە ناوی روناكی دەربكەن[8]

فاروق عەلی عومەر؛(خاوەنی - روناكی-و بەڕێوەبەری بەرپرسی شێت مستەفای پارێزەرە،نووسەرانیشی حوسێن حوزنی موكریانی دوو لە سەرسێی بابەتەكانی ژمارە بەراییەكانی دەنووسیو محەمەد عەلی كوردیو شێت مستەفاو مەحمود فەهمیو محەمەد جەمیل رۆژبەیانیو كانیو گیوی موكریانیو سەعید ناكامو ئیسماعیل حەقی شاوەیسو یونس مستەفا دڵدارو كەسانیدی بوون)[9]

ئیسماعیل بەرزنجی-یش لەوتارێكدا بەناوی پارێزەر شێت مستەفا چەلەبی نووسەرو رۆژنامەنووس[10]، دەربارەی گۆڤاری روناكی نووسیویەتی؛ (ژمارەی یەكەمی گۆڤاری روناكی لە 1935/10/24 دەرچوووەو دوا ژمارەشی لە1936/5/16دا دەرچووە،سەرجەم یازدە ژمارەی لێدەرچووە)، لە شوێنێكیتردا دەڵێت؛ (لەو یازدە ژمارەیە چەندان نووسەری دیار بە بابەتەكانیان روناكی-یان رازاندۆتەوە،

www.dengekan.com

لەمانە شێت مستەفا کە سەرەڕای ئەوەی مودیری مەسئولی گۆڤارەکەبووە،لە زۆر ژمارەشدا بابەتی نووسیوە،حوسێن حوزنی، دڵدار،سەعید ناکام،مەحمود فەهمی،ئیسماعیل عەلی،محەمەد عەلی کوردی،جەمال ئەحمەد،کانی،هیجری دەدە،ئەبوبەکر هەوری،یونس مستەفا،گیو موکریانی، بێخود، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) جگە لە هەندێک نووسەر کە بە نازناو بابەتیان نووسیوە.

بەڕای ئێمە ئەگەر گەشتێکی وردتر بە دنیای ڕۆژنامەگەریی و کتێبو کتێبخانەی کوردیدا بکرێت چەندان نووسینو وتارو بەسەرکردنەوەیتر لەسەر گۆڤارەکە نووسراونو ئامادەکراون،بۆ پەرەگرافە بڵاوکراوەکانی ژێر ناونیشانی (روناکیو یادکردنەوەی)ش دوو سەرنج دەردەبڕم کە ئومێد دەکەم ئەو دوو سەرنجەش وەک دوو ئیزافە بۆ سەر بابەتەکە بدرێنە قەڵەم،یەکەم: نازانم بۆ پەراوێزەکان ژمارەیان بۆ دانەنراوە کە خوێنەر ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەدا وریانەبێت لە لاپەڕەکانی (20-21)دا ژێدەرەکانی لێ تێکەڵاو دەبێت،چونکە تا لە لاپەڕەکانی (4،5،6،7)ی نووسینەکەشدا ژمارە دانەنراوە، دووەم: د.کوردستان سەبارەت بە هەڵەو کەموکوڕییەکانی ئەو بۆچوونانەی ڕیزی کردوون بۆچوونی خۆی بنووسیبایە باشتر بوو، بۆ نموونە ئیدریس لاوە دەڵێت شێت مستەفا ساڵی (1913) لەدایک بووە،کەچی کەریم شارەزا دەڵێت ساڵی 1914 لەدایک بووە[11].



**ناونیشانی گەورەو لێکدانەوەی بچووک**

د.کوردستان لە لاپەڕە (9و 10) سێ ناونیشانی نووسیوە (ڕووناکیو هونەری ڕۆژنامەنووسی)و (ڕووناکیو دەرهێنانی هونەری)و (هەواڵو ڕیپۆرتاژ) کە بە داخەوە زۆر سەرپێیانە لەسەر ئەم سێ ناونیشانە گەورەیە هەڵوەستەی کردووە، بۆ نموونە لە ژێر ناونیشانی (ڕووناکیو هونەری ڕۆژنامەنووسی)دا نووسیویەتی؛ (ژمارەیەکی کۆڤاری روناکی لە ڕۆژی پێنج شەممە 24ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1935داو دوا ژمارەی لە16ی مایسی ساڵی 1936 بڵاوکراوەتەوەو تێکڕای ژمارەکانی (11) یازدە ژمارە بوون،لەسەر بەرگی دەرەوەی هەر یازدە ژمارەدا پێرستی بابەتەکانی نێو کۆڤارەکەو لاپەڕەکانیان تۆمارکراون، لە ستوونی ناوەڕاستی لاپەڕەی یەکەمی هەر یازدە ژمارەدا نووسراوە: روناکی ROONAKI کوارێکی هەفتەی علمی اجتماعی ادبی کوردیە، لە بەرگی پشتەوەی لای دەرەوەی هەموو ژمارەکاندا دروشمی هەمیشەیی بڵاوکراوەتەوە؛

(ڕووناکی ڕەوشتو دەستوورێکی بەرزی هەیە
ڕابردوو ئێستا بە ناسین دەدا بە ڕەهبەرێکی باش
ڕووناکی بە دڵێکی خاوێن بۆ یەکێتی عیراقی دەکۆشێ
ڕووناکی ئەدەبیاتو زانستی کورد کۆدەکاتەوە
ڕووناکی بیرەوەری بۆ کورد دەکات
ڕووناکی ڕەوشتو خووی کورد تازە دەکاتەوە
ڕووناکی ناوی ناودارانی کورد بەخێودەکا

www.dengekan.com

کۆڤارێکە لە ژمارەکانیدا دیوانی ئێستاو رابردوو فەرهەنگو شێوەی کوردو زانستی ئیجتماعیات نەشردەکا)

دیارە ئەو چەند دێرەی پێشەوە ناچێتە خانەی هونەری رۆژنامەنووسییەوە، تەنیا بریتییە لە پێناسەیەکی سادەی گۆڤارەکەو دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکی دیاریکراو کە گۆڤارەکەی پێدەناسرێتەوە،ئەگەر نا هونەری رۆژنامەنووسی هونەرێکی بەرفراوانە لەگەڵ پێشکەوتنی مێژوودا،پێشکەوتنی بۆ رۆژنامەنووسی داهێناوەو لە بناغەدا هونەری تەکنیکو هونەری نووسین دەگرێتەوە،کە ئەمانەش هەریەکێکیان چەندان خاڵو لقو پۆپیان لێدەبێتەوە،بۆ نموونە لە هونەری تەکنیکدا پێویستە باس لەچاپو چاپخانە،قەبارە،دەرهێنانی هونەری، ستوونو گۆشە،وێنەو هێڵکاری..بکرێت،بەڵام لە هونەری نووسیندا پێویستە باس لە هەواڵ و ریپۆرتاژو وتار،لێکدانەوەی سیاسیی،چاوپێکەوتن،زمانو رێنووس بکرێت[12]،ئیتر هەر یەکێک لەو خاڵانە دەتوانرێت لەرووی تیۆرو پراکتیکدا باسبکرێت،یاخود یەکێکیان بە تەنیا،بۆنموونە د.کوردستان دەیتوانی ئەو ناونیشانەی لە ستوونی خوارەوەی لاپەڕە (10) بە ناوی (هەواڵو هونەری رۆژنامەنووسی) لێی بدوایە،بەڵام بۆ ناونیشانی (رووناکیو دەرهێنانی هونەری ل9) شتی وردی نووسیوە،کە دەکرا زیاتر ئەم ناونیشانە بە هێزتر بکرێت،ئەویش جۆری خەتو نەخشەسازیو ئایا ئاڵوگۆڕی چاپخانەکان لە نێوان رواندزو هەولێرو موسڵدا هیچ کاریگەرییەکی جیاکەرەوەی بۆ گۆڤارەکە دروست کردووە؟ خاڵێکی گرنگ لە دەرهێنانی هونەریدا چەشەی خوێنەرانە ئایا بۆ هارمۆنیەتی دابەشکردنی ستوونەکان چەشە (ذوق)ی خوێنەران رەچاوکراوە؟ چونکە (دەرهێنانی هونەری بریتییە لە زانستو هونەری دابەشکردنی یەکەکانی چاپەمەنی- تیپۆگرافی- دەق،وێنەکان،هێڵەکان،ناونیشانەکان،ر ەسمەکان، نەخشەکان..هتد،لەسەر رووبەری لاپەڕەدا،هەڵبژاردنی ئەو یەکانەو دیارخستنیان بە گوێرەی نەخشەیەکی دیارکراو دەبێت)[13]لە هەموو رۆژگارێکدا دەرهێنانی هونەری لە رۆژنامەدا پێوەندی بە بوونو نەبوونی چاپخانەو جۆرو شێوەی چاپخانەوە هەبووە،کێرڤی هەڵکشاوی دەرهێنانی هونەری بەستراوە بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی چاپخانەوە.

**روناکیو هونەرەکانی وێژە**

د.کوردستان بەم شێوەیە لە هونەرەکانی وێژە (ئەدەب)ی نێوگۆڤاری روناکی دەدوێت؛(هونەرەکانی وێژە،وتار،هۆنراوە، چیرۆک، رۆمان، وەرگێڕان لە گۆڤاری رووناکیدا زۆر بڵاوکراونەتەوەو بە گەنجینەیەکی بە نرخی وێژەی کوردی دەژمێردرێن)[14]،پێش ئەوەی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بۆ ئەو رستەو دەستەواژەیەی پێشەوە بکەم، بۆ دوا وشەی ناو کەوانەکە دەڵێین دەبوایە بنوسرێت (دەژمێردرێت) نەک (دەژمێردرێن) کە هیوادارم هەڵەی چاپ بێت، چونکە گۆڤاری روناکی بەگەنجینەیەکی بەنرخ دەژمێردرێت، بەڵام ئەگەر لە هونەرەکانی ئەدەبی بدوێینو شێوەیەکی میتۆدی بە قسەکانمان بدەین پێویستە ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە لە هەموو زمانەکانی

www.dengekan.com

دنیا بە کۆنو تازەیەوە ئەدەب دابەشی دوو جۆر هونەر کراوە پەخشانو شیعر[15] بۆ گۆڤارێکی وەک رووناکی-یش 1935-1936 ئەمڕۆ ئەگەر ئەو دابەشکردنە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت ئەوە ئاساییەو گونجاوە،بەلاًم بەڕێزیان زۆر نائەکادیمیو بەسەریەکەوەو راگوزارانە لێیان دواوە،خاڵێکی گرنگیشی فەرامۆشکردووە،ئایا هونەرەکانی ئەدەبو بواری رۆژنامەنووسی تاچەند پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو لە دنیای رۆژنامەنووسیدا پێویستە چۆن لەگەڵ هونەرەکانی ئەدەبدا کاربکرێن،نەخوازەڵلا بۆ پەخشان لە پەخشانیش وتاری رۆژنامەنووسی،تا لەو ناونیشانانەی کە لەو سەرنێوەدا هەڵوەستەی لەبەردەمدا کردوون (وتار، هۆنراوە،چیرۆک،رۆمانو وەرگێڕان) بە قووڵیو زانستیانە قسەوباسی بۆ دانەڕشتوون تا لە هەندێک شوێندا وتارو شیعری تێکەلاًوکردووە بۆ نموونە لە ژێر ناونیشانی (هۆنراوە)دا دوو پەرەگراف دەنووسینەوە کە بە هیچ شێوەیەک بەو پێوانەیەی کە د.کوردستان دایڕشتووە ناچنە خانەی سەرناوی (هۆنراوە)و،بەڵکو گونجاوتر بوو لە ژێر ناونیشانی (وتار)دا بینووسێت؛ (لەو بوێژانەی کە لە رووناکیدا باسیان کراوە،مەلا عەبدولڕەحیم-مەولەوی-مەعدوم-ە کە کورتەیەک لە بەسەرهاتیو چەند دێڕێک لە هۆنراوەکانی پەخشکراوە-ژمارە 7-،کە دەبێتە مایەی دڵگرانی پیرەمێردو لە وتارێکیدا هێرشێکی ناشایستەو لێ نەوەشاوەی بردۆتەسەر حوزنی-ژیان-476و حوزنیش زۆر بابەتانەو لێزانانەو هێمنانە وەلاًمی داوەتەوە،رووناکی ل16) گونجاوتر بوو



کە ئەم پەرەگرافە لە ژێر ناونیشانی وتاردا باسبکرێت ،یاخود باشتربوو لە ژێر ناونیشانێکیتردا پۆلێن بکرێت،پەرەگرافێکیتریش هەر لەژێر ناونیشانی (هۆنراوە)دا دەنووسینەوە،کە بۆ ناونیشانی (وتار) گونجاوترە؛ (بە بۆنەی دوا مالاًواییکردنی جەمیل سدقی زەهاوی کورتەیەک لەسەر ژیانی نووسراوەو بە بەرهەمی بیری هەڵداوە،کە بە زمانانی کوردی،عەرەبی،فارسیو تورکی سەرکەوتوانە هۆنراوەی هۆنیوەتەوە،رووناکی ل16).

**سەرنجیتر**

نەمویست زیاتر درێژە بە سەرنجەکانم بدەم،دەتوانرا کۆمەڵێک پرسیاریتر لە شێوەی سەرنجدا رووبەڕووی د.کوردستان بکرێتەوە، وەک؛

- ئایا بۆ گۆڤارێکی رێکوپێکی وەک روناکی پێویست نەبوو لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمیی لەگەڵ بلاوبکرێتەوە؟
- ئایا د.کوردستان لەو شێوە نووسینەی خۆی بەرامبەر بەگۆڤاری روناکی رازییە؟
- بۆ ناونیشانێکی وەک (گۆڤاری رووناکیو زمان ل18)، ئایا بەو شێوەیە هەڵوەستە سەبارەت بە لایەنی زمانو زمانەوانی گۆڤارەکە گونجاوو شیاوە کە د.کوردستان خۆی پسپۆڕێکی زمانەوانییە؟ بۆ نموونە هەر بۆ پێکهاتەی رستە لە رووی سینتاکسەوە لە گۆڤارەکەدا دەتوانرێت چەندان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر بنووسرێت بە تایبەتی لەگەڵ زمانی بەکارهاتووی ئەوساو هەروەها زمانی نووسراوی ئەوسای کوردیدا؟!
- ناوە خوازراوەکانی ناو گۆڤارەکە،بە تایبەتیش ئەو کۆمەڵە

www.dengekan.com

ناوەخوازراوەی کە د.کوردستان باسی کردوونو دەڵێت ئەمانە ناوی خوازراوی حوسێن حوزنی‌ن لە گۆڤارەکەدا،ئایا دانانی ئەو ناوانە هەریەکەو حکایەتی خۆی نییە بۆ نموونە؛ (رزگاربو،دڵسۆزێکی نزیک،ئۆمەچی ل4) کە د.کوردستان لەخانەوانەی سەید حوزنی رەحمەتییەو ئەگەر لەپەراوێزیش بوایە پێویست بوو پێمان بڵێت ئایا مامی لە هیچ نووسینو گۆڤارو رۆژنامەی‌تر بەم ناوانە نووسینی بڵاوکردۆتەوە؟!

- پەراوێزەکەی لاپەڕە (18) پێویست نەدەکرد،چونکە لە لاپەڕە چوار نووسراوە کە(رزگاربو) ناوێکی خوازراوی حوزنی بووە لە گۆڤارەکەدا.

**لە کۆتاییدا**

بۆ پێشەکییەی د.کوردستان موکریانی کە بۆ چاپکردنەوەی گۆڤاری رووناکی نووسیووە لەکاتی خوێندنەوەیدا هەر سەرەتا یەکێک لەو پرسیارانەی لە لام گەڵاڵەی کرد ئەمە بوو؛بۆچی بەڕێزیان هەوڵی نەداوە لە بری ئەو پێشەکییە باسێکی ئەکادیمیی لەسەر گۆڤارەکە بنووسێتو لەگەڵ چاپکردنەوەیدا لەجیاتی ئەو پێشەکییە بڵاوی بکاتەوە،ئەگەرنا باشتر نەبوو بابەتەکەی گۆڤاری رۆشنبیری نوێی(16) لە جیاتی ئەو پێشەکییە جارێکی‌تر بڵاوبکاتەوە،بە هەرحاڵ ئەو چەند لاپەڕەیەی پێشەوە چەند سەرنجێک بوون لە شێوەی روونکردنەوە بۆ ئەو پێشەکییەی د.کوردستان کە بۆ چاپکردنەوەی گۆڤاری رووناکی نووسیویەتی بە تایبەتیش ئایا بە چ مەبەستێک هەوڵیداوە رۆڵی شێت مستەفای پارێزەر بچووک بکاتەوە!کە



من پێموایە ئەگەر گۆڤارەکە وەک دۆکۆمێنت وەربگرین ئەوە شێت رۆڵێکی سەرەکیو گەورەی هەبووە لە دەرکردنیدا،بەڵام ئەگەر بە دیوێکی‌تری چەند مەبەستێکدا سەیر بکەین،ئەوە حوسێن حوزنی قەڵەمێکی بە بڕشتو دیارو کارگێڕێکی ماندووی گۆڤارەکە بووە،کارێکی‌تریش کە د.کوردستان نازانم بەسەری تێپەڕیوە،یاخود بە ئەنقەست بووە،مێژووی گەورەو دەوڵەمەندی رۆژنامەگەریی شاری هەولێری بە تایبەتیش لەدوای راپەڕینی 1991 بچووک کردۆتەوەو بەداخەوە وەک کەسێکی بیرتەسکی حزبو حزبایەتی هەولیداوە تەنیا چەند گۆڤارو رۆژنامەیەک وەدیاربخات،کە پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق دەریکردوون یاخود پارتی ناوبراو رۆڵی هەبووە لەدەرکردنیاندا،لەم نووسینەدا بە کورتی لە مێژووی رۆژنامەگەریی کەڵەگەتی هەولێر دواومو پەراوێزێکم خستۆتە سەر پەراوێزەکەیان،هەروەها روونکردنەوەشم خستۆتە سەر چەند ناونیشانێکی‌تری نووسینەکەی وەک ئەو بابەتانەی کە لە رووناکی دواونو سێ سەرچاوەی‌تریشم هێناوەتەوە کە لە گۆڤارەکە دواون،هەستیشم کردووە بۆ لایەنی هونەرییەکەی وەک تەکنیکی رۆژنامەگەریو رۆژنامەنووسیی هەروەها لە هونەرەکانی ئەدەب بە وردی نەدواوە،هەڵوەستەم لەسەر ئەو دوو بوارەش کردووەو چەند سەرنجێکم خستۆتەڕوو.

بەکورتی؛لەم نووسینەدا ویستوومە خەمی خۆم بەرامبەر بە گۆڤارێکی دەوڵەمەندو دیارو پڕ دیمەنی وەک گۆڤاری روناکی دەرببڕم،چونکە ئەم گۆڤارە لە زۆر رووەوە دەتوانرێت بە

www.dengekan.com

یەکێک لە گۆڤارە دانسقەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتیو مێژووی ڕۆژنامەگەریی شاری هەولێر دابنرێت،هیوادارم ئەم چەند سەرنجە سەرنجی خزمەتو خەمی ڕۆژنامەگەریمان بێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

1- کوردستان موکریانی (دکتۆر) ئامادەو پێشەکی،ڕووناکی یەکەمین کۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر 2001.

2- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل7.

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل4.

4- دەتوانرێت سەیری ئەم چوار سەرچاوەیە بکرێت:

ئەلف: نەوزاد عەلی ئەحمەد،هونەرەکانی ئەدەب لەڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا،(نامەی ماجستێر) زانکۆی سلێمانی 2000

بێ: ئەرسەلان بایز،ڕاگەیاندنی شۆڕشو بزوتنەوەی شیعری کوردی،سلێمانی 2001.

جیم: وریا جاف،مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان (1946-1996) هەولێر 1996.

دال: ئیسماعیل تەنیا،بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی (1975-1993)، هەولێر 1998.

ها: ئازاد خانەقینی،مادێنا- مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (1975-1991)، سلێمانی 2000.

5- کوردستان موکریانی (دکتۆر) ڕووناکی یەکەمین کۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ل4.

6- واتە تائێستا لەشارەکەدا بەردەوامن لە دەرچوون.

7- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانرێت سەیری ئەم سێ سەرچاوەیە بکرێت:

ئەلف: عەبدوڵڵا زەنگەنە،ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، هەولێر 1998.

بێ؛ ئیسماعیل تەنیا،بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی،1975- 1993،هەولێر 1998

جیم: موسا ئەحمەد،ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان،هەولێر 1998.

8- نزار جرجيس علي،صحافة اربيل، بغداد، 1988، ص115.

9- فاروق عەلی عومەر،ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعیراقدا،بەرابییەکان (1914-1939) وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە تاریق کاریزی، ساغکردنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانییە کوردییەکان عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر 2001، ل157.

10- ئیسماعیل بەرزنجی،پارێزەر؛شێت مستەفا چەلەبی نووسەرو ڕۆژنامەنووس،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،پێنج شەممە 1994/10/20، ل6.

11- وەکو ئێمە پرسیوومانە ساڵی (1913) لەدایکبووە.

12- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، ل78-162.

13- اديب خضور (دكتور)، مدخل الى الصحافة نظرية وممارسة، الطبعة الثانية، ديمشق، 2000، ص157.

14- هەمان پەراوێزی ژمارە (1)، ل12.

15- محمد مندور (دكتور)، الادب وفنونه، دار النهضة، مصر للطبع والنشر،ص12.

16- کوردستان موکریانی (دکتۆر) تیشکێک لەسەر گۆڤاری ڕوناکی،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە 107، بەغدا، ل264-277.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە ڕۆژانی 2002/8/6 و 2002/8/7 لە لاپەڕە 8ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.**

www.dengekan.com

# مادێنای راگەیاندنی یەکێتی

**پێشەکی**

(مادێنا مێژوو و بیبلۆگرافیای راگەیاندنی ی.ن.ک/1975-1991) ناونیشانی کتێبێکی ئازاد خانەقینی‌یەو ساڵی 2000 وەک یەکێک لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک لەشاری سلێمانی چاپکراوەو بریتییە لەسێ بەش:

بەشی یەکەم،چاپخانەکانو بڵاوکراوەکان،کە بەهۆی هەشت لقە ناونیشان لەم بابەتانە دواوە: (بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی/1970-1975، بڵاوکراوەکانی ی.ن.ک لەدەرەوەی وڵات/1975-

www.dengekan.com

1991،راگەیاندنی ی.ن.ک لە ناو شارەکاندا/1975-ئەیلوولی 1976، چاپخانەی مەرکەزی ی.ن.ک- شەهید ئیبراهیم عەزۆ/1976-1991، راگەیاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان/1976-1988، چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید/1981-1988،چاپخانەی کۆمەڵەی رەنجدەرانو دەزگای ناوەندیی رۆشنبیری کۆمەڵە/1981-1988،چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف/1984-1988).

بەشی دووەم: بڵاوکراوەکان،گۆڤارو رۆژنامەکان؛ لەم بەشەدا لەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە لەساڵانی 1975-1991 لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ی.ن.ک بەچاپ گەیشتوونو لە زنجیرەی بڵاوکراوەکان دواوە. بەشی سێیەم؛ لە دامەزراندنو پەخشی ئێستگەی رادیۆی ی.ن.ک دواوە.. کتێبەکە بێجگە لەو سێ بەشە، پێشەکیو کۆمەڵێک وێنەی فۆتۆگرافیشی لە خۆگرتبوو،ئەمجارە [1] بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی لاپەرەکانی ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکیتری بۆ دەکەمو هەوڵدەدەم بە هۆی بوونم لە دەرەوەی کوردستانو کۆکردنەوەی کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیزافەیتر بخەمەسەر کتێبەکەو هەندێک لە هەڵەکان راست بکەمەوە.

بڵاوکراوەکانی ی.ن.ک لەدەرەوەی وڵات/1976-1991/ لاپەرە (15) بۆ ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان لە نێوان ساڵانی 1975-1991 چاپو بڵاویکردوونەتەوە سەرنجتان بۆ کتێبی (رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان 1975-1991) [2] رادەکێشم، لەم کتێبەدا بە وردی لە کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە دواوم کە یەکێتیی لە دەرەوەی کوردستان چاپیکردوونو بڵاویکردوونەتەوە،نامەوێت زانیارییەکانی ئەو کتێبەم دووبارە بکەمەوە،بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە یەکێتیی هەر لە دوای دامەزراندنو راگەیاندنی شۆڕشی نوێ بێجگە لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستانیش گرنگیی بە چاپو بڵاوکردنەوە داوە،بۆ نموونە زۆربەی ژمارەکانی (الشرارە،رێبازی نوێ،کۆمەڵە،کوردایەتی، رزگاری،..هتد) جارێکیتر لە دەرەوە بە تایبەتیش لە ئەوروپا چاپکراونەتەوە،یەکێتی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا رۆژانی راپەرینی 1991 لە وڵاتی سوید چاپخانەی هەبووەو بڵاوکراوەکانی ئەو چاپخانەیە بریتی بووە لە هەزاران لاپەرەی چاپکراو،زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەو کتێبو بڵاوکراوەکانی یەکێتی یان دەقاودەق وەک خۆی چاپکردووەتەوە،تەنیا لە بەکارهێنانی جۆری کاغەزی بەرگدا جیاوازییان هەیە،هەندێک جاریش بڵاوکراوەکان بە هەمان تایپی شاخ مۆنتاژ کراونەتەوەو چەند جارێکیش بچووککراونەتەوەو کراون بە قەبارەی گیرفان،دەکرێت لەو رووەوە سەیری (هەواڵنامەی کوردستانی عیراق،ژمارە15،حوزەیرانی 1981)و (الخنادق،العدد الخامس،ئابی 1981)و کۆمەڵێک بڵاوکراوەیتر بکرێت،یاخود دوو ژمارەی گۆڤارێک لە یەک بەرگدا چاپکراوەتەوە،بۆ نموونە ژمارە (1-2)ی گۆڤاری (کوردایەتی) ئەمەو لەسەر هەندێک لە بڵاوکراوەکان

www.dengekan.com

نووسراوە دووبارە چاپکراوەتەوە،بەڵام بۆ زۆربەی بڵاوکراوەکان ئاماژە بەچاپکردنەوەیان نەدراوەو بە بەراوردکردنی دانە ئۆرژینالو دووبارە چاپکراوەکان هەستدەکرێت کە جارێکیتر چاپکراوەتەوە.

هەروەها راگەیاندنی یەکێتیی لە دەرەوە سەرەڕای چاپکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان ناوە ناوە کتێبو نامیلکەکانی شاخی هەم جارێکیتر چاپکردووەتەوە،هەم کۆمەڵێک نامیلکەو کتێبی تازەشی چاپکردووەو ئەمجارە بە پێچەوانەوە لە شاخ بۆ دووەمجار چاپکراونەتەوە،لێرەدا تەنیا ئاماژە بە نامیلکەی (الحکومات العراقیە والمسالة الکردیة) دەدەین،کە لەبەرگی پێشەوەیدا نووسراوە (من منشورات الاتحاد الوطنی الکردستانی- فرع اوربا) لە بەرگی دواوەشیدا هاتووە: (إذاعة الصوت الثورة العراقیة- حزیران-1984) بەگەڕانو پشکنین دەتوانرێت وردتر قسە سەبارەت بە راگەیاندنو چاپکراوەکانی یەکێتیی لە دەرەوەی کوردستان لە نێوان ساڵانی 1975-1991 بکرێت، چاپخانەکەی یەکێتی لە سوید دوای شەهیدبوونی مامۆستا جەمال تایەر ناوی ئەو شەهیدە قارەمانەی هەڵگرت.

چاپخانەی مەرکەزیی ی.ن.ک، شەهید ئیبراهیم عەزۆ/1976-1991،لاپەڕە (21)؛ لەژێر ئەم ناونیشانەدا لە رووپەڕی لاپەڕەیەکدا ناوی کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو کتێب هاتووە، هەوڵدەدەم هەندێک هەڵەی دووتوێی ئەو چەند لاپەڕەیە راستبکەمەوە.

- ل26؛ ژمارە (2)ی هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، (17) لاپەڕە نییە،بەڵکو (23) لاپەڕەیە.

- ل(27)؛ گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە (4) بریتییە لە (34)لاپەڕە،بەڵام لەم کتێبەدا ئاماژەی پێ نەدراوە،ئەم ژمارەیە بەهاری ساڵی 1979 دەرچووە.

- ل29؛ نووسراوە ژمارە (8)ی کۆمەڵە (26)لاپەڕەیە،من ژمارەی ناوبراوم بینیووەو بریتییە لە (42) لاپەڕەو بەرگەکەی بەچەند رەنگێک چاپکراوەو لەوەدەچێت لە رووی ناوەرۆکدا هەمان ژمارەکەی شاخ بێت، بەڵام جارێکیتر بابەتەکان تایپو مۆنتاژ کراونەتەوەو دووبارە چاپکراونەتەوە.

- ل31؛ لە سێیەم دێڕی ئەم لاپەڕەیەدا نووسراوە: (دوو ژمارەی کۆتایی هەواڵنامە) واتا دوا ژمارەی (هەواڵنامە) ساڵی (1981) دەرچووە،بەڵام لەلاپەڕە (98)دا نووسراوە: (دوایین ژمارەی لەسەرەتای 1982 بڵاوکراوەتەوە) ئەگەر (هەواڵنامە..) دوا ژمارەی ژمارە (15) بێت، ئەوا مانگی حوزەیرانی ساڵی (1981) دەرچووە.

- ل31؛ سەبارەت بە نامیلکەی (دەربارەی حزبی سەربەخۆیی چینی کرێکارانی کوردستان) زانیاریی وردی نەداوەتە دەست،ئەم نامیلکەیە لەنووسینی هەڤاڵ کوێستانییەو بریتییە لە (40) لاپەڕەو ئابی 1981 لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپکراوە.

- ل 31 (کارەساتی هەکاری) چاپی یەکەم،مانگی حوزەیران نەک تەمموزی 1981 چاپکراوە.

- ل32؛ لەژێر ناونیشانی (بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی (1982))دا نووسراوە: چەند ژمارەیەکی رێبازی نوێ بە ئەندازەی ئەی3)چاپکراوە،بەڵام ژمارە (2-3)ی

www.dengekan.com

(مانگی شوباتو مارت،خولی سێیەم، 1982) ی ڕێبازی نوێ لەژێر دەستدایە کە لەسەر کاغەزی نیو فۆلسکاب چاپکراوە،لەچەند لاپەڕەیەکی تردا قەبارەی ئەی سێ دووبارەو سێ بارە کراوەتەوە،ئەوەی ئێمە بزانین زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی شاخ لەسەر قەبارەی نیو فۆلسکاب یاخود فولسکاب چاپکراون،تەنیا ڕۆژنامەی (کۆسار) بە تابلۆید چاپکراوە،چونکە ئەم قەبارە ناوبراوانە جیاوازی لە نێوانیاندا زۆرە،چاپخانەکانی شاخ قەبارە ئەی سێیان پێ چاپ نەکراوە (کۆسار) قەبارەکەی بریتیە لە دوو فۆلسکابی بە کەتیرە لێکدراو.

- ل 37؛ بۆ ژمارەکانی (4،5،6)ی گۆڤاری (گزنگ) زانیاری ورد بەیان نەکراوە،لەو ڕووەوە دەتوانرێت سەیری کتێبی (گۆڤاری گزنگ، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا) [3] بکرێت،بۆ ژمارەکانی (8-9)ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)یش دەتوانرێت سەیری کتێبی (بیبلۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان) [4] بکرێت.

- ل 39 ڕۆمانی (تۆڵە) ژمارەی لاپەڕەکانی نەنووسراوە،کە بریتییە لە (159) لاپەڕە،کتێبی (کورتەباسێک دەربارەی فاشیزم) نووسین نییە،بەڵکو (ئامادەکردن)ـە،ژمارە (4)ی گۆڤاری (خەباتی مامۆستا)، لاپەڕەکانی نەنووسراوە کەچەند لاپەڕەیە..؟ بریتییە لە (58) لاپەڕە، (رزگاری) گۆڤار نییە،بەڵکو قەبارە ڕۆژنامەیە.

- ل 55؛ (کۆسار) چوار ژمارە نییە،(کوردایەتی) دوو ژمارەی لە شێوەی گۆڤار دەرچووەو دوو ژمارەکەیتریشی لە قەبارەی ڕۆژنامەیە.

- ل 60؛ گۆڤاری (هەڵوێست) لێی نەنووسراوە مەڵبەندی چواری بادینان،تەنیا نووسراوە مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، (سروشت) دوو ژمارەی لێدەرچووە، نەک سێ ژمارە.

- ل 63؛ (داستانی هەڵۆی سوورو کەشکۆڵی پێشمەرگە) ئەم کۆشیعرەی (شێرکۆ بێکەس) ناوی (هەڵۆ)یە، ژووان (نەجیبە ئەحمەد)ە،وتارەکەی هەڤاڵ سکرتێری گشتی بریتییە لە(56) لاپەڕە.

- ل 69؛ هەموو بلاوکراوەکانی کۆمەڵە لە ساڵی 1982دا بە قەبارەی نیو فولسکاب چاپنەکراون، بە قەبارەی گیرفان (یەک لەسەر چوار)ی فولسکابیش چاپکراون،بە تایبەتییش پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەو بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردو بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

- ل 80؛ (بێ ناسنامەکان) دووبارە کراوەتەوە،جارێک وەک (ڕۆمان) نووسراوە،جارێکیتر وەک (کورتە چیرۆک)،بەڵام لەڕاستیدا ڕۆمانەو نووسینی عەزیز نەسین-ەو حەمەکەریم عارف لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ناوەوەی لە چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف چاپکراوەو بەرگەکەشی لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراوە،بریتییە لە زنجیرە (39)ی چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

- ل 84؛ (هەواڵنامە) زیاتر لە (15) ژمارەی لێدەرچووە، (الخنادق) لە (3) ژمارە زیاتری لێدەرچووە، چونکە من ژمارە (5)یشم بینیوە، (ڕێبازی خوێندکاران) تەنیا یەک ژمارە نییە،بەڵکو تا ژمارە هەشتیش دیارە.

www.dengekan.com

- ل 85؛ (باوەگوڕگوڕ) لە ژمارەیەک زیاتری لێدەرچووە، (سەنگەر) ڕۆژنامە نییە،بەڵکو گۆڤارە، (گزنگ) لەماوەی نهێنییدا (شاخ) (14) ژمارەی لێدەرچووەو پاشکۆی (گزنگی بچووکان)یش (3) ژمارەیە.
- ل 96؛ (هەواڵنامەی کوردستانی عیراق) بێجگە لەژمارەکانی (3)و (11و12)، من ژمارەکانی (2و13و15)یشم بینیوەو ئێستا لەژێر دەستمدایە.
- ل 103؛ (کۆمەڵە) ژمارە (4)م دۆزیوەتەوە کە لە بەهاری (1979) دەرچووەو بریتییە لە(34) لاپەڕە، هەندێک لە ژمارەکانی (کۆمەڵە) ژمارەی لاپەڕەکانیان بە هەڵە نووسراوە،بۆ نموونە ژمارە (8) (44) لاپەڕەیەو ژمارە (4)ی خولی (3) (62) نییە،بەڵکو من ئێستا ژمارە (5)م لەژێردەستدایە کە لە ئابی 1981 دەرچووەو بریتییە لە (40) لاپەڕە.
- ل 113؛ (ڕاپەڕین)- (گۆڤارێکی گشتییە کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر دەریدەکات)، نەک (گۆڤاری گشتیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر)ە، هەردوو (گشتی)یەکە جیاوازییان هەیە.
- ل 132؛ (گزنگی بچووکان) ژمارە (2)ی لەمانگی ئابی (1985) بە چل لاپەڕە دەرچووەو بریتییە لە دوانزە چیرۆکی یەڵماز گۆنای کە بۆ منداڵانی نووسیوە،حەمەکەریم عارف لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ل 154؛ لەم لاپەڕەیەدا ئەم دەستەواژەیە نووسراوە (چەند بەرهەمێکیتری نووسەران کە ژمارەی زنجیرەی نەزانراوە)،زۆربەی ئەو کتێبانەی لەم لاپەڕەیەدا ناویان



هاتووە پێویستیان بە زنجیرە نەبووە،چونکە وەک کتێبی چاپکراوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان چاپ نەکراون،بەڵکو زۆربەیان بە هاوکاریو یارمەتیی ڕاگەیاندنی چەند ڕێکخراوو حزبێکیتری سیاسی نەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراون،بەڵام کتێبیان تێدایە کە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان چاپیکردووە کەچی زنجیرەی چاپکراوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ی بەسەرەوە نییە.

**لە کۆتایدا**؛دیارە دەرخستنی ئەم چەند سەرنجانەی پێشەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە نووسراونو هیوادارم کتێبی ناوبراو جارێکیتر چاپبکرێتەوە کە دڵنیام ئازاد خانەقینی ئێستا دوای چەند ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر مادێنادا کەرەستەیەکیتری کۆکردووەتەوە بۆ پڕکردنەوەی هەندێک لەو کەموکوڕییانەی لەچاپی یەکەمدا لەکتێبەکەدا دێنە بەرچاو،کارێکی لەو جۆرەش لە هێزی تاک بەدەرە،بەڵکو پێویستیی بە کۆمەکو پشتیوانیی هەموو لایەک هەیە،بەڵام بە داخەوە مەرگ بواری بە کاکە ئازاد خانەقینی نەدا تا ئەم بەرهەمەی جارێکیتر چاپبکاتەوە.

## پەراوێزەکان

1- کاتی خۆی کە ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە،لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (2159)ی ڕۆژی 2000/5/30 بە ئیمزای (بەشی لێکۆڵینەوە) بە دوورو درێژی ناوەڕۆکیم خستەڕوو،کە پێویست ناکات جارێکیتر بە

www.dengekan.com

درێــژی لـــه نـــاوەرۆکـــەکـــەی بدوێم،تـــەنیـــا ئیزافەکانم دەنووسمەوە.

2- نـەوزاد عـەلـی ئـەحمـەد،ڕۆژنـامـەگـەریـی یـەکێتیـی نیـشتمانیی کوردسـتان لـە دەرەوەی کوردســتان، 1975-1991،لـە بڵاوکـراوەکـانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،سلێمانی- 2004.

3-نـــەوزاد عـــەلـــی ئـــەحمـــەد،گۆڤـــاری گزنگ،لێکۆڵینـــەوەو بیبلۆگرافیـــا، ســـلێمانی 1999.

4-یاسـین قـادر بـەرزنجی،نـەوزاد عـەلـی ئەحمەد،بیبلۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان،سلێمانی 1998.

**سـەرنـج؛ ئـەم بابـەتـە ڕۆژی 2004/6/2 لـە لاپـەڕە 8ی ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کتێبی؛ ڕۆژنامەگەری چەپ لە عێراقدا

www.dengekan.com

## پێشەكی

كتێبی( رۆژنامەگەری چەپ لە عێراقدا 1924- 1958) [1] نامەی دكتۆرای (فائق بطی)یە ساڵی 1979 لە ئەكادیمیای زانستەكانی سۆڤێتی لە مۆسكۆ بەرگریی لێكردووەو وەك تێزێكی ئەكادیمی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دكتۆرا وەرگیراوەو ساڵی 1985 لە لەندەن وەك كتێبێك بە زمانی عەرەبی چاپكراوە،دەكرێت خوێنەران بپرسن دوای چەندان ساڵ لە چاپكردنی كتێبەكەدا بۆچی ئەمڕۆ باسی بكرێت؟ دیارە وەڵامگەلێكی زۆر سەبارەت بە باسكردنی كتێبی ناو براو هەیە؛ كتێبەكە لە كوردستاندا بە تایبەتی لە كتێبخانەكاندا نەكەوتۆتە بەرچاو،بابەتەكە بابەتێكی وردە بۆ رۆژگارێكی خەباتی گەرمی ئازادیو سەرهەڵدانی پارتو رێكخراوی سیاسی لە عێراقدا بە تایبەتیو بڵاوكردنەوەی فكرەی چەپو چەكەرەكردنیو تا چەند بەهۆی بڵاوكراوەو رۆژنامە توانراوە ئەم پرەنسیپە بە خەڵك بگەیەنرێتو بنكەی جەماوەری لێ بكەوێتەوە،خاڵێكی گرنگتری كتێبەكە لەو بوارەدا رۆژنامەگەری كوردیش لە بیرنەكراوەو ناوی كۆمەڵێك رۆژنامەو بڵاوكراوە هاتووە،ئەمەو نووسەری ناوبراو پسپۆرێكی بواری مێژووی رۆژنامەگەرییە لە عێراقیدا.

باسەكەمان دابەشی سێ بەش كردووە.لە بەشی یەكەمدا كورتەیەكمان سەبارەت بە ناوەڕۆكی كتێبەكە نووسیوە،تێیدا دەستنیشانی چەند دێڕو رستەیەكمان كردووە كە بەشێكن لە جەوهەری ئەو بابەتەی كە

www.dengekan.com

د.فائیق بەتی ویستوویەتیو خوازیار بووە وردیان بکاتەوە،بە تایبەتیش سەرهەڵدانو لە دایك بوونی ڕۆژنامەگەریی چەپو یەکەمین ڕۆژنامەی چەپو گەشەکردنی بزووتنەوەی کرێکارانو هاوخەباتی لە نێوان کوردو عەرەب،لەگەڵ چەند سەرنێویکیتر، بەڵام لە بەشی دووەمدا لەسەر ئەو پەرەگرافانە هەڵوەستەمان کردووە کە باس لە ڕۆژنامەگەریی کوردی [2]لە نێوان ساڵانی 1924 تا 1958 دا دەکەن،دیارە مەبەست لەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامانەیە کە دەچنە خانەی ڕۆژنامەگەریی چەپەوە،لە بەشی سێیەمدا وەك تێبینیو سەرنج چەند ئیزافەیەکیترمان خستۆتە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکە،کە بریتین لە ریزبەندکردنو ناوهێنانی کۆمەڵێك بڵاوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامە کە نووسەر فەرامۆشی کردوون، یان نەیبینیوون! هەروەها بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبەکەش لە ڕێگای پەراوێزەکانەوە چەند هەڵەو کەموکوڕییەکمان ڕاست کردۆتەوە،یان گونجاوترە بڵێین کە چەند سەرنجێکمان ئیزافەی سەر چەند ڕستەیەکی نووسەر کردووە.

## بەشی یەکەم



**ناوەڕۆکی کتێبەکە**

کتێبی ناوبراو بریتیە لە 146 لاپەڕە لەسەر قەبارەی نیو فولسکاب چاپکراوەو بێجگە لە پێشەکی دابەشی سێ بەش کراوە،لە پێشەکیەکەیدا مێژووی ڕۆژنامەگەریی لە عێراقدا بەسەر ئەم قۆناغانەدا پۆلێن کردووە،یەکەم؛ ڕۆژنامەگەریی ڕەسمی لە کاتی دەسەڵاتی عوسمانلیدا کە لە ماوەی تەمەنی چل ساڵەی ئەو دەسەڵاتەدا تەنیا ئەم سێ ڕۆژنامەیە دەرچوونە؛ ئەلزەورا 1869،ئەلموسڵ 1885، ئەلبەسرا 1889،دووەم؛ ئەو ڕۆژنامە تایبەتیانەی دوای کودەتای دەستووری ساڵی 1908 دەرچوونە، ئەو ڕۆژگارە بە ئیمتیازاتی تاکە کەسی جیادەکرێتەوە،واتە تاك دەیتوانی لە ڕێگای یاساوە داوای دەرکردنی ڕۆژنامە بکات،سێیەم ؛ڕۆژنامەگەریی داگیرکاریو ئینتیدابی بەریتانی 1914 تا 1920،چوارەم؛ ڕۆژنامەگەریی حزبیو ئۆپۆزسیۆنو لە دایك بوونی ڕۆژنامەگەریی چەپ لە ساڵی 1924دا ،دیارە وەك لە کتێبەکەدا دەست نیشانکراوە کە لە خاڵی چوارەم (قۆناغ)ەوە دەستی پێکردووە،واتە لە ساڵی 1924 تا 1958،هەر لە پێشەکییەکەدا مەبەستی ناوەڕۆکی باسەکەو میتۆدی ئیشکردنەکە ڕوونکراوەتەوە، ئەمەو بەشەکانی کتێبەکە بەم شێوەیە دابەشکراون؛

**بەشی یەکەم؛**
**لە دایك بوونی ڕۆژنامەگەریی چەپو پێشڤەچوونی 1924- 1934**

لەم بەشەدا سەرەڕای کورتە گێڕانەوەیەکی مێژوویی ئەو ڕۆژگارە دانەبڕاوە،لە سەرەتاکانی ناسینی

www.dengekan.com

فکرەی مارکسی لە عێراقو لە دایك بوونی یەکەمین رۆژنامەی ئاشکرای مارکسیو چالاکی مارکسی لە رۆژنامەی عێراقیدا دواوە،هەروەها لە فەسڵی دووەمی هەمان بەشدا لە گەشەکردنو هەڵکشانی بزووتنەوەی کرێکاران دەدوێت،نووسەر سەرەتاکانی چەکەرەکردنی فکرەی مارکسی بۆ پێش هەڵگیرساندنی شۆرشی ئۆکتۆبەری 1917 دەگەرێنێتەوە،کە دەستەی یەکەمینی رۆشنفکرانی عێراق لە رێگای رۆژنامەکانی تورکییەوە گوێبیستی هەواڵەکانی بزاڤی سۆسیالیستی لە رووسیادا دەبوون،ئەو هەواڵانە زۆرجار لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانی عێراق بە وەرگێڕدراوی دەبینران،ئەمەو باس لە چەند رێگایەکیتریش بۆ گەیشتنی ئەو فکرەیە بە عێراق دەکات، بۆ لە دایك بوونی یەکەمین رۆژنامەی مارکسیش لە عێراقدا پێی وایە کە نیومانگانەی (الصحیفة) یەکەمین بڵاوکراوەی مارکسییە،رۆژنامەی ناوبراو دوو ئەلقەی لە ژێر ناونیشانی تیۆری مێژوویی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا باس لە چەمکی ماددی مێژوویی دەکات،ئەو وتارەش لە ژمارەکانی 5و6ی رۆژی 1و 20ی مانگی ئاداری ساڵی 1925دا بڵاوبۆتەوە،بەڵام یەکەمین ژمارەی رۆژنامەکە لە رۆژی یەکشەممەی کانوونی یەکەمی ساڵی 1924 بڵاوبۆتەوەو دوا ژمارەشی ساڵی 1929 بڵاوبۆتەوە،بەڵام دوای ئەو مێژووە چالاکیو رۆژنامەنووسی مارکسی نەوەستاوەو چەند هەوڵێکیتر دراوە، وەك دەرکردنی بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی (الحدیث، الشباب، المعول، الومیض،...)، فائیق بەطی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا زیاتر درێژەی بە نووسینەکەی داوە بە تایبەتیش ئاماژەی بە چەندان وتارو نووسینیتر داوە کە ئەو بە بەشێك لە گەشەکردنی فکرەی مارکسی لە عێراقدا لێکیداوەتەوە.

**بەشی دووەم؛**
**لە دامەزراندنی حزبی چینی کرێکاران تا کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی 1934- 1945**

لە ژێر ئەم ناونیشانەدا لە دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی دەدوێت،کە لە 1934/3/31 لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی چەند گروپو دەستەو شانەیەکی مارکسی لینینی پێکهاتو لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا کە چاپکراوێکی فکری مارکسی بە ناوی (عطارد) چاپبکرێت،ژمارە(1)ی لە رۆژی 1934/8/10 بڵاوکرایەوە،هەر ئەو ماوەیە دوو بڵاوکراوەیتر لە شێوەی عەتاردا وەك لایەنە فکریەکەی بڵاوبۆتەوە کە ناویان لێنرا (فینیس)و(العقاب) ،بەڵام لە مانگی تەمووزی ساڵی 1935 لیژنەی ناوەندی (اللجنة مکافحة الاستعمار والاستثمار) کۆبووەوەو بڕیاریدا کە ناوی رێکخراوەکەیان بۆ حزبی شیوعی عێراقی بگۆڕنو رۆژنامەیەکی ناوەندی نهێنیشیان بە ناوی (کفاح الشعب) دەرکرد، تەنیا 5 ژمارە لە رۆژنامەکە چاپو بڵاوکرایەوە چونکە رژێمی دەسەڵاتی ئەوسا داپلۆسێنەر بوو، ماوەیەك تەنیا بڵاوکراوەی ناوخۆ بە تیراژی زۆر کەم دەردەچوو، پاشان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1936 گۆڤاری (الحکمة) یەکەمین ژمارەی لێدەرچوو،دوای ئەویش گۆڤارەکانی (الغد)و (العصر الحدیث)و (المجلة) لە دایك بوون.

بەڵام لە رۆژگاری دووەم جەنگی جیهانی چەند بڵاوکراوەو گۆڤارو

www.dengekan.com

رۆژنامەیەك كە هەڵگری بڵاوكردنەوەی فكرەی چەپ بوون بڵاوكراونەتەوە وەك رۆژنامەی نهێنی (الشرارة) كە یەكەمین ژمارەی لە مانگی كانوونی یەكەمی ساڵی 1940 بڵاوكرایەوە،ئەو رۆژنامەیە سێ ساڵ بەردەوام بوو.

لە ماوەی سالانی دووەم جەنگی جیهانیدا چەند جیابوونەوەیەك لە ریزەكانی حزبی شیوعی عێراقی روویدا،كە هەر لایەنێكی جیابووەوە بڵاوكراوەو رۆژنامەی تایبەت بە خۆی دەركردووە بۆ نموونە دەستەی(الی الامام) رۆژنامەیەكی نهێنیان بە ناوی (الامام) دەردەكرد،كۆمەڵەیەكیتریش جیابوونەوەو دەستیان بەسەر چاپخانەی حزبو رۆژنامەی (الشرارة) داگرتو لەگەڵ دەستەی (الی الامام) كە بە(الموتمرین) ناویان بڵاوببووەوە،ئەو دەستەیەش كە مابوونەوە دەستیان بە دەركردنی رۆژنامەیەكیتر كرد بە ناوی (القاعدة- لسان الحال الحزب الشیوعی العراقی) (الحزب الشرارة)،ساڵی 1944 جیابوونەوەیەكیتریش لە حزبی شیوعی عێراقی روویداو ناویان لە خۆیان نا(الرابطة الشیوعیین العراقیین) رۆژنامەیەكیان بە ناوی (العمل) دەركرد،ئەو چەند بڵاوكراوەو رۆژنامەیەی كە لە پێشەوەدا ئاماژەم پێدا هەر هەموویان بە زمانی عەرەبی دەردەچوون،بەڵام لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1944دا دوای ئەوەی دەستەیەكی كورد لە حزبی شیوعی عێراقی جیابوونەوە رۆژنامەیەكیان بە زمانی كوردی بە ناوی (شۆڕش) دەركرد،هەمان ساڵ دەستەی (وحدة النضال) رۆژنامەیەكیان بە ناوی (یەكێتی تێكۆشین) دەركرد،ئەو رۆژنامەیە بە زمانی عەرەبیش بە



ناوی (وحدة النضال) دەردەچوو،پاش كۆنگرەی نیشتمانی حزبی شیوعی عێراقی لە نیسانی 1945دا بڕیاریدا رۆژنامەیەك بە زمانی كوردی بە ناوی (ئازادی) دەربكات تا لە پاڵ رۆژنامەی (القاعدة) پەیامی حزب بگەیەنێت.

### بەشی سێیەم؛
### هەڵكشانی بواری خەباتی نیشتمانیو دیموكراتی 1946-1958

لەم بەشەدا وەك دوو بەشەكەیتر سەرەتا لێكدانەوەی مێژوویی و سیاسی بۆ بارودۆخی ئەو رۆژگارەی عێراق كە مەبەستی بووە كردووە،ئەو ماوەیەی كە لەم بەشەدا هەڵوەستەی بۆ كراوە،رۆژگاری دامەزراندنو لە دایك بوونی حزبو رێكخراوی‌تری سیاسیو نیشتمانیو دیموكراتی بووەو شەڕو ململانێی جوتیارانیش هەر لەم رۆژگارەدا چووە بوارو قۆناغێكیترەوە كە نووسەری كتێبەكە ئەمەی بە هاوپەیمانێتی نێوان چینی كرێكارانو جوتیاران لە قەڵەم داوە لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەدا، دیارە ئەو رۆژگارە،رۆژگاری راپەڕینو رابوونی گەلی عێراق بووە،لەو بارەدا مەیدانەكە چەندان ململانێی بە خۆوە بینیووە زۆربەی رووداوەكانیش لە رۆژنامەگەریی عێراقی ئەوسا بە رۆژنامەگەریی چەپو دیموكرات،بە ئاشكراو نهێنیەوە رەنگی داوەتەوە ،بە تایبەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی پاشایەتی، بۆ ئەمەش دەتوانرێت سەیری رۆژنامەكانی ( العصبة، صوت الاحرار، صوت‌الاهالی،اتحاد الشعب ،العصور، الرای العام، الاساس، الهادی، نضال الفلاح، حقوق‌المراة، حریة‌الوطن)و گۆڤارەكانی (الثقافة الجدیدة، الوطن) .... هتد بكرێت،هەر لەم بەشەدا ئەم سێ ناونیشانەش دێنە

بەرچاو آ- هەڵكشانی قەیران،هەڵكشانی بەرگری،ب- هاوخەباتی نێوان عەرەبو كورد،ج- بەرەی یەكگرتووی نیشتمانی ڕێگاخۆشكەرە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات.

## بەشی دووەم

**ڕۆژنامەگەری كوردی لە كتێبی ناوبراودا**

ئەوەی لە ژێر ئەو ناونیشانەدا دەیانووسینەوەو كۆیان دەكەینەوە گواستنەوەی چەند ڕستەیەكە بەڵام نەك گواستنەوەی دەقاودەق لە دوو توێی كتێبی ناوبراودا واتە كتێبی (الصحافة اليسارية فی العراق) بەڵام وەك چۆن لە كتێبەكەدا هاتووە ڕستەو دەستەواژەكان نانووسینەوە،چونكە د.فائیق بەطی زۆر ڕاستەوخۆ بۆچوونی (ئینتیما بوونی حزبیی..!) خۆی خستۆتە سەر كاغەز،كە لە چەند شوێنێكدا هەست بەمە دەكرێتو وەك لێكۆڵەر كاری نەكردووە،بەڵكو وەك ئەندامی حزبێك وشەی زیادكراوی خستۆتە دووتوێی ڕستەكانەوە، ئێستاش بابزانین چۆن باس لە



ڕۆژنامەگەری چەپی كوردی لە نێوان ساڵانی 1924تا 1958 دا دەكات؛

لاپەڕە 74؛ ساڵی 1944 چەند كوردێك لە ڕێكخراوی (رابطة الشيوعيين العراقيين) جیابوونەوە،وەك حزبێكی شیوعیكوردی كاریان كردو ڕۆژنامەیەكیان بە ناوی (شۆڕش)[3] دەركرد.

لاپەڕە75؛ساڵی 1944 دوو باڵی جیابووەوە یەكیان گرتو ڕێكخراوێكیان بە ناوی (وحدة النضال) لە ئەیلولی 1944 پێكهێناو ڕۆژنامەیەكیان بە هەمان ناو بە زمانی عەرەبیو كوردی[4] دەركرد.

لاپەڕە 82؛ دوای كۆنگرەی نیشتمانیی حزبی شیوعی عێراقی لە نیسانی 1945 ڕۆژنامەی (ئازادی)[5] دەرچوو،تا لەگەڵ ڕۆژنامەی (القاعدة) بەشداری لە بەرەو پێشەوەچوونی خەباتی گەل بكەن دژی داگیركەرو دەسەڵاتی كۆنەپەرستیدا،(ئازادی) یەكەمین ڕۆژنامەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی بە زمانی كوردییە،لە هەمان كاتدا یەكەمین ڕۆژنامەی سیاسی كوردییە كە بە نهێنی لە عێراق دەرچووبێت،تا ئامانجو پرانسیپو بەرنامەكانی حزب لە ڕیزەكانی گەلی كورددا بڵاوبكاتەوەو جەخت لە پێویست بوونی یەك حزبی شیوعی لە یەك وڵاتدا بكاتەوە،هەر لە هەمان لاپەڕەو بۆ درێژەدان بە بابەتی (ئازادی) لە ژمارە 1ی ساڵی 1ی نیسانی 1945ی ڕۆژنامەكەدا فائیق بەطی ئەم ڕستەیەی وەرگرتووە؛( هەموو كوردێكی دڵسۆز گەلو نیشتمانەكەی خۆش دەوێت،تێدەكۆشێ لە پێناوی دروستكردنی حزبو كۆمەڵەی دیموكراتی بۆ ڕێكخستنی گەلی كوردو ئامادە بێت بۆ

www.dengekan.com

بەکارهێنانی مافی لە بڕیاردانی چارەنووسەکەیدا،تایەکێتیەکەی لەگەڵ عەرەبدا لە عێراق یەکێتیەکی ئیختیاری بێت لەسەر یەکسانی لە هەموو مافەکاندا بنیات نرابێت) د. فائیق پێش ئەم رستەیە وشەی( لندعو)ی بەکارهێناوە،دیارە ئەمە داخوازی رۆژنامەکە بووە،رۆژنامەکەش رۆژنامەی حزبی شیوعی عێراقی بووە بە نهێنیو بە زمانی کوردی دەرچووە.

لاپەڕە 128؛لە دوای ساڵی 1908 حزبی نەتەوەیی کوردی سەریهەڵدا لەوانە حزبی (هیوا) هەروەها رۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی چاپو بڵاوبوونەوە،وەك رۆژنامەی (کوردستان)[6] لە قاهیرەو ( کرد تافائق کازیتس)[7] واتە هاوکاریو پێشکەوتنی کورد لە ئەستەنبوڵ دەرچووە.

لاپەڕە 129؛لە پێناوی وەڵامدانەوەی بەرژەوەندییەکانی رەنجبەرانی کوردو گرێدانی خەباتەکەیان لە باری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بە خەباتی رەنجبەرانی عەرەب لە عێراقدا، رۆژنامەی (ئازادی)[8]. لە مانگی نیسانی 1944 وەك رۆژنامەیەکی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراقی بە زمانی کوردی دەردەچوو،بە تایبەتی دوای ئەوەی ساڵی 1943 بۆ یەکەمجار رێکخستنی شیوعییەت گەیشتە سلێمانی کە راستەوخۆ سەرکردایەتی حزب بەشداریان لە نووسینەکانیدا دەکرد،لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەوسا بە شێوەیەکی رێكو پێكو لە کاتێکی دیاریکراودا دەرنەدەچوو،سەرەتا بە 8 تا 12 لاپەڕە دەردەچوو بەڵام پاشان تا ساڵی 1959 کە بووە رۆژنامەیەکی ئاشکرا بە دوو لاپەڕە دەردەچوو،لە 1ی ئایاری 1959 لە کەرکوك بە ئاشکرا بڵاوکرایەوە.



لاپەڕە 130؛ ساڵی 1948- 1949 لە شاری سلێمانی رۆژنامەی (دەنگی فەلاح)و ساڵی 1951 لە ناوچەی (دارماوە)ی قەزای (دەربەندیخان) رۆژنامەی (دەنگی داس) دەرچووەو ئەم رۆژنامەیە تا ساڵی 1953 بەردەوام بووە،ساڵی 1953 قوتابیانی شیوعی لە سلێمانی رۆژنامەی (دەنگی فەقێ) یان دەرکردووە،کە بەرگری لە قوتابیانی خوێندنگا ئاینیەکان دەکرد،هەر هەمان ساڵ قوتابیان لە شاری هەولێر رۆژنامەیەکیان بە شێوەی دەستنووس بە ناوی (دەنگی قوتابیان) دەرکردووە.

لاپەڕە 132 دەستەواژەو رستەیەك سەبارەت بە هاوخەباتی کوردو عەرەبو تورکمان نووسراوە،نووسەر لە پەراوێزدا روونی کردۆتەوە کە ئەو پەرەگرافە لە ژمارەی مانگی تەمموزی ساڵی 1952ی رۆژنامەی نهێنی (ئازادی) وەرگیراوە،ئێمە لەم خاڵەدا ئەوەندەی مەبەستمان لە خودی ژمارەی رۆژنامەکەیە ئەوەندە مەبەستمان لە پەرەگرافی نووسینەکە نییە، بوونی ئەم پارچە نووسینە بە واتای بەردەوام بوونی رۆژنامەی (ئازادی) دێت لە دەرچوون تا ساڵی 1952.

www.dengekan.com

## بەشی سێیەم

### چەند بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامەیەکی‌تری کوردی

ئەم کارە کۆمەڵێك کەموکورِی تێکەوتووە،لەم رووەوە ئەگەر لە باری گشتییەوە سەیری بکەین دەتوانین چەندان وردە سەرنجی بۆ تۆمار بکەین،بەڵام وەك لە ناونیشانەکەدا ئاماژەمان پێداوە کە تەنیا لە بواری رۆژنامەگەریدا لە کتێبەکە دواین ئەگەرنا لە رووی سیاسیو مێژووییو هەڵسەنگاندنی ململانێکاندا کتێبەکە گفتوگۆی ورد هەڵدەگرێت،بە هەر حاڵ وا لە خوارەوەدا ناوی چەند رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیەکیتر دەبەین کە نووسەر فەرامۆشی کردوون! یاخود زانیاری بەرامبەریان نەبووە،ئەو ناوانەی کە ئێستا ریزیان دەکەین بەشێکن لە مێژووی رۆژنامەگەریی چەپی کوردی کە لە نێوان سالانی 1924 تا 1954 لە کوردستانی باشوور (عێراق) بڵاوکراونەتەوە،پێشەکی ئەم پرسیارە دەکەم ،ئەگەر نووسەر لەسەر ئەم پرانسیپە کاری کردبێت؛ لە وڵاتێکدا ئەگەر دوو بزاڤی چەپ یاخود حزبی شیوعی هەبن ئەوە یەکێکیان لادەرە(تحریفی)یە! ئەی بۆچی ناوی رۆژنامەو گۆڤاری (شۆرِش)و (یەکێتی تێکۆشین)ی (9)، هێناوە؟ ئایا چۆن سەلماندوویەتی فلان رێکخراوو حزب لادەرە؟ ئەو بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامانەی دادێ کە ریزبەندمان کردوون پەیامەکەیان بەشێك بووە لە خەباتی چەپ، یان ئەو لایەنانەی بڵاویان کردوونەتەوە چەپ بوون؛

گۆڤار؛ حزبی هیوا لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوودا لە شاری هەولێر دەریکردووە(10).

دەنگی کورد؛ ساڵی 1943 لە لایەن کۆمەڵەی میللەت لە شاری هەولێر دەرچووە(11).

بلێسە؛ لە ساڵی 1943 لە لایەن کۆمەڵەی میللەت لە شاری هەولێر دەرچووە(12).

رزگاری؛ ساڵی 1945 بەرەی رزگاری کورد دەریکردووە(13).

شوعلە؛ لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە شاری هەولێر دەرچووە.(14)

روناکی؛لە نێوان ساڵی 1952-1954 لە لایەن کۆمەڵەی کوێرەکانی کوردستان لە شاری سلێمانی دەرچووە(15).

یەکێتی فەلاح؛ لە ساڵی 1954 لە لایەن کۆمەڵەی ئازادکردنی فەلاح لە شاری سلێمانی دەرچووە(16).

گەنجان؛ ساڵی 1954 وەك زمانحاڵی یەکێتی گەنجە دیموکراتییەکانی کوردی عێراق دەرچووە(17).

ئازادی کوردستان؛ ساڵی 1957 لە لایەن حزبی شیوعی عێراقی دەرچووە(18).

دەکرێت بۆ زانیاری پتر سەبارەت بەم بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامانە سەیری ئەم سەرچاوەو پەراوێزانە بکرێت کە ئێمە سوودمان لێ بینیوون.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

www.dengekan.com

1- د.فـائيق بطي،الـصحافة اليـسارية فـي العراق 1924- 1958،لندەن 1985

2- لەم نووسینەدا بواری ئەوە نیە جیاوازی لە نێوان رۆژنامەی کوردی ئەوەی بە زمانی کوردی دەنووسرێت،هەروەها ئەوەی بە زمانی‌تر دەنووسرێت بکەین،بە تایبەتی ئەو رۆژنامانەی کە خزمەتیان بە کوردو کێشەکەی کردووەو دەکەن،دەکرێت لەم رووەوە سەیری بروانامەی ماجستێرەکەم بکرێت(هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا 1961-1991،زانکۆی سلێمانی-2000)

3- واتە رۆژنامەی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق

4- ناوی بڵاوکراوەکە وەرگێردراوی دەقاو دەقە بۆ زمانی کوردی،واتی (یەکێتی تێکۆشین)کە لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەریدەکرد.

5- ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی‌تر بۆ ئەو گفتوگۆیەی کە ساڵی 2002 لە مانگی ئایارو حوزەیرانو تەمموز لە هەفتەنامەی رێگای کوردستانی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق کرا سەبارەت بە مێژووی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی (ئازادی).

6- دیارە مەبەستی یەکەم رۆژنامەی کوردییە(کوردستان-1898)بەڵام وەك لە مێژووی دەرچوونەکەیدا دیارە کە رۆژنامەی کوردستان پێش گۆڕانکارییەکانی ساڵی 1908 دەرچووە.

7- ناوی ئەو رۆژنامەیە بەم شێوەیە (کرد تعاون ترقی غزتسی)

8- بۆ مێژووی دەرچوونی (ئازادی) لە لاپەڕە 82 دا د.فائق بطی نووسیویەتی؛ لە نیسانی 1945 دەرچووە،کەچی لەم لاپەڕەیەدا نووسیویەتی لە نیسانی 1944 دەرچووە، بە رای من ساڵی 1944 هەڵەیەو لەوە دەچێت هەڵەی چاپ بێت،چونکە لە لاپەڕە 82 پەرەگرافێکی لە ژمارە 1ی رۆژنامەکە وەرگرتووە کە ساڵی 1945 (ئازادی) بۆ یەکەمیجار دەرچووە.

9- سەبارەت بەم دوو بڵاوکراوەیە بۆچوونی خۆی خستۆتە روو.

10،11،12،13،14،15،16،17،18- سوود لەم سەرچاوانە بینراوە؛

ا- جەمال نەبەز،یەکێتی تێکۆشین،ستۆکهۆڵم 1988

ب- نەوزاد عەلی ئەحمەد،رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1923-1960،سلێمانی 2005،

ج- هەفتەنامەی (رێگای کوردستان) ژمارە499ی رۆژی 2002/4/22 ،هەروەها ژمارە 500ی رۆژی 2002/4/29.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە رۆژی 2003/4/23 لە هەفتەنامەی رێگای کوردستان بڵاوکراوەتەوە.**

www.dengekan.com

# بیبلیۆگرافیای
# ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە
# شاری سلێمانی
# هەڵەو کەموکوڕییەکان

**پێشەکیو ڕوونکردنەوە**

ساڵی 2001 کتێبێک بە ناونیشانی(بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی 1920-1990) [(1)] لە ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح ئەحمەد,وەك ژمارە1 لە زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ چاپو بڵاوکراوەتەوە،سەرەتا دوای خوێندنەوەو هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی لاپەڕەکانی کتێبەکە لەبەر چەند هۆکارێک نەمویست قەڵەم بخەمە سەر کاغەزو سەرنجەکانم بنووسمەوە،گوتم بەڵکو لە کوردستاندا لە نێو سەرچاوەو

www.dengekan.com

کتێبی هەمەجۆرو فرە کتێبخانەیدا یەکێك هەڵەو کەموکوڕییەکان دەست نیشان بکات،ڕۆژنامەو گۆڤارە فەرامۆشکراوەکانیش بنووسێتەوە، بەڵام ئەوەندەی من لە نێو تۆڕی ئەنتەرنێتدا ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان دەبینمو سەیر دەکەمو دەخوێنمەوە،ئەو نووسینەی من مەبەستم بوو نەمبینی،هەر بۆیە ئەرکەکەم ڕووبەڕووی خۆم کردەوە،چونکە،یەکەم؛ لە کاتی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەماندا ئەگەر هەڵەو کەموکوڕییمان بینی نابێت دۆش دابمێنین بەڵکو پێویستە یارمەتیدەربین بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانو پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان،دووەم؛ بابەتی ناوبراو پێوەندی بە لایەنێك لە لایەکانی ژیانی خوێندنەوە هەیەو وەك دەزانرێت تا ئێستا لەو بوارەدا چەند کارێکم ئەنجام داوە،ئینجا هیوادارم ئەم سەرەقەڵەمانەم لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی کتێبەکەو خزمەتی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری سلێمانیدا وەربگیرێت.

بۆ باشتر ئاشنابوون بەم نووسینە بابەتەکەم بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەشکردووەو بە کورتی سەرنجەکانم خستۆتە ڕوو.

### سەربەرگ

نووسەر ئازادە لە هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ بابەتو نووسینو کتێبەکانی، بەڵام هەردەم هەوڵدەدرێت کە ناونیشان بەشێک بێت لە ناوەڕۆکی بابەت،بۆ ناونیشانی ئەم کتێبەش هەوڵدراوە کە تەواوکەری ناوەڕۆکی کتێبەکە بێت،ئێستاش وشە بە وشە ناونیشانەکە راڤە دەکەین؛

**بیبلیۆگرا فیا**؛ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان (بیبلیۆگرا)و(فیا ) هەیە پێویست ناکات،ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە وشەکە لە بناغەدا لە دوو وشە پێکهاتووە ئەمە راستە،بەڵام نابێت وشەکە لەت بکرێت چونکە دوو وشەی سادەیەو وشە(زاراوە)ی لێکدراوی بیبلیۆگرافیای لێ پێکهێنراوە،پرسیارێکیتر هەر لەمەڕ زاراوەی بیبلیۆگرافیا ئایا ئەو جۆرە پۆلێنکردنەی کتێبەکە وەک؛ناونیشان،جێگا،زمان، ژمارە، پێوانە،چاپخانە... هتد کە ئیشی لەسەر کراوە،لە کام وڵاتو لە لایەن کام نەتەوە بۆ زانستی بیبلیۆگرافیا بەو شێوەیە کاری تێداکراوە؟ دەکرا ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە پەراوێزدا روون بکرێتەوە؟ یاخود بۆچوونێکی شەخسییە؟

**ڕۆژنامەنووسیی**؛ من وای بۆ دەچم کە وشەی (ڕۆژنامەنووسیی) لە جیهانی ڕۆژنامەگەریدا تەنیا بواری نووسین بگرێتەوە،بەڵام وشەی (ڕۆژنامەگەریی) بوارەکانی نووسینو هونەرکاری دەگرێتەوە بە کاری چاپخانەشەوە،کەچی لەم کتێبەدا وشەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ هەردوو بوارەکە بەکارهاتووە کە من پێم باشترە زاراوەی ڕۆژنامەگەری نەک ڕۆژنامەنووسی بۆ ناونیشانی کتێبی ناوبراو دابندرێت.

**کوردیی**؛ وا راهاتووین کە وشەی کوردیی بۆ کارێک بەکاربهێنین کە بە زمانی کوردی نووسراوە،بەڵام لەم کتێبەدا ڕۆژنامەو گۆڤاری تێدایە کە تەنیا بە زمانی عەرەبی دەرچووە یاخود لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بابەتی

www.dengekan.com

بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە،بە رای من بۆ جیهانی چاپەمەنیو رۆژنامەگەریی،شوێنی دەرچوونو ئاڕاستەی ئیشکردن رۆڵی سەرەکی دەبینێت،بۆ نموونە لە کۆنەوە تا بە رۆژی ئەمڕۆش دەگات زۆربەی حزبو رێکخراوە سیاسییە کوردو کوردستانییەکان لە کوردستانی باشوور،زمانحاڵ (ئۆرگان)ی خۆیان بە زمانی عەرەبی دەرکردووەو دەردەکەن،هەروەها ئایا نەدەکرا بڵاوکراوەیەکی وەک (پێنجوین) فەرامۆش بکرێت؟ راستە پێویستە شوێنی بۆ تەرخان بکرێت بەڵام دەکرا ئاڕاستەی ئیشکردنو مەبەست لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی لەم جۆرە بۆ خوێنەران روون بکرێتەوە کە لە سەدا سەد بەشێک بووە لە سیاسەتە شۆفێنیەکانی رژێمی سەدام حوسێن،من وای دەبینم ئەگەر وشەی (کوردیی) لە دووتوێی ناونیشانەکەش نەبووایە هەر ئاسایی بوو بە تایبەتی بۆ شارێکی وەک سلێمانی،هەروەها ناونیشان چەندی کورت بێت باشترە.

**لە شاری سلێمانی؛** ئەگەر هەر بە سەلیقە سەرتاپای ناونیشانەکە بخوێنینەوە دیارە لە دوای وشەی (سلێمانی) (دا) قرتاوە،کە گونجاوترو شیاوتر بوو ئەو (دا)یە بنووسرێت، بۆ وشەی (شار)یش ئایا گونجاوتر نەدەبوو کە وشەی (پارێزگا) بنووسرێت؟ چونکە لە پێوەرەکانی ئیدارەو جوگرافیادا وشەی پارێزگا لە وشەی شار فراوانترو گەورەترە،وەک دەزانرێت پارێزگا لە شارو شارۆچکەو قەزاو ناحیەو گوند پێکدێت،بەڵام شار لە پارێزگا پێکنایەت،ئەوەی ئەو کتێبەشی پێ دەوڵەمەند کراوە ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارانەن کە لە دەرەوەی سلێمانی وەک مەڵبەندی شار دەرچوونە.

**پێشەکی بۆ نووسین؛** ئایا ئەم دەستەواژەیە هەڵەی چاپە یاخود رستەیەکی راستەو بەشێکە لە رێساکانی زمانی کوردی؟! بە رای من بەم شێوەیە بنووسرێت راستترە،(نووسینی پێشەکی) یاخود دەکرا تەنیا وشەی (پێشەکی) بنووسرێت،یان دەکرا جێگۆڕکێ بەو سێ وشەیە بکرێتو بنووسرێت؛(مەحمود مەلاعززەت؛پێشەکی بۆ نووسیوە).

**بۆ جەژنی 104ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردییو 82ساڵەی رۆژنامەنوسیی سلێمانیی؛** سەبارەت بەم رستەیە کە لەسەر بەرگی کتێبەکەو لە لاپەڕە(1)یش دووبارە بۆتەوە،سەرەتا دەپرسم ئایا نووسینی ئەو چوار دەبڵ(ی)یە هەمان لاسایی کردنەوەی (ی)ەکانی ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە؟ یاخود جۆرێکیترە لە نووسینی کوردی؟! راستە کە دەنگو پیتی (ی) رۆڵو ئەرکی رێزمانی خۆی هەیە،بەڵام من رام وایە کە دەنگی (ی) لە کۆتایی وشەی (سلێمانی) راست نیە،،ئەگەر لە سەرەتاو ناوەڕاستی رستە بنووسرێت رۆڵی رێزمانی دەبینێتو رۆڵی (ی)ی ئیزافە یان پەیوەندی دەنوێنێت،بەڵام وشەی سلێمانی لە کۆتایی رستەکەدا هاتووە،هەر لەم رستەیەدا هەردوو زاراوەی رۆژنامەگەرییو رۆژنامەنووسیی هاتووە نازانم نووسەر کامەی پێ راستترە؟! ئەی بۆ وشەی (کوردیی) چی دەڵێن؟

**لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ؛** بە داخەوە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی هەفتەنامەی (سلێمانیی نوێ)م نەبینیووە،دیارە

www.dengekan.com

هەفتەنامەکە ناوی (سلێمانیی نوێ) یە نەک (سلێمانی نوێ)،ئایا سەلیقەی کورد کامە ناوی پێ قبوڵە؟ (سلێمانیی نوێ) یان (سلێمانی نوێ)؟ ئەگەر لەسەر ئەو ریتمە بێت پێویستە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ش بکرێتە (کوردستانیی نوێ)،دیارە وەک دەزانرێت کە بنەماو پێکهاتەی رێزمانی هەر نەتەوەیەک لەسەر سەلیقەی تاکەکان دارێژراوەو دامەزراوە،لە کۆی سەلیقەی تاکەکاندا توانراوە کە دەستوورو رێساکانی رێزمان بنووسرێتەوەو تائەو نەتەوەیە کاری پێ بکات،تا ئێستاش زانایانی زمانو رێزمان ئیجتهادی شەخسی بە بنەما سەرەکییەکانی وەک دەستوورێکی بەکارهاتووی رێزمانی وەرناگرن،ئەمە لە لایەک لە لایەکیترەوە تا ئێستا پسپۆرانی ئەو بوارە کۆک نین لەسەر ئەوەی ئایا (دەسەڵات) یان(شاکار) زمانی یەککگرتوو درووست دەکاتو زمان پێشدەخات؟ باشترە ئەگەر ئیزافەیەک بۆ زمانو هەر بوارێکی ژیان بکرێت با پاساوی زانستی بۆ بهێنینەوە،ئەگەر قەناعەتمان نەبوو با لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکرێت،بۆ نموونە لە هەموو خەڵکی سلێمانی بپرسین ناڵێن (سلێمانیی نوێ) بەڵکو بە سەلیقەیەکی ئاسایی دەڵێن (سلێمانی نوێ) یاخود باشترە سەیری پاشکۆی کتێبی ناوبراو بکرێت،ئایا کام رۆژنامەو گۆڤار بۆ (ی)ی ئیزافە دوو (ی) بەکارهێناوە؟ کە هەندێک لەو گۆڤارو رۆژنامانە شارەزایانی زمان کاریان تێدا کردووە.

**وێنەکان**؛ لە بەرگی دواوەی کتێبەکەدا هەشت وێنەی شەخسی داندراون کە رۆڵیان دیار بووە لە جیهانی رۆژنامەگەریی کوردیدا، شیاوترو گونجاوتر دەبوو کە ناوی شەخسیاتەکان لە ژێر وێنەکان بنووسرێت،هەروەها باشتر دەبوو کە کورتەیەک لە ژیانو چالاکییە رۆژنامەگەرییەکانیان لە پاشکۆی کتێبەکەدا باس بکرێت،ئەمەو دەکرا ناوو چالاکی چەند رۆژنامەنووسێکیتریش لەو پاشکۆیە شوێنیان بۆ تەرخان بکرێت،دەپرسم ئایا ئەو وێنانە لەسەر چ بنەمایەک هەڵبژێردراون؟ ئەمەو ئایا قەبارەی وێنەکان لەسەر چ بنەمایەک گەورەو بچووک کراون؟ یاخود دابەشکردنیان بەسەر ستوونەکاندا لەسەرەوە بۆ خوارەوەو هەڵبژاردنی گۆشەی لاپەڕەکان چ حیساباتێکی بۆ کراوە؟ دیارە ئەو دوو پرسیارەی دوایی پێوەندیان بە باری هونەری رۆژنامەگەرییەوە لە رووی خزمەتو قۆناغی مێژووییەوە هەیە؟

**لەمەشیاندا سلێمانی پێشڕەوی بە بالا برا**؟ ئەمە ناونیشانی ستوونە نووسینێکە بە ئیمزای سەرۆکی شارەوانی سلێمانیو لە دوا بەرگی کتێبەکە شوێنی بۆ تەرخان کراوە، بریتیە لە 22 دێڕ لە نێو لاکێشەیەکی 15.2جاران 7.2.سم-ە،نووسینەکە کۆمەڵێک هەڵەی رێزمانی زەقی تێکەوتووەو پێم شیاو بوو کە دەست نیشانیان بکەم،تکایە سەیری ئەم رستەو دەستەواژانە بکەن؛

(دیارە رۆژنامەنوسی بوارێکی گرنگی هۆشیاری سیاسیو روناکبیرییەو دەوری سلێمانی لەم نێوانەدا لەسەر سێ خاڵ دەبینم) وشەی (نێوانە) هەڵەیە بەڵکو (نێوەندە) یاخود (لەو بوارەدا) راستترە، ئایا (لەسەر سێ خاڵ دەبینم) دەستەواژەیەکی راستەو کورد بەو شێوەیە دەنووسێت؟ گونجاوتر

www.dengekan.com

دەبوو کە ئەم رستەیە بەم شێوەیە بنووسرێت( دیارە رۆژنامەنووسی بوارێکی گرنگی سیاسیو رووناکبیرییە،دەوری سلێمانیش لەو بوارەدا بەم شێوەیە دەبینم).

(یەکەمین رۆژنامەی کوردستانی لەم شارەدا چاپ کراوە کە رۆژنامەی پێشکەوتنە) ئەمەش رستەیەکیترە لە نووسینەکەی سەرۆکی شارەوانی،دەپرسم ئایا (یەکەم ) راستترە یاخود (یەکەمین)بە رای من (یەکەم) بۆ ریزبەندکردنی پلەو دانانی پلەیە،نەک بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەمین گۆڤارو رۆژنامە! بە تایبەتی کە زنجیرە دادەندرێت،هەروەها نازانم (کوردستانی) بە چ مەبەستێک بەکارهاتووە؟ ئەگەر مەبەست لە ئاراستەی کاری رۆژنامەکە بێت ئەوە رۆژنامەی (کوردستان-1898) پێش هەموو رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردی بە ئاراستەی کوردستانی گەورە کاری کردووە، یان ئەگەر مەبەست لەوە بێت کە لە کوردستانی باشوور(عێراق)دا (پێشکەوتن) یەکەمین رۆژنامە بێت کە لە سەر هێڵی کوردستانیانە کاری کردووە ئەوە ئەم بابەتە گفتوگۆی وردی زانستی گەرەکەو لەم نووسینەدا بواری ئەو گفتوگۆو لێوردبوونەوەیە نیە!؟

( ئەم ژمارە زۆرەی رۆژنامەو گۆڤار کە لێرەدا بڵاوکراوەتەوە بۆتە لیستی رۆژنامەنووسی سلێمانی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا) دەترسم ئەم نووسینە بە زمانی عەرەبی نووسرابێتو بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرابێت،ئەگەرنا دەتوانرا بەم شێوەیە بنووسرێت؛(ژمارەی زۆری ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە بەڵگەیەکی لەبەرچاون بۆ پێشڕەوی سلێمانی لەو بوارەداو لیستی رۆژنامەنووسی کوردیشیان دەوڵەمەند کردووە) .

(رۆژنامەنووسی ئێستای سلێمانی بە ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەی حزبیو ئەهلیەوە ئەو پێشڕەویەی بۆ سلێمانی وەک خۆی هێشتۆتەوە) ئەم رستەیەش بەم شێوەیە شیاوترە؛(رۆژنامەنووسی ئێستای سلێمانی بە گۆڤارو رۆژنامەی حزبیو ئەهلییەوە لە بواری ئازادیو رادەربڕیندا ئەو پێشڕەویەی بۆ سلێمانی زیندووتر کردووەو زیاتر پەرەی پێداوە)،ئەگەر بڵێین (وەک خۆی هێشتۆتەوە) واتە لەو مێژووە دوورو درێژەدا گۆڕانکاری نەبووەو کاری تازەش نەهاتۆتە بەرهەم؟!

**سلێمانی و رۆژنامەو82**

لێرەوە بە گوێرەی تواناو زانیاری بەردەست سەرنجمان دەخەینە سەر لاپەڕەکانی ناوەوەی کتێبەکە،ئێستا لەو سەرنێوەی سەرەوەدا (سلێمانیو رۆژنامەو 82) دەست پێدەکەین کە بە قەڵەمی سەرنووسەری هەفتەنامەی (سلێمانیی نوێ) نووسراوەو لاپەڕە سێو چواری کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە،پێش کۆتایی نووسینەکە هاتووە؛( جا کە 82 ساڵ بێت سلێمانی پێشەنگیی ئەم بوارە بکات ئەوا خواستەکانی ئێمەش لەم کارە زیاتر بۆ باڵای رۆژنامەنووسی سلێمانیو سەرنجو تێبینی هەموو لایەک لە ئایندەدا کارەکەمان دەوڵەمەندتر دەکات) هەر لەسەر

www.dengekan.com

بنەمای ئەو چەند وشەیەی کۆتایی نێو ئەو دوو کەوانەیەو بۆ دەوڵەمەندکردنی کارەکە سەرنجەکانم بەیان دەکەمو دوو سەرنجیش سەبارەت بە نووسینەکە بە گشتی دەردەبڕم،یەک؛ڕۆژنامەی پێشکەوتن 32 ساڵ پاش ڕۆژنامەی (کوردستان-1898) دەرنەچووە بەڵکو 22 ساڵ پێش پێشکەوتن دەرچووە،لە شوێنێکیتری نووسینەکەیدا ڕستەی( سەروتاری لە هەموو ماکینەیەک باشتر ماکینەی چاپە) نووسیوە،بە داخەوە سەرەتا لە ڕستەکەو نووسینی وشەی (سەروتاری) نەگەیشتم پاش بیر کردنەوە ئینجا تێگەیشتم کە مەبەستی سەروتارێکە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن بە ناونیشانی(لە هەموو ماکینەیەک باشتر ماکینەی چاپە) [2] ،بە ڕای من پێویست بوو وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی سەرچاوەی ئەو لێوەرگرتنە بنووسرێت،کە لە لاپەڕە 1ی ژمارە 1ی ساڵی 1 ی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بڵاوبۆتەوە،هەر لە نووسینەکەی سەرنووسەردا بۆچوونێکیتریش نووسراوە کە خاوەنی خۆی هەیە،ئەویش ئەمەیە؛( دەرچوواندنی یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستانە لە چیا سەربڵندەکانی کوردستانەوە؛بانگی حەق) خاوەنی ئەم بۆچوونە د.کەمال فوئادەو پاشان د. ئەڕسەلان بایز لە نامەی ماجستێرەکەی گفتوگۆی سەبارەت ئەو بیروڕایە کردووەو ئیزافەی خستۆتە سەر بۆچوونەکە[3].

### ڕۆژنامەگەریی... سەروەرییەکی گەشی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی ئەو پێشەکییە کە مەحمود مەلاعززەت بۆ کتێبی ناوبراوی نووسیوەو لاپەڕەکانی 5و6و7و8و9و10و11و12ی کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە،نووسینەکە لە نووسینێکی حەماسی نزیکە کە بۆ ( ڕادیۆ-ڕۆژنامەی بیستراو) نووسرابێت،نەک نووسینی ئاسایی، نووسەری پێشەکییەکە قەڵەمێکی وردەو لە زۆربەی نووسینەکانیدا پشت بە بەڵگەو سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەبەستێت،کەچی بە داخەوە لەم نووسینەدا سەرپێیانە چەند سیفەتێکی بە شاری سلێمانی داوە،گەرچی ڕەنگە زۆربەی سیفەتەکان بوونیان هەبێت بەڵام وا هەست دەکرێت کە سیفەتەکان بە شێوەیەک ڕیزبەندکراون وەک چۆن وتارێک بۆ ڕادیۆ یاخود ڕۆژنامەیەکی ئاڕاستە هاندان (تەحریزی) نووسرابێت،تا لە ئەنجامدا حەماسەتی شۆڕشگێڕی لێبکەوێتەوە،یان بە هاندان ڕیزی جەماوەر پڕ جۆشو خرۆش بکرێت،دەتوانرێت چەند ڕستەو دەستەواژەیەک لەو نووسینە وەک بەڵگە بهێنرێتەوە؛

سەرقافڵەی کاروانی ژیان.

جڵەوی ئەو پێشەنگییەی لە دەستدا بووە.

قیبلەی گۆڕانو قیبلەنمای شارو ناوچەکانیتر.

بەردەوام ئەم شارەی سلێمانی هەر لە دامەزراندنییەوە(1784) تا ئێستا ڕۆڵی پایتەختو پێشەنگی لە هەموو بوارەکاندا بینیوە.

شاری شاران.

ئەمەو بێجگە لەو چەند وشەی(یەکەم)ەی کە بە دوای یەکدا ڕیزی کردوون،لێرە بە دواوە هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێک بخەینە سەر ئەو (یەکەم)انە

(بەردەوام پایتەخت بووە،پایتەختی حوکمو سیاسەت بوووبێت،یان پایتەختی

www.dengekan.com

ڕووناکبیریو کولتووریو مەزهەبیو ڕاپەڕینو شۆڕش) سەرەتا ئاماژە بە دەستەواژەکانی دەدەین؛( پایتەختی حوکم، پایتەختی سیاسەت،پایتەختی کولتوری،پایتەختی مەزهەبی، پایتەختی ڕاپەڕین،پایتەختی شۆڕش) ئایا بەردەوام بوونی ئەو چەند جۆرو چەشنە پایتەختە چۆن مانەوەی پایتەختێتی سلێمانییان پاراستووەو پارێزگاریان لە پایتەختێتی شارەکە کردووە؟ پێویست بوو ماوە مێژووییەکانی ئەو جۆرە پایتەختانە دیاری بکرێن! ئینجا مێژووەکان بە زنجیرە بە یەکتر ببەسترێنەوە.

(یەکەم دامو دەزگای دەوڵەتیو سوپای نوێ،پولی بەرید لە سلێمانی دەستپێکرد) ئەگەر دەوڵەت بەو واتایە وەربگرین کە؛ (شێوەیەکی مێژوویی بێت بۆ ڕێکخستنی سیاسیانەی کۆمەڵگا) [4] ئەوە دەوڵەت لەو کاتە سەریهەڵداوە کە مولکایەتی تایبەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان پەیدا بووە،کەواتە بۆمان هەیە بپرسین،ئایا لەسەردەمی حوکمداریێتی شێخ مەحموودی نەمردا مولکایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان چۆن بووە؟ ئەگەر زاراوەی (دەوڵەت) لەو ڕستەیەی سەرەوەدا بە واتای حوکمداریێتی بەکارهاتبێت دەتوانین بڵێین ئاساییە ،بەڵام ئەگەر زاراوەکە وەک خودی دەوڵەت بەکار هاتبێت ئەوە هەڵەیەو گفتوگۆی وردتر هەڵدەگرێت،چونکە زاراوەکانی (دەوڵەت)و (حکومەت) لە فەرهەنگی سیاسیدا لە یەکتر جیاوازن.

(بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستانی سەربەخۆ بەرزکرایەوە) هەر لەو ڕۆژەی کە یەکەم ئاڵا درووستکراوەو بەرز کراوەتەوە تا بە ڕۆژی ئەمڕۆ دەگات مەرج نیە ئەو ئاڵایانە ئاڵای سەربەخۆیی بن،سەبارەت بە ئاڵاکەی شێخ مەحمودی نەمر، پێش ئەو لە یەکێک لە ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیا ئاڵا بەرزکراوەتەوە[5].

(یەکەم ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی شارو گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ شارو شار بۆ شاخ لە سلێمانییەوە سەریهەڵداوە)خۆزگە بەرێزیان ئاماژەی بە ساڵو ناوی ڕاپەڕینەکان دەدا،چونکە مێژووی کورد واتە مێژووی ڕاپەڕینو بزووتنەوەی چەکداریو بەم دواییانەش شۆڕشکردن.

(هەر لە سلێمانییەوە بوو کە پێکهاتەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیو ڕاپەڕینو شۆڕش دەستپێکردو ڕووناکبیرو خوێندەوارانی شار بوونە بەشێکی) دیارە ئەگەر مێژووی کۆمەڵەو گروپو ڕێکخراوی سیاسی کوردی بخوێنینەوە ئەو بۆچوونەش گفتوگۆ هەڵدەگرێت،بە تایبەتی وا باس دەکرێت کە (لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانیدا کۆمەڵەی جیهانداران بە دەسپێشکەری عەبدولرەزاق بەگی بەدرخانو بە هاوکاری سمکۆو هەندێ لە گەورە پیاوانیتری کورد لە خویو ماکۆ دامەزراوە.. لە دوا ساڵی جەنگدا کۆمەڵەی ئیستخلاسی کوردستان لە لایەن سەید تەهای شەمزینیو بە هاوکاری سمکۆو هەندێ لە گەورە پیاوانیتری کورد لە ناوچەی ورمێ دامەزراوە). [6]

(یەکەم چاپخانەی لێ دانرا) وەک لە زۆر سەرچاوەکاندا هاتووە کە ( یەکەم چاپخانەی کوردی کە توانای بۆ گەلی کورد تەرخان کردبێت لە ساڵی 1915 لە شاری حەلەب لە لایەن خوالێخۆشبوو حسین حوزنی موکریانییەوە دامەزرێندرا) [7] ئەگەر

مەبەستیش لە خاکی کوردستان بێت ئەوە یەکەم چاپخانە لە شاری کەرکوک بە ناوی (صنائع مکتبی مطبەسی)[8]. دامەزرا.

( یەکەم ڕۆژنامەی لێ چاپو بڵاوکرایەوە) بەڵێ ڕاستە بەڵام پێویست بوو وردتر دابڕێژرێت کە؛ ( یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی کوردیو لەسەر خاکی کوردستانی باشوور لە سلێمانی چاپو بڵاوکرایەوە) ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر شوێنی دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی پێش (پێشکەوتن-1920) پنتی قسەو مەبەستمان بێت بە تایبەتی ڕۆژنامەکەی سمکۆ ئەگەر ساڵی 1921 دەرچووبێتو لە دەرەوەی سنوورو خاکی کوردستاندا چاپو بڵاوکرابێتەوە.

( یەکەم کۆمەڵەی سیاسیو ڕۆشنبیری تیایە لە دایک بوو) ئەم زانیارییە پێویستی بە بەڵگە هەیە،چونکە لە مێژووی کوردو کوردستاندا یەکەم کۆمەڵەی سیاسیو ڕۆشنبیری لە سلێمانی لە دایک نەبووە بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەش کۆمەڵێک سەرچاوە هەیە دەتوانرێت سەیری بکرێت[9].

( یەکەم شاری گەورە بوو کە لە ڕاپەڕیندا ڕزگار کرا) ئەم ڕستەیە باشتر خۆی دەنواندو تۆکمەترو زانستیتر دەبوو کە ئەگەر بەم شێوەیە بووایە؛ یەکەم پارێزگا بوو کە پێش پارێزگاکانیتری کوردستانی باشوور لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 ئازاد کرا) چونکە بۆ نموونە خۆ ڕانیە شارۆچکە نیە بەڵکو شارەو پێش سلێمانی ئازاد کرا.

(یەکەم پاڵاوتگەی نەوتی تێدا دامەزرێنرا) نەخێر یەکەم پاڵاوتگەی نەوت لە کەرکوک دامەزراوە[10]،بەڵام ڕەنگە بەڕێزیان مەبەستی لە یەکەم پاڵاوتگەی نەوت بێت لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆی کوردستاندا واتە؛( دەسەڵاتداریێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) [11]

دوای خستنە ڕووی ئەم سەرنجانە سەبارەت بە پێشەکییەکەی مامۆستا مەحمود مەلا عزەت هاوەدنگم لەگەڵ ئەم ڕستەیەی بەڕێزیان کە لە شوێنێکی پێشەکییەکەیدا سەبارەت بە نووسینەوەی مێژووی سلێمانی نووسیویەتی؛ ( مێژووی پڕ لە سەروەرییەکانی بابەتیو زانستانە بنووسینەوە) [12].

## چەند وردە هەڵەیەکیتر

ئامادەکەری کتێبەکە کە دێتە سەر پۆلێنکردنو ڕیزبەندکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان چەند وەسفو ناونیشانێکی نووسیوە بۆ جیاکردنەوەو ناسینەوەی هەر یەکێک لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان،بەڵام بۆ هەموو گۆڤارو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکان لەسەر ئەو پرانسیپە کارنەکراوە،کە دەکرا ئەو پرانسیپە وەک کلیشەیەک بەرامبەر بە هەموو گۆڤارو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکان کاری پێبکرێت،نەبوونی ئەمەش ئاڵۆزیو تێکەڵی لە لای خوێنەران درووست کردووەو ماندوویان دەکات بۆ نموونە ئەوەی لەسەر (پێشکەوتن) پێڕەو کراوە بۆ (پەیامی کرێکار)و (ئافرەتی ئازاد) پێڕەو نەکراوە،دەپرسم ئایا بۆ ئەو جۆرە وەسفو پێناسانە وەک زانستێکی بیبلیۆگرافی سوود لە چ سەرچاوەیەک بینراوە؟ یان پشت بە

کام سیستەمی بیبلیۆگرافی جیهانی بەستراوە؟ هەروەها ئاسانترو باشتر نەدەبوو ئەگەر رەچاوی سیستەمی ئەو خشتەیە بکرێت کە لە رۆژنامەی (ئالای ئازادی)[13] پێڕەویان کردووە، ئەو کاتە دەتوانرا چەند بەشێکیتریش زیاد بکرێت! ئەوسا ئەو بۆشاییە زۆرەش نەدەکەوتە دوو تویۆی کتێبەکە،هەروەها کەی ئەمە پێی دەڵێن (ناونیشان) بۆ نموونە؛(ناونیشان؛حەفتەی جارێک دەردەچێ)[14] یان (ناونیشان؛ غزتەیکی حکومتیە هفتە جاریک دەردەچی)[15] یاخود (ناونیشان؛ رۆژنامەیەکی کوردییە شەمموان دەرئەچی)[16] ،ناونیشان واتە (عنوان،ئەدرێس) مەبەست ئەوەیە کە رۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە لە کوێ (مکان) دەرچووە یان دەردەچێت،ئەوەی لەسەرتاپای کتێبەکە بە (ناونیشان) هاتووە،ئەمە پێی دەڵێن (ناسنامە- هویة)ی رۆژنامە یاخود گۆڤار؟ ئامادەکەر دەیتوانی لە هەندێک شت خۆی دەرباز بکات کە تا ئێستا لە لای ئێمە ساغ نەبوونەتەوەو دەیتوانی کلیشەکە بەم شێوەیە بنووسێتەوە بۆ نموونە؛

**پێشکەوتن**

حەفتەی جارێک دەردەچی

یاخود

**بانگی کوردستان**

علمی،اجتماعی،ادبی،غزتیکی حرو سربست ملی‌یە

یان

**ئالای شۆڕش**

جەریدەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانە

یان

**رابەر**

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیرییە،هەر بە دوو هەفتە جاریک،

لیژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوی ئەکاتەوە.

ئەمەو چەند هەڵەیەکیتریش کەوتۆتە نێو کتێبەکە هەوڵ دەدەم تەنیا هەڵە زەقەکان راست بکەمەوە؛

لە لاپەڕە 15 نووسراوە؛ خاوەن (ئیدیتۆر/ بەرپرس)؛ میجەرسۆن (ژمارە 1-45) گولدسمیث (45_118) واتە مێجەرسۆنو گولدسمیث پێکەوە بەرپرسی ژمارە (45) بوونە چونکە ئەو جیاکردنەوەیە وا دەگەیەنێت،بەڵام لە بنەڕەتدا کە میجەرسۆن رۆیشتووە ئینجا گۆلدسمیث بۆتە بەرپرسی رۆژنامەکە.

لە لاپەڕە 16 نووسراوە؛ (شیروان بەکر سامی) راستیەکەی (سیروان بەکر سامی)یە.

لە لاپەڕە 17 بۆ (بانگی کوردستان) نووسراوە؛ (علمی،اجتماعی،ادبی،غزتیکی حرو سربست ملی‌یە) بەڵام ئەم ناسنامەیە بۆ هەموو ژمارەکان بەو شێوەیە نەماوە بۆ نموونە لە ژمارە(14)ی ساڵی (1) نووسراوە؛(علمی،سیاسی،ادبی،غزتیکی ملی‌یە) کە پێویستی دەکرد ئەو گۆڕانکارییانەش ئاماژەیان پێبدرێت،وەک چۆن لە هەندێک شوێندا لە کاتی زیادو کەمبوونی لاپەڕەکاندا نووسراوە.

لە لاپەرە 20 بۆ (بانگی حەق) بەرامبەر بە خاوەن(ئیدیتۆر/ بەرپرس) هیچ نەنووسراوە بەڵام ئەگەر بە وردی لاپەڕە (1)ی ژمارە(1)ی رۆژنامەکە لای سەرەوەی بخوێندرێتەوە دەزانرێت کە بەرپرسی بانگی حەق (قرارگای عمومی ئۆردوی کوردستانە) چونکە بەم

www.dengekan.com

رستەیە ئەو شوێنە لە هەموو شتێک بە بەرپرسی رۆژنامەکە دەزانرێتو نووسیویەتی ( بۆ هەموو شتێک مراجەعەت بە قەرارگای عمومی دەکرێت ) [17]

لە لاپەڕە 21 ئامادەکەری کتێبەکە سەبارەت بە ژمارە (2)ی بانگی حەق دوو بۆچوون دەردەبڕێت لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا دەڵێت ؛( ژمارە -2- دەرنەچووە )کەچی (چوار) دێڕ پێش ئەم دەستەواژەیە نووسیویەتی ؛(-3- ژمارەی لێ دەرچووە ) کە لە بنەڕەتدا کەس ژمارە (2)ی نەبینیووەو دەشێت هەرتەنیا دوو ژمارەی لێ چاپو بڵاوکراوبێتەوەو بە هەڵە لەسەر ژمارە (2) نووسرابێت ژمارە (3).

لە لاپەڕە 23 بۆ دەرچوونی ژمارە (1)ی ئومێدی ئیستقلال نووسراوە ؛(ژمارە 1،ساڵ 1،پێنج شەممە ایلول 1923) بەڵام بە روونی لەسەر ژمارەکەدا نووسراوە کە لە (20 ایلول ) دەرچووە،کەچی نازانم بۆ رۆژی دەرچوونەکە فەرامۆشکراوە ؟!

لە لاپەڕە 31 لە کاتی باسکردنی بڵاوکراوەی [18] (خورمال )دا پێویست بوو بنووسرێت کە بڵاوکراوەیەکی (دەستنووس ) بووە،قەبارەش گرنگە کەچی نەنووسراوە ! هەروەها بڵاوکراوەیەکیتری خوالێخۆشبوو؛ شاکر فەتتاح بە ناوی (چەمچەماڵ ) لە بیر کراوە کە لە شوێنێکیتری ئەم نووسینەدا باسی دەکەم.

لە لاپەڕە 34 بۆ بڵاوکراوەی (دەنگی فەلاح ) ئاماژەی بەوە نەدراوە کە حزبی شیوعی عێراقی دەریکردووە [19].

لە لاپەڕە 35 کە باسی بڵاوکراوەی (فەلاح ) دەکات بە رای من هەمان بڵاوکراوەی (دەنگی فەلاح)ەو لە دۆسیەی ژمارە 950/85ی 1950/12/9 بە هەڵە ناوی کراوەتە (فەلاح)،چونکە رەوا نیە(ژمارە 1،ساڵ 1،لە تشرینی یەکەم؛1962 دەرچووبێتو لە 1950/12/9 خەڵکی لەسەر تاوانبار کرابێت !؟

لە لاپەڕە 37 باس لە بڵاوکراوەی (یەکێتی فەلاح ) دەکات،نازانم لە سلێمانی دەرچووە یان لە شوێنیتر،بەڵام کۆمەڵەی ئازادکردنی فەلاحەکان،کۆمەڵەیەک بووە حزبی شیوعی عێراق وەک کۆمەڵەیەکی تێکۆشانی جوتیارانی کوردستان لە پێناوی مافەکانی خۆیان سەرپەرشتی کردووە، واتە کۆمەڵەی ناوبراو تایبەت نەبووە تەنیا بە شاری سلێمانی،بۆ راستی ئەم بۆچوونەش دەتوانرێت بەیاننامەکەی( کۆمەڵەی ئازادکردنی فەلاحەکان ) لە لاپەڕە 1ی ژمارە 2ی بڵاوکراوەکە بخوێندرێتەوە،هەروەها لە دێری 9ی هەمان لاپەڕەی کتێبی ناوبراودا نووسراوە ؛( جێگا ؛ سلێمانی / بە نهێنی ) کەواتە ئەو گۆڤارو بڵاوکراوەو رۆژنامانەی پێشەوە کە لە کتێبەکە باسیان کراوە،بۆ نموونە وەک ؛( دەنگی راستی،پشکۆ،دەنگی فەلاح..) بە ئاشکرا چاپو بڵاوکراونەتەوە،لەم جۆرە پۆلێنکردنانەدا پێویستە بە وردی ئاماژە بە سیفەتەکان بدرێت بە تایبەتی ئایا (نهێنی) یان (ئاشکرا )بووە [20].

لە لاپەڕە 39 باس لە (بڵاوکراوەی گەنجان ) کراوە،نازانم وشە (زاراوە )ی (بڵاوکراوە ) لە کوێ هێنراوە؟ ئایا لە چ لاپەڕەو شوێنێکی (گەنجان ) نووسراوە؟ ئەمەو پێویست بوو بنووسرێت کە ؛ ( یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی عێراق ) رێکخراوێک بووە حزبی شیوعی عێراق سەرپەرشتی کردووە.

www.dengekan.com

لاپەڕە 42 ؛ گۆڤاری (بەیان) لە کەرکوک بە ناوی (شەفەق) دەرچووە نەک (الشفق)، هەر تەنیا ژمارە 1ی لە کەرکوک دەرنەچووە بەڵکو تا ژمارە (3)ی بەرگی (2) لە کەرکوک دەرچووە،کە بۆ سلێمانی گوێزرایەوە ناوەکەی کراوەتە (بەیان)و پاش زیاتر لە دوو ساڵ جارێکیتر بۆ کەرکوک گوێزراوەتەوەو هەمیسان ناوەکەی کراوەتەوە بە (شەفەق) (21).

لاپەڕە 44؛ بۆ گۆڤاری (نەورۆز) نووسراوە (وێنە؛ نیە) کەچی لە ژمارە 1ی ساڵی 1 ی نەورۆزی 1959 وێنەی عەبدولکەریم قاسم بڵاوکراوەتەوە.

لاپەڕە 45 ؛ بۆ گۆڤاری (نیشتمان)یش نووسراوە (وێنە؛ نیە) کەچی لەسەر بەرگی گۆڤارەکە وێنەی کوردو عەرەبێک بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە دێڕی 3ی هەمان بابەتو لاپەڕەدا نووسراوە؛ (لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایان لە سلێمانی بە زمانی کوردیو عەرەبی دەرئەچێت)بەڵام لە رستەکەی سەر بەرگی گۆڤارەکە(زمانی کوردیو عەرەبی) نەنووسراوە،پێویست بە دووبارە کردنەوەش ناکات،چونکە لە دێڕی (11)ی هەمان لاپەڕەی کتێبەکەدا سەبارەت بە گۆڤاری ناوبراو نووسراوە؛ (زمان؛ کوردیو عەرەبی).

لاپەڕە 50؛ بۆ گۆڤاری هونەر نووسراوە (وێنە؛ نیە) کەچی بۆ نموونە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە وێنە بڵاوبۆتەوە.

لاپەڕە 52؛ نازانم زاراوە (وشە)ی نامیلکە لە فەرهەنگی رۆژنامەگەریی کام نەتەوەو وڵات وەک جۆرێک لە جۆرەکانی جیهانی رۆژنامەگەریی بەکارهاتووە؟ چونکە (نامیلکەی سلێمانی) بریتیە لە کۆمەڵێک بەرهەمی کۆکراوەو وەک نامیلکە چاپکراوە، تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت کە نامیلکەی سلێمانی لە دوو تویی ئەم کتێبەدا شوێنی بۆ تەرخان بکرێت کە بۆ نموونە ناوی گۆڤارەکە (نامیلکەی سلێمانی) بێت،هەر لە هەمان لاپەڕەدا بۆ وەسفی نامیلکەی سلێمانی نووسراوە (زاراوە؛کرمانجی خواروو) ئامادەکەری کتێبەکە وشەی (زاراوە)ی بە هەڵە بەکارهێناوە، چونکە زاراوە بە واتای (مصطلح) دێتو وا رۆیشتووە،بەڵام لە کتێبەکەدا بەرامبەر بە (لهجة) بەکارهاتووە، کە لە نێو پسپۆرانی کورددا بەرامبەر بە (لهجة) (زار) یاخود (دیالێکت) بەکاردێت.

لاپەڕە 56؛ بۆ ژمارەکانی رزگاری کوردستان نووسراوە؛(ژمارە 1؛ ساڵی 1،مایس 1963- ژمارە 4 ؛ساڵی 1 کانونی یەکەم 1962- ژمارە 4 ؛ ساڵی 2 کانونی دووەم 1962) دیارە لە کاتی نووسینەوەی ئەم ژمارەو مێژووانەدا پەلە کراوە،ئەگەرنا چۆن دەبێت (ژمارە 1،ساڵی 1 لە مایسی 1963 دەرچووبێت کەچی ژمارە 4؛ ساڵی 2 لە کانونی دووەمی 1962) دەرچووبێت؟ (22)

لاپەڕە 58؛ (بەرەو پێشەوە) دوو ژمارەی لێدەرچووە نەک (1) ژمارە،ژمارە (3)ش ئامادە بووە بۆ چاپ بەڵام بڵاونەکراوەتەوە (23).

لاپەڕە 60؛ جەلال دەباغ لە بڵاوکراوە کوردییەکانی حزبی شیوعی عێراق لە کوردستان بە گشتیو لە سلێمانی بە تایبەتی کاری تێدا کردوون یاخود ئاگاداری دەرچوونو بڵاوکردنەوەیانە،لەو وتارەی کە لە هەفتەنامەی (رێگای کوردستان) (24) بڵاوی کردۆتەوە ناوی (هەواڵنامە)

ناهێنێت،بەڵکو بەم شێوەیە دەنووسێت؛ (کۆمیتەی ناوخۆی سلێمانی هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بڵاوکراوەیەکی مانگانەو یان ناو بە ناو دەربکات ئەوەبوو بڵاوکراوەی (دەنگو باس)و (هەواڵەکانی کوردستان)و شتی وای بڵاوکردەوە. تا ساڵی 1967 من گەرامەوە سلێمانی)[25] ، منیش لە کتێبی(رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردی 1961-1991)26، باسم لە (هەواڵنامە) کردووە،دیارە جەلال دەباغ لە نوسینی دەستەواژەی (شتی وای)دا مەبەستی (هەواڵنامە)یەو ناوەکەی لە بیر چۆتەوە!

لاپەڕە 61؛ گۆڤاری (رزگاری) ژمارە 1ی ساڵی 1962 دەرچووە 27 ،هەر بۆیە پێویستە زنجیرەی دانانی ئەم گۆڤارە لە لاپەڕە 55 یاخود لە لاپەڕە 56ی کتێبەکە بێت نەک لە لاپەڕە 61.

لاپەڕە 63؛ نازانرێت بۆ جێگۆڕکێ بە زنجیرەی ناوی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (گزنگ-چیا) کراوەو پاشو پێش کراون؟ هەروەها نووسراوە؛ (ژمارە 1ی بە ناوی گزنگ-ە،ژمارە 2ی ناوی چیایە) ئەی ژمارە 3ی بە ناوی چی دەرچووە؟

لاپەڕە 64 بە گوێرەی نووسینە ناوبراوەکەی جەلال دەباغ کە؛ یەکدوو ژمارەی ئالای کارگەران لە چاپخانەیەکی کۆنی حزبی شیوعی عێراق لە گوندی دەرگەلەی سەر بە پارێزگای هەولێر چاپکراوە 28،دەرگەلە گوندێکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر.

لاپەڕە 68؛ لە دوا دێڕی ئەو نووسینەی سەبارەت بە گۆڤاری (رزگاری) نووسراو، هاتووە؛(ژمارە 14-25) دیارە ئەمە هەڵەی چاپەو راستیەکەی بەم شێوەیەیە (ژمارە 14-15).

لاپەڕە 69؛ بۆ روونکردنەوە پێویستی دەکرد لە خوارەوە بنووسرێت؛دیارە ئەوسا بڵاوکراوەیەکی تر بە ناوی (دەنگو باس) هەبووە،بۆیە لە ژمارە (2)ەوە ناوەکەیان کردۆتە (بروسکە)29.

لاپەڕە 70؛ بڵاوکراوەی (رەنج) ژمارە (1)ی لە مانگی ئابی 1969دا دەرچووە 30.

لاپەڕە 74؛ محەمەد نوری تۆفیق سکرتێری نووسینی (دەنگی مامۆستا) بووە نەک لێپرسراوی گۆڤار،چونکە ئەم دوو زاراوەیە لە هونەری رۆژنامەگەریدا جیاوازن 31.

لاپەڕە 77؛ ئایا (خەباتی کرێکاران) کەی دەرچووە؟ ناملیکە بووە یان گۆڤار؟ ئەگەر ناملیکە ئایا بێت دەچێتە خانەی رۆژنامەگەرییەوە یان نا؟

لاپەڕە 79؛ ژمارە (1)ی (رەنجدەر) لە ناوەڕاستی 1976 دەرچووەو تا وەستانی (4) ژمارەی لێدەرچووە نەک (3) ژمارە 32.

لاپەڕە 83؛ بۆ بڵاوکراوەی دەنگوباسی زانکۆی سلێمانی نووسراوە؛ (خاوەنی لقی راگەیاندنو بڵاوکردنەوەی سەرۆکی زانکۆ) لام وایە ئەمە هەڵەی چاپە چونکە (سەرۆکایەتی زانکۆ) راستترە،هەروەها نووسراوە (وێنە؛نیە) کەچی هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەرگی پاشکۆی ژمارە(2)ی تشرینی یەکەمی 1975 بکەین دەبینین وێنەی قەڵەمو کتێبێک بڵاوکراوەتەوە، ئەمەو بێجگە لە دانانی دروشمی زانکۆی سلێمانی.

لاپەڕە 90؛ باشتر بوو وەک سەرنجێک بۆ (شنروێ) بنووسرێت تا ژمارە (5) بە ناوی (شنروێ) دەرچووەو

www.dengekan.com

لە ژمارە (6)دا ناوەکەی بۆتە (ئاسۆگە)و لەم ژمارەیەوە وەستاوە.

لاپەڕە 91؛ دەنگی شۆڕشی عێراق ژمارەی لاپەڕەکانی 21 لاپەڕە نیە بەڵکو 22 لاپەڕەیەو بەشی ئێستگەی دەزگای ڕاگەیاندن دەریکردووە، لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەیەکی وەک (دەنگی شۆڕشی عێراق) لە نێو شۆڕش دەرچووەو خراوەتە ناو بیبلیۆگرافیایەکی لەو شێوەیە پێویستی دەکرد بۆ ئەم مەسەلەیە بە دواداچوون بۆ چەند گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیتریش بکرێت،من بۆچوونم وایەو پێم زانستیترە کە ئەو چەشنە گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە لە دوو تویی ڕۆژنامەگەریی (نهێنی)دا شوێنیان بۆ تەرخان بکرێت باشترە،چونکە ناتوانرێت بسەلمێنرێت کە هەموو کارە ڕۆژنامەگەرییەکانیان لە نووسینو نەخشەسازیو چاپخانە لە یەک شوێنی دیاریکراو رایی کراون بە مەرجێک ناسنامەی ئەو شوێنەیان لەسەر نەبێت وەک؛ جێگا یاخود سنووری چالاکیو کاری ڕێکخراوەیی‌و پێشمەرگایەتی،بۆ نموونە ئاساییە ڕۆژنامە یاخود گۆڤار یان بڵاوکراوەیەک ناوی مەڵبەندو لقو کۆمیتەو ناوچە.. هتد، سلێمانی یاخود سنووری پارێزگای سلێمانی بەسەرەوە بێتو بخرێتە دوو تویی کتێبێکی لەو شێوەیە،بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو باشترە لە چوارچێوەیەکی گشتی کاریان لەسەر بکرێت،ئەمە لە (ڕزگاری ل95)و (هۆرە ل96) دووبارە بۆتەوە،بەڵام بۆ (دەنگی کرێکار ل98) ئاساییە چونکە ناوی (سلێمانی)ی بەسەرەوەیە.

لاپەڕە 96؛ (هۆڕە) نیە (هۆرە)یە.

لاپەڕە 99؛ ئایا ئەگەر نەزانرێت (دەنگی لاوان) کەی دەرچووە چۆن خراوەتە ئەو لاپەڕەیە، کە کتێبەکە لەسەر بنەمای زنجیرەیی ڕۆژو مانگو ساڵ پۆلێنو ڕێکخراوە،ئەگەر لەبەر نەزانینی مێژووی دەرچوونی خراوەتە ئەو شوێنە پێویست بوو لە سەرنجێکدا ئەو هۆیە بنووسرێت.

لاپەڕە 100؛ بۆ (ئافرەتی ئازاد)یش پێویستی بوو کە سەرنجێکی لەو شێوەیە بنووسرێت.

لاپەڕە 103تا 126؛کارێکی باشکراوە کە کۆپی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان بڵاوکراوەتەوە،بەڵام خۆزگە وەک کتێبەکە ئەوانیش بە زنجیرەی مێژوویی دادەندران! هەروەها باشترو شیاوترو جوانتر دەبوو،ئەگەر ئەو کۆپیکراوانە هەر یەکەو لەگەڵ نووسینەکانی خۆیان دابندرێن، چونکە وا هەست دەکەم بەو شێوەیەی ئێستا خوێنەر بۆ بەراوردکردنی نووسینو وێنەکان تۆزێک ماندوو دەبێت.

دیارە هیچ کارێکی ئەرشیفکردنو دۆکۆمێنتکردنو بیبلیۆگرافیا بێ کەمو کوڕی نابێت، نەخوازەڵڵا ئەگەر یەک کەس ئەو کارە جێبەجێ بکات،بە تایبەتی کارێکی لەو شێوەیە کە بریتیە لە کۆکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی پارێزگایەک لە ماوەی حەفتا ساڵدا،ئیتر وا لە خوارەوەدا بە گوێرەی دەستکەوتنی سەرچاوە هەوڵ دەدەم چەند کەموکوڕییەکی ئەو کتێبە ساغ بکەمەوەو ئیزافەیەک بخەمە سەر ئەو کارە،وەک سەرنجێکیش پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە،زۆربەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە بۆ کتێبەکەم ئیزافە کردووە حزبو ڕێکخراوی سیاسی کوردو کوردستانی دەریانکردووەو ناوی مەڵبەندو ئەو لقانەیان بەسەرەوەیە کە سنووری چالاکییەکانیان بریتی بووە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لەسەر ئەو بنەمایە پێموایە کە ئەو ناوانە زۆربەیان لەو سنوورە چاپو بڵاوکراونەتەوە؛

### چەمچەماڵ

ڕۆژنامەیەکی دەستنووس بووە خوالێخۆشبوو شاکر فەتتاح لە چەمچەماڵ دەریکردووە،لە 1946/7/1 تا 1946/8/12 (7) ژمارەی لێ چاپو بڵاوکردۆتەوە33، سنووری جوگرافی چەمچەماڵ بە گوێرەی ئەمڕۆ سەر بە پارێزگای سلێمانی‌یە.

### ڕزگاری

بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کورد بووەو ژمارە(1)ی ساڵی 1946 لە بەغدا بە شێوەی نهێنی‌و بە تایپی ئاسایی‌و بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە، پاش وەسبەی 1948 چیتر نەتوانراوە لە بەغدا چاپبکرێت،بۆ گوندی (سیتەک)ی باکووری سلێمانی گوێزرایەوە لەوێش چەند ژمارەیەکی‌تری لێ چاپکراوە34.

### نیشتمان

ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ. ک) بووەو بە نهێنی لە ساڵی 1943 تا 1944 (9) ژمارەی لە شاری تەورێزی ئێران لێدەرچووەو زیاتر عەبدولرەحمان زەبیحی سەرپەرشتی دەرکردنی کردووە ،دوای ڕوخانی کۆماری مەهابادو ئاوارەبوونی زەبیحی‌و محەمەد شاپەسەندی ساڵی 1948 لە گوندی(سیتەک)ی سلێمانی ژمارە (10)یان بە (24) لاپەڕە دەرکردووە35.

### دەنگی داس

بڵاوکراوەیەک بووە حزبی شیوعی عێراق لە نێوان ساڵانی 1951- 1954 بە زمانی کوردی لە دەربەندیخان دەریکردووە36.

### خەبات

ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە،ساڵی 1953 ژمارە 1ی بە نهێنی دەرچووە،ماوەیەکیش ڕۆژنامەیەکی‌تری پارتی بە ناوی (خەباتی کوردستان) دەردەچوو،خەبات لە ماوەی ساڵانی 1953 تا 1959 بە نهێنی لە بەغداو کەرکوکو سلێمانی دەرچووە،دوای ئەیلولی 1961 دیسان چۆتەوە قۆناغی نهێنی‌و ژمارە 465 کە یەکەمین ژمارەی قۆناغی نهێنی سەردەمی بزووتنەوەی چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستان-ەو ئەوکاتە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەرچووە37.

### ئازادی کوردستان

سەبارەت بەو ڕۆژنامەیە سەرچاوەیەک نووسیویەتی؛ (لەگەڵ بەستنی دووەمین کۆنفرانسی حزب لە ساڵی 1956 داو هەڵبژاردنی

www.dengekan.com

سەرکردایەتی حزبو چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتی ناوخۆو یەکگرتنەوەی هەندێ لە لابالەکانی حزبو هەڵبژاردنی هاوڕێ سەلام عادل بە سکرتێری حزبو جەمال حەیدەری بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی،ئازادی 38 بە هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشچوو،بە تایبەتی لە ساڵی 1957دا،چەند ژمارەیەکی رێکو پێکتری لێ دەرچوو بە ناوی- ئازادی کوردستان-و بەڕێزان مامۆستا سالح حەیدەری،حەمید عوسمان بەشداری دەرکردنی بوون)39 بە رای من ئەو چەند ژمارەیە لە کەرکوک پاشان لە سلێمانی دەرچووە.

**رێگای کوردستان 40**

رۆژنامەیەکی نهێنی بووە،لقی کوردستانی 41 حزبی شیوعی عێراق زیاتر بە زمانی کوردی دەریکردووە،ژمارە 1ی ساڵی 1962 چاپو بڵاوکراوەتەوە، لە زۆر شوێنو جێگادا دەرچووەو تا ساڵی 1973 بەردەوام بووە،لەو یانزدە ساڵەدا ماوەیەک لە سلێمانی لە ماڵی خوالێخۆشبوو عوسمان دانش چاپکراوە 42 ، دیارە دوای ئینشقاقی حزبی شیوعی عیراقی لە ساڵی 1967،هەردوو لایەنی مونشەق رۆژنامەی (رێگای کوردستان)یا دەردەکرد.

**پێشرەو**

گۆڤارێکی هوشیاری زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بووە،ژمارە 1،ساڵ 1، مارتی 1966 و ژمارە 2،ساڵ 1،ئابی 1966 دەرچووە.

**دەنگو باس**

ساڵی 1969 پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی)



بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی (دەنگو باس) دەردەکرد ،باڵێکی حزبی شیوعی عێراقیش بڵاوکراوەیەکیان بە هەمان ناو هەبوو43 ، هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی بڵاوکراوەکەی خۆیان کردۆتە (بروسکە) ئەوسا دوای دوو لەتبوونەکەی حزبی شیوعی عێراق باڵێکیان بڵاوکراوەیەکیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە ناوی ( دەنگو باس) دەرکردووەو (بروسکە)و (دەنگو باس) بە نهێنی دەردەچوون.

**رێبازی قوتابیان**

یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق لە هەر لقێک لە لقەکانیدا گۆڤارێک یاخود بڵاوکراوەیەکی دەردەکرد،لقی سلێمانی-یش گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی (رێبازی قوتابیان) ژمارە 1ی ئەو گۆڤارە ساڵی 1972 دەرچووە بەڵام نازانرێت چەند ژمارەی لێ چاپو بڵاوکراوەتەوە 44.

**گۆڤاری شەهیدانی کوردستان**

گۆڤارێکی رامیاریو رۆشنبیری بووە لێژنەی راگەیاندنی لقی 3و4ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق 45، بە شێوەی دەوری دەریکردووە،ژمارە 1ی لە ساڵی 1982 دەرچووە 46.

**سورێن**

گۆڤاری لقی سلێمانی حزبی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق بووە،ژمارە 1ی لە مانگی ئابی 1983 دەرچووە،دوا ژمارەی کە ژمارە 65ـە لە کۆتایی ساڵی 1990 دەرچووە،شایانی باسە دوای راپەرینی ساڵی 1991 ژمارەیتری لێدەرچووەو زیاتریش قەبارەی نیو فۆلسکابی هەبووە،پاشان بۆتە گۆڤارێکی تیۆری سیاسی حزبی سۆشیالیستی کوردستانی عیراق 47.

www.dengekan.com

**ئالاى پێشمەرگە**

ئۆرگانی حزبی شیوعی عیراق- مەڵبەندی سلێمانیو کەرکوک بووە،ژمارە 1ی لە ناوەڕاستی ساڵی 1984 دەرچووە،ژمارە 3 لە کۆتایی تەمموزی هەمان ساڵ دەرچووە،بەڵام سەبارەت بە ژمارەکانیتر زانیاریمان دەست نەکەوت،زیاتر وتاری سیاسیو هەواڵو چالاکی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عیراقی بڵاودەکردەوە 48.

**هەڵمەت**

گۆڤارێکی وەرزی بووە،لقی سلێمانیو کەرکوکی کۆمەڵەی نووسەرو رۆژنامەنووسو هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق دەریکردووە،ژمارە 1ی لە ئایاری 1985 دەرچووەو دەڵێن ژمارە 2 شی لێ چاپو بڵاوکراوەتەوە بەڵام من نەمبینیووە 49.

**ئەزمڕ**

گۆڤاری لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە،ژمارە 1ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1985 دەرچووە، دوا ژمارەی ئەزمڕ ژمارە 11 یە لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1986 دەرچووە،ئەو کاتە لەوەدەچێت ئەم گۆڤارە لە ناوچە سنوورییەکانی هەورامان بەو دیوەوە واتە بە دیوی ئێران دەرچوو بێت نەک لە نێو سنووری پارێزگای سلێمانی، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی لقی چوار واتە لقی سلێمانی بەسەرەوەیە بۆیە ئاساییە بخرێتە چوارچێوەی مێژووی رۆژنامەگەریی سلێمانییەوە،بۆ زانیاری زیاتریش لە دوای راپەڕینی ساڵی 1991-یش چەند ژمارەیەکیتر لەو گۆڤارە دەرچووەو پاشان وەستاوە 50.

**دەستەو گروپە چەپو نەتەوەییەکان**

لە دوای ساڵی 1980-ەوە لە نێو پارێزگاکانی کوردستانی باشوور (عێراق) چەند گروپو دەستەو باڵی سیاسی بچووک بە نهێنی دامەزرانو چاپو چالاکی رۆژنامەگەرییان هەبووە،هەندێک لەو رێکخراوانە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاری خۆیان چاپکردووە،وەک؛ بڵاوکراوەو گۆڤاری؛( کار، کارگەران،پرۆلیتاری،..هتد ).

**ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی رۆژهەڵات (ئێران)**

وەک هەموومان دەزانینو زۆربەمان ئاگادارین کە دوای شکستی بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی رۆژهەڵات (ئێران) لە ساڵانی 1980-1985و لە دەستدانی شارو شارۆچکە گەورەکانی ئەو دیو،زۆربەی حزبو رێکخراوە سیاسیەکان بارەگاکانیان کەوتە سنووری پارێزگای سلێمانی،مەڵبەندی چاپکردنی چاپەمەنییەکانیشیان بە تایبەتی بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانیان کەوتە سلێمانی، تا هەندێک لەو رۆژنامەو گۆڤارانە کاریگەریی خۆیان لەسەر خەڵکی ئەو سنوورەو سنوورەکانیتری کوردستانی باشوور جێهێشت،ئەمەش ناوی چەند رۆژنامەو گۆڤارێکە؛ ( نووسەری چیا،پێشەنگ، پێشڕەو.. هتد ) 51.

**ئەنجام**

بۆ بەدواداچوونو سەرنجدانو تێووردبونەوە بەرامبەر هەر کارو چالاکییەک بە تایبەتی لە جیهانی نووسیندا،پێشەکی پێویستە ئاڕاستەو پرانسیپەکانی خزمەتکردن لە بیر نەکرێت،ئەو چەند سەرەقەڵەمەی منیش بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو

www.dengekan.com

هەڵەو کەموکوڕییانەی کە کتێبی (بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانیی 1920- 1990) رووبەڕووی بۆتەوە،دیارە هەڵەو کەموکوڕییەکان ئەوە دەهێنن لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی مێژووی رۆژنامەگەریی سلێمانی قسەیان لەسەر بکرێت، قسەو باسمان لە بەرگی کتێبەکەوە سەرەتای گرتووەو لە چەند رستەو پەرەگرافێک دواوین کە دەکرا ئامادەکەری کتێبەکە وردتر کاری نووسینو نووسینکاریان بۆ بکات،هەم لە رووی سینتاکسیو هەم لە باری دارشتنی ناوی کتێبەکەو رستەی ناوی کتێبەکەمان لێکداوەتەوە، چونکە ناونیشان کاکڵەی ناوەڕۆکە،پاشان نیگامان خستۆتە سەر دوو نووسین کە وەک سەرەتاو پێشەکی لە کتێبەکە دواون،کە دەکرا کارێکی لەم شێوەیە لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستی بە بالاْبرێت، هەروەها لە بەشێکیتری ئەم نووسینەدا هەوڵم داوە چەند هەڵەیەک راست بکەمەوەو ناوی کۆمەڵێک بڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤاریتر ریزبەند بکەم ،کە لە کتێبی ناوبراو فەرامۆش کراون.

لە کۆتاییدا ئومێد دەکەم ئەم نووسینە بە نیگایەکی ئیجابیانە بەرامبەر بە جیهانی شارێک وەربگیرێت کە پێویستە ئەگەر هەمووشمان نەتوانین ئەوە زۆربەمان دەتوانین لە بەرز راگرتنی مێژووی سەروەرییەکانی بەشداری بکەین.



## پەڕاویزەکان

1- رەفیق ساڵح ئەحمەد،بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی 1920- 1990،لە بلاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ،ژمارە 1 ،سلێمانی 2002

2- پێشکەوتن (رۆژنامە) ژمارە 1،ساڵی 1،پێنجشەممە 29ی ئەیلولی 1920 ل 1.

3- بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکە؛

ئەلف- د. کەمال فوئاد،بانگی حەق- یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان (پاشکۆ)ی گۆڤاری مرۆڤایەتی،سلێمانی 1998.

بێ؛ئەرسەلان بایز ئیسماعیل،راگەیاندنی شۆڕشو بزوتنەوەی شیعری کوردی،سلێمانی- 2001 ل 37

4- سعد رحمی (مترجم) مصطلحات سياسية،دار الثقافة الجديدة، القاهرة- 1984،ص 76.

5- هاوڕێ باخەوان،ئاڵای کورد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی- 2001

6- نەوشیروان مستەفا،حکومەتی کوردستان،هەولێر-1993 ل 58.

7- عەبدولجەبار محەمەد جەباری،مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی-1970 ل 70.

www.dengekan.com

8- وریا جاف،کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی،هەولێر-1999 ل 7.

9- بۆ نموونە ئەم سەرچاوانە؛

ئەلف؛ عەزیز شەمزینی،جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی؛ فەرید ئەسەسەرد،لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،چاپی سێیەم،سلێمانی-1998.

بێ؛ عبدالستار طاهر الشريف،الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية، بغداد- 1988.

جیم؛ فەهد گەردەوانی(وەرگێڕو ئامادەکەر) ڕێکخراو،کۆمەڵە،پارت لە کوردستانی عێراقدا،ستۆکهۆڵم-1999.

10- عەبدوڵلا غەفور،نەفتی کوردستان،سوید-2001.

11- دەکرا ڕۆژی دروستکردن و دەست بەکار بوونی پاڵاوتگەی نەوت و بەنزین و.. هتد ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنووسرێت.

12- واتە مێژووی سەروەرییەکانی سلێمانی،سەیری پەراوێزی ژمارە (1) ل 12 بکە.

13- ئالای ئازادی (هەفتەنامە) سلێمانی 1998/4/22.

14- ڕەفیق سالح ئەحمەد،بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانیی،ل 15.

15- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 24

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 27

17- بانگی حەق،ژمارە 1،ساڵ 1،ی 28 مارت 1923 ل 1

18- بۆ زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی دوو توێی ئەم کتێبە لە سەرەوەی لاپەڕەکانی تەنیشت ناوەکانیان زاراوەی (گۆڤار) یاخود (ڕۆژنامە) یان (بڵاوکراوە) نووسراوە،نازانم بۆ جیاکردنەوەی ئەم سێ زاراوەیە چ پێوەرو پرانسیپێک پێڕەو کراوە؟

19- د. فائق بطي، الصحافة اليسارية فی العراق،لندن-1985 ل 130.

20- بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە زاراوەکانی (نهێنی)و (ئاشکرا) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە؛نەوزاد عەلی ئەحمەد،هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا (نامەی ماستەر) زانکۆی سلێمانی- 2001.

21- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد،تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا،کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا-1978 ل 242.

22- بە داخەوە لێرە ئەرشیفەکەی خۆم لە لا نیە تا ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە.

23- نەوزاد عەلی ئەحمەد،ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1961-1991،وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی-2001 ل 20.

24- جەلال دەباغ،چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی شیوعیدا،ڕێگای کوردستان (هەفتەنامە) ژمارە 500،دووشەممە 29ی نیسانی 2002 ل 9-ل 11.

25- هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل 11.

26- نەوزاد عەلی ئەحمەد،ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی،سلێمانی-2001 ل 23.

27- هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل 14.

28- جەلال دەباغ،چاوگێڕانێک بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی شیوعیدا..ل 11.

29- بروسکە،ژمارە 2،ڕۆژی 15ی ئابی 1969،سەیری بابەتی (بروسکە لە باتی دەنگوباس)لە لاپەڕە 1دا بکە.

30- نەوزاد عەلی ئەحمەد،ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی.. ل 32.

31- بۆ نموونە سەیری لاپەڕە (1)ی ژمارە 10ی ساڵی دووەم 1973ی گۆڤارەکە بکە،هەروەها د. کەمال مەزهەریش لە لاپەڕە 254ی کتێبی تێگەیشتنی ڕاستی نووسیویەتی؛( سکرتێری نووسین؛محەمەد نوری تۆفیق.

32- نەوزاد عەلی ئەحمەد،ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، ل 38.

33- عەبدولجەبار محەمەد جەباری،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل 162.

www.dengekan.com

34- خـەبـات (الجريـدة) العـدد 1072 تاريخ 2002/4/5 ل 4.

35- د. کــــەمـــــال مـــــەزهـــــەر ئـەحمـەد،تێگـەیـشتنی راسـتیو... ل 237، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بـە ژمـارە 10ی نیشتمان،سەیری (گۆڤاری رۆژنامـەنووسان-ی یــــەکێتــــی رۆژنامــــەنووســــانی کوردسـتان،ژمارە 1،بـەهـاری 2002 ل 121 بکە.

36- د.فـائق بطـی، الـصحافة اليـسارية فى العراق،..ص 130.

37- مـام جـەلال،خـەبات لـە چـیـەوە هـاتو چۆن بـوو بـە ئۆرگـانی پـارت؟و چۆن بەڕێوەچوو،خـاک(گۆڤـار) ژمـارە 55ی سـاڵی 2002، دەزگــــای چاپــــەمــــەنــــی خاک،سلێمانی،ل 4-ل 5،هەروەها دەتوانرێت سەیری ئـەم سەرچاوانـەش بکرێت؛ (رابـەری رۆژنامـەگـەری نهێنـی کـوردی 1961-1991، مێژووی رۆژنامـەگـەریی پـارتی دیموکراتی کوردستان،وریا جاف،دهۆک-1996).

38- ئـازادی واتـە رۆژنامـەی (ئـازادی)ی حزبـی شـیوعی عێراق،کـە لـە نـاوەڕاستی چلــەکـانی سـەدەی رابـردوو بـە نهێنـی دەرچووەو لە ساڵی 1959-ەوە دوو ساڵ بە ئاشکرا دەرچووە.

39- جــەلال دەباغ،چاوگێڕانێــک بــە مێژووی... ل 9.

40- دوای دوولــەتبوونــەکــەی حزبــی شـیوعی عێـراق لـە سـاڵی 1967، هـەردوو باڵەکە رۆژنامـەی خۆیـان بـە نـاوی (رێگـای کوردســتان) دەردەکــردو هــەردوو لایــان رۆژنامــەکــەی خۆیــان بــە درێــژەپێــدەری ژمارەکانی پێش دوو لەتبوونەکە دەزانی.

41- ساڵی 1980 جارێکیتر بـە نهێنـی دەسـتی بــە دەرچــوون کردۆتــەوەو تــا راپەڕینی ساڵی 1991 بەردەوام بووە،پاش راپەڕینیش تا بە ئەمرۆ دەگات بە ئاشکرا لە هەرێمی کوردستاندا دەردەچێت.

42- جــــەلال دەباغ،چاوگێڕانێــــک بەمێژووی... ل 9.

43- دەتوانرێت جـارێکیتـر سـەیـری بـابـەتـی (بروسکە لـە بـاتی دەنگوبـاس) لـە ژمارە 2ی رۆژی 1969/8/15 بکرێتەوە.

44- نـەوزاد عـەلـی ئـەحمـەد،رابـەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی.. ل 25.

45- هـەر لـەو رۆژەی پـارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا کە کارو چالاکییەکانی لەسەر شێوەی (لق) دابڕێژێت بۆ سلێمانی (لقی چوار)ی داناوە.

46- نـەوزاد عـەلـی ئـەحمـەد،رابـەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی... ل 70

47- هەمان سەرچاوەی پێشوو..ل 81.

48- هەمان سەرچاوەی پێشوو ... ل 89.

49- هــەمــان ســەرچــاوەی پێــشوو... ل 91،ئـەو رێکخـراوە زیـاتر سـەر بـە حزبـی شیوعی عێراق بووە .

50- هەمان سەرچاوەی پێشوو... ل 95.

51- لـەو رووەوە دەتوانرێت بـۆ ئـەمانـە زیـاتر وەک(شـوێن)ی چـاپکردن بخرێتـە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانییەوە،چونکە بێجگـە لـە بڵاوکـراوەو رۆژنامـەو گۆڤـارە چەپو کۆمۆنیستەکان کـە لـە ئـەدەبیاتدا ئــــەدەبیــــاتێکی ســــەرتاپگیریــــان هەبوو،ئەگەرنا ئەوانیتر ئەدەبیاتەکانیان ئاڕاستەی ئێـران بـە گـشتیو کوردسـتانی رۆژهەڵات(ئێران) بە تایبەتی بوو.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە لە مانگی ئەیلولو تشرینی یەکەمی ساڵی 2002 بە 6 ئەلقە لە هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ بڵاوکراوەتەوە.**

www.dengekan.com

# رۆژی کورد یان کوردۆلۆجیا



**پەرەگرافێك**

ساغکردنەوەی کەلەپوورو رۆژنامەگەریی دوێنێمان کارێکە جێگای دەستخۆشیو پێزانینو رێزلێنانە،بە تایبەتیش ئەو بەرهەمانەی کە لەپاڵ ساغکردنەوەدا توێژینەوەیان بۆ کراوەو دەقەکانیش خراونەتە سەر رێنووسی باوو بەکارهاتووی ئەمڕۆی دنیای بەشێکی نووسینمان لەرۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، ئەم جۆرە کارانە جێ روونییە بۆ خوێنەری ئەمڕۆمان ئەگەرنا دوای چەندان ساڵیتر ئەگەری ئەوە هەیە کە رێنووسی لاتینی، نزیك لە پیتی ئینگلیزی خۆی فەرز بکاتو کورد بە گشتی ئەو رێنووسە لە رێنووسی باوی ئەمڕۆ بە رێگا چارەیەکی لێك نزیکبوونەوەی خەباتو بەرژەوەندییەکانی بزانێت،چونکە ئەوەی بزانم لە هەموو دنیادا تەنیا نەتەوەیەك کە نووسراوەکانی بە دوو رێنووسی جیاواز بنووسێت کوردە،بە داخەوە کاتی خۆیو ێستاش کە رێنووسێك لەرێنووسی لاتینی کراوەتە رێنووسی باوو بەکارهاتوو لە رۆژهەڵات باشووری کوردستاندا نووسراوەو دەنووسرێت "وەرگێڕان" کە ئەمە بۆ دیرۆکی خەباتی نەتەوەییمان بە زیان کەوتۆتەوەو باشترە بنووسرێت "وەرگێڕانی رێنووس" ئەو نابەرپرسیارێتییە لە دامو دەزگا رەسمییەکانی سویددا کارێکی باوەو بۆ

www.dengekan.com

نموونە ئەگەر کوردێك پێویستی بە وەرگێڕ هەبێت پێی دەڵێن "کورد"ی (سۆرانی، یان بادینی)یت؟! ئینجا بە ڕای من هەموو هێنانە سەر ڕێنووسو وەرگێڕانێك مەرج نییە بە باش بۆ نەتەوەکەمان بگەڕێتەوە،بەڵام ئەم کارەی عەبدوڵڵا زەنگەنە لە دوو جەمسەردا بێ سوود نییە،یەکەم: دەقە تورکی عوسمانییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی بە هاوکاری چەند زمانزانێك بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، دووەم: ڕێنووسی کوردی ئەوسای کردۆتە ڕێنوسی باوی ئەمڕۆ،چونکە ڕۆژی کورد بە هەق "کوردۆلۆژیا"یە.

**بەرگ... دەرگا**

تا ئێستاش دەیان نووسەرو لێکۆڵەر بەرامبەر بە دانانی ناونیشانو سەرناوو سەربەرگی کتێبەکانیان بەکارێکی سەخت پێناسەیان کردووە،ناونیشانی سەر بەرگی کتێبیش وەك هەر ناونیشانێکیتر بە دەرگای چوونە ژوورەوەی بابەت دێتە ئەژمارکردن،بۆ ئەم کتێبەش ئەم سەرنجانەم هەیە؛

لە ژێر "ڕۆژی کورد" ئەم دەستەواژەیە نووسراوە: (گۆڤاری جڤاتی "هێڤی" قوتابیانی کورد 1913-ئەستەموول) نازانم لەکام ژمارەو لاپەڕەدا بۆ ڕۆژی کورد نووسراوە (گۆڤار)؟ بوونی قەبارەیەکی دیاریکراو پۆلێنی گۆڤارو ڕۆژنامە ناکات،ئەمەو باشتر بوو (هیوی) بنووسرێت نەك (هێڤی)، چونکە لە چەندان شوێندا وشەی (هیوی) چەند بارە بۆتەوە،بۆ (قوتابی)یش ڕاستتر بوو بنووسرێت (تەڵەبە- طلبە) چونکە دانانی زاراوە پەیوەندی بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە



هەیە،لەم نووسینەدا نامەوێت لە زاراوەکانی خوێندکارو قوتابی بدوێم،بەڵام هەقیقەتێك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت کە ساڵی 1956 کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لەسەر دەستی چەند کەسایەتییەکی باکووری کوردستان دامەزراوەو هەموویان درێژە پێدەری ئەو بزاڤە مەعریفییە بوون کە (ڕۆژی کورد)ی تیا لە دایك بووە،ئەمانە زاراوەی (خوێندکار)یان هەڵبژاردووە نەك (قوتابی)، ئیجا بەڕای من کۆمەڵەکەش ناوی (کۆمەڵەی تەڵەبەی کورد "هێوی") بووە نەك "کۆمەڵەی هێوی" "قوتابیانی کورد" دیارە لێرەدا مەبەستم لەجێگۆڕکێ پێکردنی وشەی "هێوی"ە نەك دانانی زاراوەی (قوتابی) یان (خوێندکار) یان (تەڵەبە)، ئەگەر هەموو شتێك لەکاتی گواستنەوەی ڕێنووسدا یاخود وەرگێڕاندا ئاسایی بێتو دەستکاری بکرێت ئەوە (ناو) ناکرێت دەستکاریی بکرێت،بۆ (ڕۆژی کورد)یش تەنیا لەسەر بەرگی ژمارە (4)دا نووسراوە (ئەستانبۆڵ) بۆ بکرێتە (ئەستەمووڵ)..

**لاپەڕ بژێر**

بۆ ئەم کتێبە،بە تایبەتیش لاپەڕەکانی پێشەوەی،ئەوە دەهێنن هەڵوەستەیان لەبەردەمدا بکرێت،بەڵام بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست لێرە نەمتوانی ڕەمەکییانە ڕستەیان بۆ دابرێژم بۆیە چەند لاپەڕەیەکم دەست نیشانکردووەو سەرەنجییان بۆ دەنووسم:

ل42 نەمزانی سالار عەبدولڕەحمان چ بابەتێکی دووتوێی ژمارەکانی ڕۆژی کوردی وەرگێڕاوە؟

www.dengekan.com

ل 49تا 52 باس لە زۆربەی ئەو نووسەرە کوردانە دەکات کە سەبارەت بە چیرۆکە دوو ئەلقەییەکەی فوئاد تەمۆ-یان نووسیوە کە لەژمارە (1) و (2)ی رۆژی کورددا بڵاوکراوەتەوە،بەڵام دیارە ئامادەکەر ئەم لێکۆڵینەوەی منی نەبینیووە (لایەنێك بۆ گەشەپێدانی ئەدەبی منداڵان) کە لەژمارە (115)ی ساڵی 1987ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ بڵاوکراوەتەوەو پاشان ساڵی 1998 لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکیتردا لە ژێر ناوی (منداڵو ئەدەب) وەك کتێبێکی سەربەخۆ بڵاومکردۆتەوە، لەو باسەمدا رایەکی جیاواز لەو نووسەرانەم لەسەر چیرۆکەکەی فوئاد تەمۆ دەربریوە، دەکرێت ئەم چەند دێرە بنووسمەوە؛ (بەڵام لە ژمارە سێ دا-واتە ژمارە سێی رۆژی کورد- بەشی سێیەمی بڵاونەکراوەتەوە بەڵکو نووسینێکیتر دێتە بەرچاومان کە لە لاپەرە -31- بڵاوکراوەتەوە بە ناوی چیرۆکی کرمانجا،بەرای من ئەگەر نووسینەکەی فوئاد تەمۆ بە چیرۆك دابنێین پێویستە ئەم نووسینەش بەچیرۆك دابنێین! جا بۆ ئەوەی نووسینەکەی فوئاد تەمۆ یان نووسینەکەی ژمارە سێ بە چیرۆك و بەیەکەم چیرۆکی کوردی لەقەڵەم بدەین پێویستە زیاتر بچینە بنج و بناوانی نووسینەکانو بەشەکانیتری نووسینەکەی فوئاد تەمۆ بدۆزینەوەو بزانین ناوی نووسینەکەی چییە؟ چونکە بە بێ ناو بڵاوکراوەتەوە،یان بزانین ئایا نووسینەکەی ژمارە سێ تەواوکەرو دوابەشی چیرۆکەکەی فوئاد تەمۆیە،چونکە ئەوەی شایانی باسە هەردوو نووسینەکەی واتە دوو نووسینەکەی ژمارە یەكو دوو ، ژمارە سێ لە یەکتر نزیکنو باسی یەك شت دەکەن کە ئەویش مەسەلەی شوانو شوانکارییە،ئەمەش بۆ ئەوەمان دەگێرێتەوە کە بڵێین کوردیش چیرۆکی شوانکارەیی هەبووە).

ل 66 نووسراوە: (داخستنی کۆمەڵەکە جێی بایەخی کوردەکان بووە) کورد ناوە بۆ نەتەوەیێك لەحاڵەتی (تاك) و (کۆ)دا دەنووسرێت (کورد)،بەڵام (کوردەکان) وەرگێرانێکی نائاگاییانەی (الاکراد)ە، ئەم هەڵەیە رۆژانە لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنو رادیۆکانیشدا دووبارەو دەبارە دەکرێنەوە، وشەی (کوردەکان) لە کاتی گۆکردنیشدا مۆسیقای رستە دەشێوێنێتو سەلیقەی زمان پێی نەشازە.

ل 66 زاراوەی (کۆمەڵەی کوردەواری) بەکارهاتووە، هەر تەنیا (کوردەواری) بە واتای کۆمەڵگای کوردی دێت،ئەمەو دەتوانرێت زاراوەی کۆمەڵگای کوردستانیش بکردبێت.

ل 74 نووسراوە؛ (پارتی نەتەوەی کورد-کرد میللەت فرقەسی) وابزانم (فرقەسی) بەواتای (دەستە)، (گروپ) دێت،ئەم دوو زاراوەیەش لە فەرهەنگی سیاسیدا لەگەڵ (پارت)دا جیاوازن.

ل86-87 ئەم ناونیشانو چەند دێرە دووبارە بۆتەوە (3-فوئاد تەمۆ کوڕی تۆفیق بەگی مەبعوسی شاری وان. مێژووی لە دایك بوونو ...تا دەگاتە چیرۆکێکی) من (فوئاد تەمۆ)م پێ راستترە نەك (فوئادی تەمۆ).

ل106 نووسیویەتی؛ (کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانی کورد) لە پەرەگرافێکدا عەبدوڵڵا زەنگەنە چەند ساڵێك بەر لەچاپکردنی ئەم کتێبەدا لە جیاتی زاراوەی (قوتابی) زاراوەی (خوێندکار) بەکارهێناوە، پێویستە لێکۆڵەر لە کاتی بەکارهێنانو دانانو نووسینی

زاراوەو دەستەواژەو وشەو رستەدا ورد بێت.

ل113 لە جیاتی (خليا حقيقت اولير) (خەیاڵ دەبێتە راستی) نووسراوە،بەڵام لە ژمارە (2) لە لاپەڕەی (10)ی دەقە وەرگێڕدراوەکاندا ئەو ناونیشانە تورکی عوسمانییەی کردۆتە (ئەندێشەمان دەبێتە راستی)، لە هەمان لاپەڕەدا (حروفمز وتسهيل قرائت)ی کردۆتە (پیتەکانمانو سانا خوێندنەوە)، بەڵام لە لاپەڕە (12)ی ژمارە (2) کراوەتەوە (پیتەکانمانو ساناکردنی خوێندنەوە)..

ل 113 بۆ بابەتەکانی محەمەد ساڵح بەدرخان لە ژمارە (3)دا نووسیویەتی:(بەری شیری قەڵەم-بەزمانی کوردی "کرمانجی خواروو" و بەئیمزای م.صالح بەدرخان بووە) ئەم بابەتە بە کەمێك دەستکارییەوە لە بەشی تورکی هەمان ژمارەدا بە ئیمزای صاڵح بەدرخان بڵاوبۆتەوەو عەبدوڵڵا زەنگەنە ئاماژەی پێنەداوە.

هەر لە لاپەڕە (113)دا چەندان هەڵەی دیکەی لەو جۆرە هەڵانە چەند بارە بوونەتەوە.

ل 116-117؛ وەك بەشێك لەسەر نێوی (کۆمەڵەی "هێڤی" و "رۆژی کورد" ل57)دەکرا زانیارییەکانی ئەو دوو لاپەڕەیە بە پوختکراوی لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ بدرێت،هەروەها چەندان نموونەی لەو شێوەیە جێگایان پەراوێزە،چونکە بابەتی ئەکادیمی پرانسیپی نووسینو میتۆدی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە،بابەتی ناوبراو لە رووی زانستی نووسینی لێکۆڵینەوەدا زانستییەتی خۆی لاوازکردووە بە تایبەتیش لە شێوەی زنجیرەیی داڕشتنی



بابەتەکەدا،تا دەگاتە دانانی پەراوێزو ئاماژەکردن بە چاوگو سەرچاوەکان.

ل 132 (سەرچاوەکان) نووسینو پۆلێنکردنی سەرچاوە میتۆدی زانستی خۆی هەیە،بۆ نموونە لەریزبەندو ناوهێنانی سەرچاوەکاندا کۆمەڵێك هەڵەکراوە،دەکرێت سەیری سەرچاوەکانی ژمارە (6)، (29) بکرێت ئەمەو بۆ باشتر ناسینەوەی سەرچاوەکان لە ژێر چەند ناونیشانێکی جیادا پۆلێنی کردوون، بەڵام لەدوو شوێندا هەڵەیەکی زەقی بەسەردا تێپەڕیووە،کتێبی کوردی لە ژێر ناونیشانی (کتێب أ بە زمانی کوردی) پۆلێنکردووەو ئەمە جێگای گلەیی نییە،بەڵام لە لاپەڕە (126)دا بۆ سەرچاوەی نووسراو بەپیتی لاتینی نووسیویەتی؛ (ب.بەلاتینی) دیارە لە (أ) مەبەستی پیتی نالاتینی بووە، ئەمەش وا دەکەویتەوە ئەو نووسینانەی کە بە پیتی لاتینی نووسراون دەچنە خانەی زمانێکی دیکەوە،چونکە لە (أ) نووسیویەتی بە (زمانی کوردی) و لە (ب) (بە لاتینی) نووسیوە.

ل 135 نووسراوە: (سەرجەمی بابەتەکانی رۆژ کرد بە کوردی) مەبەستی ئامادەکار ئەوەیە کە لە دوای ئەم لاپەڕەیە هەرچوار ژمارەکەی رۆژی کورد کراون بە کوردی،بەڵام ئەگەر لەم دەستەواژەیە وردبکەینەوە زیاتر بەشە تورکییەکەی رۆژی کورد دەگرێتەوە نەك بەشە کوردییەکەی،بۆیە دەکرا دەستەواژەیەکی وردتر بنووسێت.

**بەراورد**

www.dengekan.com

وەك نموونە لەم چەند دێرەدا بەراوردی چەند وشەو رستەیەکی ژمارە ئۆرژیناڵو ژمارە وەرگێڕدراوو دەستکاریی کراوە ڕێنووسییەکان دەکەم:

- لە هەر چوار ژمارەکەدا (ژمار) زاراوەی (بەرگ) داندراوە، ئایا (ژمار) وشەیەکی تورکی عوسمانییەو بەرامبەرەکەی بە زمانی کوردی (بەرگ)ە؟

- بۆ ئەم رستەیە (شیمدیلك ایده بر نشر اولونور) ئەم چوار وەرگێڕدراوە لەسەر بەرگی هەر چوار ژمارەکە داندراوە:

* لە ژمارە (1)دا (حاڵی حازر مانگی جارێك بڵاودەکرێتەوە).
* لە ژمارە (2)دا (هەنووکە مانگی دانەیەکی لێ بڵاودەکرێتەوە).
* لە ژمارە (3)دا (نووکە ژ مەهێ جارێ دەردکەڤە).
* لە ژمارە (4)دا (جارێ مانگێ دانەیەکی لێ بڵاودەکرێتەوە).

پێویست بوو لە هەرچوار ژمارەکەدا یەکێك لەو رستانە دابندرێت، چونکە لەکاری بەڵگەنامەییدا ئیجتهادی کەسی فاکتەرێکی لاوازەو زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ وەرگێڕانی دۆکیومێنت وەرگێڕانی دەقاودەق بە باشترین ڕێگا دەزانن،ئەمەو ئامادەکەر لە پەراوێزدا مەبەستی خۆی بۆ ئەم چوار شێوەو شێوازەی وەرگێڕانە روون نەکردۆتەوە.

- لە ژمارە (2)دا لە ژێر وێنەی (کەریم خانی زەند) ئەم رستەیە نووسراوە (کرد اعاظم امراسندن: کریم خان زند) کەچی بەم شێوەیە کراوەتە کوردی (لەگەورەکانی کورد: شاه عەبدولکەریم خانی زەند).

- دوا بەرگی ژمارە (1) لە دانە ئۆرژیناڵو دانە وەرگێڕدراوو ڕێنووسی دەستکاریی کراوەدا زۆر جیاوازییان هەیەو خوێنەران بۆ دەرك کردن بە هەڵەکان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کتێبەکە.

- ئەگەر ناوی مانگی (اغستوس) بکەینە ڕێنووسی کوردی پێویستە بۆ ئەسڵە لاتینی یان ئینگلیزییەکەی بگەڕێینەوە بۆ ناوی ئەم مانگە لەکوردیدا (ئاگوستی) ڕاستترە نەك (ئۆغستۆسی) وەك لەسەر بەرگی ژمارە (4)دا نووسراوە، یاخود بنووسرێت ئاغستوسی.

بەڵام بۆ بەراوردکردنی ژمارە ئۆرژیناڵو ئەو دەقانەی کە لە تورکی عوسمانی وەرگێڕدراون یاخود ڕێنووسەکانیان خراوەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستاندا تەنیا لە ژمارە چواردا دوو سێ لاپەڕە وەك نموونە وەردەگرین:

- لە دانە ئۆرژیناڵەکاندا دوای بەرگ لاپەڕەیێك هەیە،کە ئەم سێ ئاگادارییەی تیایە (عثمانلی تسهیل مصالح ادارە خانەسی، اعلان، تعیین) بەڵام لە دانە نا ئۆرژیناڵەکاندا ئەم لاپەڕەیە نییە،ئەگەر هەر پاساوێك هەیە پێویستە لە پەراوێزدا هۆکارەکە بنووسرێت .

- (کرد ملیتی) کراوەتە (نەتەوایەتی کورد) بە ڕای من ئەم زاراوەیە نامۆیە بە فەرهەنگی سیاسیمان، ئایا باشترو ڕوونتر نەبوو بنووسرێت (نەتەوەپەرستی کورد) یاخود (کورد پەرستی) یان (کوردو نەتەوەپەرستی).

- بۆ (اراچی مسالەسی) (کێشەی خاك) جوانترە نەك (مەسەلەی خاك).

www.dengekan.com

- ناوو نازناو له وه‌رگێڕاندا وه‌رناگێڕدرێن (ابو روشن) ناتوانرێت بکرێته (باوکی ره‌وشه‌ن) ته‌نیا ده‌کرێت رێنووسه‌که‌ی چاك بکرێتو بکرێته (ئه‌بو ره‌وشه‌ن).
- دیسان له جیاتی (کورد) (کوردان)ی داناوه. ل15،ژماره (4).
- ئایا بۆ (ادبامزدن) (ئه‌ده‌به‌که‌مان) له (ئه‌ده‌ب) باشتر نییه، ل13.
- (پێشکه‌وتنمان کۆششکردنی گه‌ره‌که) به‌رای من ده‌کرا بنووسرێت (پێشکه‌وتنمان کۆششی گه‌ره‌که) ل15.
- بۆ زاراوه‌ی (مدیریه‌ت) (به‌ڕێوه‌به‌رێتی) راستتره نه‌ك (کارگێڕی)، ئه‌م زاراوایه به واتای (اداره) دێت،ئه‌و نووسینه‌ش دیاره (عه‌بدولکه‌ریم) خۆی نووسیویه‌تیو وه‌ك له‌سه‌ر به‌رگی ژماره‌کاندا نووسراوه که عه‌بدولکه‌ریم (مدیر مسول)ه واته (به‌ڕێوه‌به‌ری لێپرسراو) ل19.
-(سلێمانلی) ل17 نابێته (سلێمانییه‌یی) به‌ڵکو (سلێمانی) راستتره واته زێوه‌ر له (سلێمانی)یه‌وه ئه‌م شیعره‌ی ناردووه،یاخود له شوێنێك که ناوی (سلێمانی)یه تیایه ئه‌و شیعره‌ی نووسیوه.
- ل28:له کاتی گواستنه‌وه‌ی په‌راوێزه‌که‌ی بابه‌تی (ته‌علیم و ته‌ربیه)دا په‌راوێزه‌که‌ی وه‌رگێڕاوه نه‌ك رێنووسی گۆڕیبێت،له ژێر بابه‌ته‌که‌ش ناوی سه‌رچاوه‌که به‌م شێوه‌یه نووسراوه (ژی رۆژناو ناوه‌ی المصور) نه‌ك (ژ رۆژناوه‌ی المصور).
- ئه‌م ژماره‌یه‌م ته‌نیا وه‌ك نموونه تاوتوێکرد زیاتریش ته‌نیا هه‌ڵوه‌سته‌م له‌سه‌ر ناونیشانی بابه‌ته‌کانو نووسه‌ره‌کان کرد،ئه‌مه وه‌نه‌بێت ناوه‌رۆکی بابه‌ته‌کان له هه‌ڵه‌و که‌موکوڕی به ده‌ربن،به‌ڵام نه‌مویست زیاتر له گه‌وره‌یی‌و قورسایی‌و سوودی کاره‌که که‌م بکه‌مه‌وه.

**کۆمپانیای ع. زه‌نگه‌نه بۆ که‌له‌پوورو رۆژنامه‌گه‌ریی**

له ئه‌وروپا کاری له‌وجۆره نه کاری تاکه،نه تاك به ته‌نیا ده‌توانێت خۆی له قه‌ره‌بدات،به‌ڵکو گروپو ده‌سته‌و ده‌زگای تایبه‌ت ئه‌و جۆره کارانه‌یان پێ راده‌سپێردرێت،ئینجا ئه‌گه‌ر کارێکی له‌و جۆره‌ش هه‌ڵه‌ی تێ بکه‌وێت ئۆباڵه‌که‌ی به ته‌نیا ناکه‌وێته سه‌رشانی ئاماده‌که‌رو چاپکه‌ر،به‌ڵکو لێپرسراوێتیه‌که به پله‌ی یه‌که‌م بۆ ده‌زگا کولتووریو ده‌زگاکانی چاپو بلاوکردنه‌وه ده‌گه‌رێته‌وه،که تا ئێستا نه‌یانتوانیوه لێژنه‌ی پسپۆڕو شاره‌زا بۆ کاری له‌و شێوه‌یه له خۆیان کۆبکه‌نه‌وه‌و له رێگای ئه‌و لێژنانه ده‌ست به چاپکردنه‌وه‌ی که‌له‌پوورو رۆژنامه‌گه‌ریی دوێنێمان بکه‌ن،من له کاتی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م کتێبه‌دا زۆر دڵم به‌عه‌بدوڵلا زه‌نگه‌نه سووتا که به‌م ته‌مه‌نه، رسته.. رسته‌و وشه به وشه کارێکی له‌و جۆره راپه‌ڕێنێتو به پاڕانه‌وه‌و قسه‌ی نه‌سته‌قو مه‌جلیسی خۆش مه‌شره‌بانه ماڵه‌و ماڵ بگه‌ڕێتو ده‌قێکی کۆن رووبه‌ڕووی زمانزان یاخود شاره‌زایێك بکاته‌وه به مه‌به‌ستی وه‌رگێران یان ساغکردنه‌وه! لێپرسراوه‌کانمان وا ده‌زانن پێشکه‌وتن ته‌نیا بریتییه له ساختمانی بالاو ئۆتۆمۆبێلی دوا مۆدێلو سکرتێره‌ی

جوانو وتاری بریقەدار! بەڵام بۆ کارێکی ساغکردنەوەو چاپکردنەوەی شاکارێکی وەك (رۆژی کورد) دەڵێن (پارە نییە)!

نەتەوەیێك ئەگەر رابردووی خۆی نەخوێنێتەوە پاشەڕۆژی ئەوەندە رۆشن نابێت تا ئاستەکانی پێشکەوتنی لەسەر بنیات بنێت،چاپکردنەوەی (رۆژی کورد)یش کاری کۆمپانیایەکە بە ناوی (ع.زەنگەنە) ئەو هەڵەو کەموکوڕییانەش کە لە کتێبەکەدایە لێپرسراوانی ئارەزوومەندی کورسی لێی بەرپرسیارن.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە لە ژمارە 7 ی ساڵی 2006 ،گۆڤاری رۆژنامەنووس بڵاوکراوەتەوە.**

## هەواڵ لە رۆژانوودا

www.dengekan.com

## پێشەکی

رۆژنامەی رۆژانوو لە ماوەی نێوان ساڵانی 1943 تا 1946 لە وڵاتی لوبنان چاپو بڵاوکراوەتەوە،ئەو ماوەیەش بریتییە لە مێژووی راستەوخۆی دووەم جەنگی جیهان (1939-1945). گەڵاڵە کردنو پشکنینی چەند گۆشەیەکی ئەو ماوەیەو بزاڤی کورد لەو سەردەمدا کۆمەڵێك وەڵامیان لێ دەکەوێتەوە، کە هەوڵ دەدەین بە هۆی ژانری هەواڵ لە رۆژنامەی ناوبراودا هەڵوەستەیان لەسەر بکەینو تیشکیان بخەینەسەر.

## چوارچێوەی بابەتەکە

رۆژنامەی رۆژانوو، وەکو ئاماژەمان پێدا،لە نێوان ساڵانی (1943 تا 1946) لە بەیروتی پایتەختی لوبنان چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە، دیارە خوێندنەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەو هەواڵانە دەرناچێت، کە رۆژنامەکە بڵاوی کردوونەتەوە،چونکە رۆژنامەکە هەر تەنیا هەواڵی بڵاونەکردۆتەوە،بەڵکو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وتار، شیعر، چیرۆك،دەقی فۆلکلۆری، جاڕدان، وێنە. هتد داوە، هەروەها پێویستە ئەوەش دەست نیشان بکەین، کە ئیمە تەنیا ئیشمان لەسەر ئەو ژمارەو لاپەڕانە کردووە کە بە زمانی کوردی دەرچوونە،نەك ژمارەو لاپەڕە فەرەنسییەکان، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە بەندە بە ژانری هەواڵ کە ئێمە کارمان لەسەر کردووەو زیاتر لە بەشە کوردییەکەیدا بڵاوکراوەتەوە

## کێشەو گرفت

سەرەتا هەوڵماندا لەسەر ژمارە ئەسڵیەکانی رۆژنامەکەدا کار بکەین بەڵام دیاربوو ئەو برادەرانەی هەندێك لەو ژمارانەیان لا بوو بۆ خستنە بەردەستمان وەڵامێکی دڵخۆشیکەرانەیان نەداینەوە، بۆیە لەسەر کۆبەرگە چاپکراوەکەی ساڵی (1986) کە لە سویدا[1] چاپکراوەتەوە کارمان کردو لەوێ رووبەرووی چەند کێشەیەك بووینەوە.

یەکەم: لە هەندێك شوێن نووسینەکان ئەوەندە وردن بە زەڕبین سەیرکراون.

دووەم: بە هۆی چاپکردنەوەیان لە هەندێك شوێن چەند دەنگێک گۆڕاون، ئەمە بەندە بە پرۆسێسی فلیمگرتنەوەی لاپەڕەکانو پاشان چاپکردنەوەیان.

سێیەم: بە هۆی لە بەردەست نەبوونی سەرچاوەو چاوگی پێویست نەمانتوانی هەندێك ناو ساغ بکەینەوە کە لە رۆژنامەکەدا بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.

## ڕێبازی بابەتەکە

زیاتر پشتمان بە ڕێبازی مێژوویی وەسفی بەستووە،بە تایبەتی بۆ پشکنینو نووسینەوەی چەند رووداوێك،کە ئەو سەردەمە پەیوەندیان بە جیهان بە گشتیو کوردستانەوە بە تایبەتی هەبووە،نەخوازەڵڵا ئاڕاستەی

www.dengekan.com

ئیشکردنی رۆژنامەکە لە نێو ئەو مێژووە ناوبراوەدا.

### ستراکتۆری بابەتەکە

بابەتەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە،لە بەشی یەکەمدا بە کورتی ئاماژەمان بە چەند سەرچاوەیەك کردووە،کە لە رۆژنامەکە دواونو کورتە مێژوویەکی رۆژنامەکەمان گێڕاوەتەوەو پاشان چەند زانیارییەکی پێویستمان سەبارەت بە رۆژنامەکە باسکردووەو لە دوو توێی چەند رستەو دێڕێکیشدا لەو سەردەمە مێژووییە دواوین، کە رۆژانووی تیایە دەرچووە.

لە بەشی دووەمدا،سەرەتا بە کورتی لە هەواڵ دواین،ئینجا بە گوێرەی رۆژنامەکەو گرنگی دانی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ژێر چەند ناونیشانێکی جیادا،بەهێنانەوەو دەست نیشانکردنی نموونەی هەندێك هەواڵ،بابەتەکەمان دارشتووەو لێی دواوین،وەك ئەم ناونیشانانە:هەواڵی جەنگ،هەواڵی کتێب، هەواڵی رۆژنامەنووسیی، هەواڵی کۆماری کوردستان،هەواڵی کوردو رۆژنامەکانی جیهانو هەواڵی خوێندن،لە ئەنجامدا پوختەی بابەتەکەو دەرئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو،ناوی ئەو ژێدەرو سەرچاوانەشمان بردووەو کە سوودمان لێ بینیوون.

## بەشی یەکەم

### کورتەباسێك

(رۆژانوو) رۆژنامەیەکی زیاتر هەفتانەبووەو لە نێوان ساڵانی (1943-1946) لە شاری بێروت ی پایتەختی وڵاتی لوبنان لە لایەن نووسەرو رۆژنامەنووس د. کامەران عالی بەدرخان دەرچووە، (73) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە،یەکەم ژمارە لە (1943/5/3 )و دوا ژمارەش لە (1946/5/27) دەرچووە، هەموو ژمارەکان قەبارەیان (30 × 46 سم)و چوار لاپەڕەن،تەنیا ژمارە (68) دوو لاپەڕەیە،وە نەبێت وەك هەفتەنامەیەك،هەموو هەفتەیەك بەرێكو پێکی لە کاتی خۆیدا بڵاوکرابێتەوە، بۆ نموونە ژمارە (14) پانزدە رۆژ دوای ژمارە (13) دەرچووە،هەروەها ژمارە 24 یش پانزدە رۆژ دوای ژمارە 23 دەرچووە،هەوڵ دەدەین لە ناونیشانێکیتری ئەم بابەتەدا وردتر ژمارەو رۆژی دەرچوونی رۆژانوو روون بکەینەوە،رۆژانوو بە زمانی کوردیو فەرەنسی دەرچووە،تا ژمارە (48) سێ لاپەرە بە زمانی کوردیو یەك لاپەرە بە زمانی فەرەنسی بووە،بەڵام لە ژمارە (49 )ەوە ژمارەیەك بە کوردیو ژمارەیەکی دیکە بە فەرەنسی بووە یاخود پێکەوە[2] .

لە رۆژنامەکەدا یەك رەنگ،کە رەنگی رەشە بەکار هاتووەو سەرتاپای ژمارەکان بە پیتی لاتینی کوردی چاپکراون،لە زۆربەی ژمارەکاندا وێنە بڵاوکراوەتەوە،تەنیا ئەو لاپەڕەو ژمارانە نەبێت کە بە زمانی فەرەنسین وێنەیان تیانییە،دیارە ئەمەش جێگای سەرەنجو پرسیارە؟! ئەو جۆرو شێوە پیتو فۆنتو نەخشەسازییەی کە لە رۆژنامەکەدا بەکار هاتووەو رەچاوکراوە پێوەندی بە بارودۆخ و دنیای چاپو چاپخانەی ئەو سەردەمەی

لوبنانەوە هەیە،لەم رووەوە ئەگەر سەیری رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارەی لوبنان بکەین دەبینین رۆژنامەی رۆژانوو تا ئاستێك هیچی لە دنیای رۆژنامەنووسیی ئەو رۆژگارەی لوبنانەوە کەمتر نەبووەو هەوڵیشی داوە پێناسەو فۆرمی خۆی بپارێزێتو جۆرە کەسییەتیەك بۆ خۆی دروست بکات بە تایبەتی لە باری جۆری فۆنتی ناوی رۆژنامەکەو دابەشکردنی ستوونەکانو هێدەکانو قەبارەی ماکێتو سنگی لاپەڕە (یەك)و تا دەڵێن ئەو کاغەزەی بۆ هەر (73) ژمارەکەش بەکار هاتووە یەك جۆرە کاغەز بووە بە تایبەتی لە باری قورساییەوە، وەکو لەسەر رۆژنامەکەش نووسراوە،لەم ناونیشانە چاپکراوە، کە ناوی چاپخانەکەیە "بێروت برج وەقف تابەت" زۆربەی بابەتەکان بە بێ ئیمزا بڵاوکراونەتەوە،بەڵام سەرەڕای ئەمە،ئەم ناوانەش زیاتر دێنە بەرچاو کە کۆمەڵێك بابەت بە ئیمزایان بڵاوکراوەتەوە "کامەران عالی بەدرخان، جەلادەت عالی بەدرخان،ئوسمان سەبری، قەدری جان، براهیمێ مەتینێ، حەسەن هشیار، رەشید کورد، سۆران هتد"

**چی سەبارەت بە رۆژنامەکە نووسراوە؟**

بەداخەوە زۆر لەو سەرچاوانەی باسی (رۆژانوو)یان کردووە بە (گۆڤار)یان لە قەڵەم داوە،کە لەوە دەچێت دەماو دەم زانیارییەکانیان وەرگرتبێت،بۆ نموونە لەم رووەوە چەند پەرەگرافێك دەنووسینەوە " گۆڤاری رۆژانوی: گۆڤارێکی وێژەیی هەفتانەیەو مامۆستا کامەران عالی بەدرخان لە شاری بیروت لە لبنان بە پیتی لاتینی کوردی وەبە لەهجەی بۆتانی لە رۆژی 3 مارتی 1943 یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە،وە هەتاکو ساڵی 1946 ژیا و ئیتر لە دەرچواندن پەکیان خست [3]".

رۆژانوو ROJA NU بێروت، ژمارەیەکی: مایسی 1943 بە پیتی لاتینیو شێوەی کرمانجی ژوورو د. کامەران عالی بەردخان بڵاوی دەکردەوە جەلادەت بەدرخانی برای یاریدەی دەدا،بەشی زۆری ناوەڕۆکی بۆ رووداوەکانی شەڕی دووەم تەرخان کراوە، وێنەی زۆری تێدایە،چەند ساڵێکی کەم ژیا (تا دەورو بەری کۆتایی شەڕی دووەم)[4]

رۆژانو، گۆڤارێکی ئەدەبی مانگی بووە،لە شاری بیرووت دوکتۆر کامەران بەدرخان دەری دەکرد،ژمارە یەکی لە ساڵی 1943 دەرچووە[5].

رۆژنامەیا رۆژانوو هەفتانە بوویەو ل بەیروتێ دەرچوویە.خوەدیو گەرینەندەیێ وێ میر د.کامەران عالی بەدرخان بوویە،یەکەمین هەژمارا وێ لە 3ی گولانا 1943 ێ بە لاڤ بوویە هەتا ژمارا 12- 13 کو بەڤرا دەرچوو بە رێکوپێکی هەموو دوشەمبیان دەردچوو. پاشان هنەك جاران پازدە رۆژان جارەکیو هنەك جاران هەفتانە بوویەو هەتا گەهشتیە هەژمارا 49 بەهەردوو زمانان،کوردیو فەرەنسی،دەرچوویەو پاشان هە ژمارەك کوردی بوویەو یادی ب فەرەنسی هەتا هەژمارا دواییێ 73 لە رۆژا 27ی گولانا 1946 ێ بە زمانیفەرەنسی دەرچوویە[6].

سەرچاوەیەکیتریش لە پێرستی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بەپێی شوێنو ساڵی دەرچوونیان،کە هاتۆتە

www.dengekan.com

سەر پێرستکردنی رۆژانوو لە خانەی "گۆڤار"دا پۆلێنی کردووە[7].

هێشتا چەند ژێدەرو سەرچاوەیتر ماون،کە لە رۆژانوو دواون یا خود ئیشارەتیان پێداوە،بەڵام دیارە بۆ ناونیشانێکی لەو جۆرە تەنیا وا دەخوازرێت چەند سەرچاوەیەك وەك نموونە بنووسرێتەوە ئەگەر نا ئێمە دڵنیاین کە لە چەندان نووسینو نووسراوو سەرچاوەیەکیتریشدا باس لە بەرهەمو شاکارەکانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان کرابێت، ئەم رۆژنامەیە لە بیرنەکراوەو باسکراوە. بە کورتی،دەتوانین بڵێین لەگەڵ بینینی ژمارەکانی رۆژانوو زانیارییەکان باشتر رۆشناییان خراوەتە سەر،بە تایبەتی پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار لە وڵاتی سوید کۆبەندی هەموو ژمارەکان لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوکراوەیەوە پاشانیش بۆ جاری دووەم لە کوردستانی خواروو چاپکرایەوە[8].

## چەند زانیارییەکیتری پێویست

ئەو ژانرەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین،بریتییە لە هەواڵ، هەواڵیش لەسەر وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیار دەوەستێت یەکێك لەو پرسیارانە "کەی؟"یە،واتە رووداوەکە کەی روویداوە؟ بە تایبەتی ئەو رۆژگارەی رۆژنامەکەی تیایە چاپو بڵاوکراوەتەوە، کە بریتی بووە لە رۆژگاری دووەم شەڕی جیهان،بۆ ئەم رووداوەش زنجیرەی مێژوویی گرنگە تا بزانرێت زنجیرە مێژووییەکانی ئەو رووداوە چۆن لە رۆژنامەکەدا رەنگی داوەتەوە،ئینجا لەم روانگانەوە باشتر وایە رۆژی دەرچوونی ژمارەکان خشتەبەند بکەین و چەند



زانیارییەکیتریش وەك ئیزافە بخەینە سەر خشتەبەندەکە، لە ناوهێنانی ژمارەی هەواڵە بڵاوکراوەکاندا تەنیا مەبەستمان ئەو هەواڵانەیە کە لە لاپەڕە کوردیو ژمارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

| ژمارە | رۆژی دەرچوون | چەند هەواڵی تیایە بڵاوکراوەتەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1943/5/3دا ساڵی یەکەم | 8 هەواڵ | دوولاپەڕە کوردییەو دوو فەرەنسی |
| 2 | 1943/5/10 | 6 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 3 | 1943/5/17 | 13 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 4 | 1943/5/25 | 8 هەواڵ | سێلاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 5 | 1943/5/31 | 9 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 6 | 1943/6/7 | 7 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 7 | 1943/6/14 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 8 | 1943/6/21 | 6 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 9 | 1943/6/28 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 10 | 1943/7/5 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 11 | 1943/7/12 | 7 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 12-13 | 1943/7/19 | 8 هەواڵ | سێلاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 14 | 1943/8/2 | 10 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 15 | 1943/8/9 | 10 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 16 | 1943/8/16 | 10 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 17 | 1943/8/23 | 9 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 18 | 1943/8/30 | 11 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 19 | 1943/9/6 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 20 | 1943/9/13 | 12 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 21 | 1943/9/20 | 13 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك |

www.dengekan.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | فەرەنسی |
| 22 | 1943/9/27 | 9 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 23 | 1943/10/4 | 6 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 24 | 1943/10/18 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 25 | 1943/10/25 | 7 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 26 | 1943/11/1 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 27 | 1943/11/8 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 28 | 1943/11/15 | 9 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 29 | 1943/11/22 | 10 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 30 | 1943/12/6 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 31 | 1943/12/20 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 32 | 1943/12/27دا ساڵی یەکەم | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 33 | 1944/1/3دا ساڵی دووەم | 17 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 34 | 1944/1/10 | 16 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 35 | 1944/1/17 | 12 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 36 | 1944/1/24 | 9 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 37 | 1944/1/31 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 38 | 1944/2/14 | 6 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 39 | 1944/2/21 | 8 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 40 | 1944/3/6 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 41 | 1944/3/13 | 7 هەواڵ | سێلاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 42 | 1944/3/20 | 4 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 43 | 1944/3/27 | 5 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 44 | 1944/4/3 | 7 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 45 | 1944/4/17 | 3 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 46 | 1944/5/1 | 6 هەواڵ | سێلاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 47 | 1944/5/8 | 6 هەواڵ | سێلاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 48 | 1944/5/15 | 3 هەواڵ | سێ لاپەڕە کوردییەو یەك فەرەنسی |
| 49 | 1945/7/16دا ساڵی دووەم | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 50 | 1945/7/16دا ساڵی سێیەم | 2 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 51 | 1945/7/30 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 52 | 1945/7/30 | 5 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 53 | 1945/8/13 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 54 | 1945/8/13 | 1 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 55 | 1945/9/3 | 1 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 56 | 1945/9/10 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 57 | 1945/9/24 | هیچ هەواڵی تیایە نیە | |
| 58 | 1945/10/1 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 59 | 1945/10/8 | 6 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 60 | 1945/10/15 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 61 | 1945/11/5 | 10 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 62 | 1945/11/26 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 63 | 1945/11/26 | 5 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 64 | 1945/12/17 | 8 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 65 | 1945/12/24 ساڵی سێیەم | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 66 | 1946/1/14 ساڵی چوارەم | 6 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 67 | 1946/1/14 | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| 68 | 1946/2/4 | 1 هەواڵ | دوو لاپەڕەیەو تەنیا بە زمانی کوردییە |
| 69 | 1946/2/25 | 9 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 70 | 1946/3/11 ساڵی چوارەم | بە زمانی فەرەنسییە | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی فەرەنسییە |
| -70 71 | 1946/3/25 ساڵی چوارەم | 5 هەواڵ | هەر چوار لاپەڕەکە بە زمانی کوردییە |
| 72 | 1946/5/13 ساڵی | هیچ هەواڵی | دوو لاپەڕەیەو بە زمانی |

www.dengekan.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| | چوارەم | تیایە نیە | کوردییە |
| 73 | 1946/5/27دا ساڵی چوارەم | بە زمانی کوردییە | دوا لاپەڕەیەو دوو لاپەڕەیەو هەمووی بە زمانی فەرەنسییە |

هەر تەنیا بە سەیرکردنی ژمارەی ئەو هەواڵانەی کە لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە چەند پرسیارێك گەڵاڵەدەبن،بۆ نموونە: شێوازی هەواڵەکان؟ شوێنی رووداوەکان؟ تا چەند پێوەندییان بە واقیعی رۆژنامەکە هەبووە؟ بەشی کورد لەو هەواڵانەدا؟ بۆ ژمارەی هەواڵەکانو شێوازی دارشتنی هەواڵەکان رۆژانوو بە یەکێك لە رۆژنامە کوردییە هەرە دەوڵەمەندەکانی هەواڵ دادەندرێت،لە دارشتنی هەواڵەکانیشدا شارەزایی بە هەواڵەکانەوە دیارە،بۆ شوێنی رووداني هەواڵەکانو تا چەند گرنگی بە هەواڵی کورد دراوە لە بەشی دووەمدا باسی دەکەین.

وەکو سەرەنجێکیش ئەوە روون دەکەینەوە،کە ئەو ژمارە ناوبراوانەی هەواڵەکان هەموو هەواڵەکانی ناو رۆژنامەکەنین، چونکە لە چەندان ژمارەدا لە ژێر یەك ناونیشاندا چەند هەواڵێکی جیاواز بڵاوکراونەتەوە،ئێمەش لە ژماردنەکەدا تەنیا ناونیشانی هەواڵەکانمان حیساب کردووە،بە هەر حاڵ پێرستکردنی هەواڵەکان بەلای ئێمەوە گرنگ نین بەڵکو هەمە جۆری هەواڵەکانو تا چەند گرنگی بە هەواڵی کورد دراوە گرنگە.

**ئەو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی رۆژگاری رۆژانوو دەردەچوون**

یەکێك لەو هەواڵانەی رۆژنامەی رۆژانوو گرنگی پێداون،هەواڵی دەرچوونو بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارو رۆژنامە کوردییانەیە،کاتی دەرچوونی رۆژنامەکە دەردەچوون،وەکو بەراوردکردنێك گونجاوە کە ناویان بهێنین تا بزانرێت رۆژانوو هەواڵی کام رۆژنامەو گۆڤاری بۆ هاتووەو بڵاوی کردۆتەوە،ئەمەی خوارەوە ناوی

www.dengekan.com



گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی رۆژگاری رۆژانووە.

( ژیان 1926 لە سەردەمی رۆژانوودا ناوەکەی بۆتە "ژین" تا ساڵی 1963 بەردەوام بووە- سلێمانی)، (رێ یاتازە 1930 تا ئەمرۆ بەردەوامە- یەریڤان)، (نیشتمان 1943- 1948 تەوریز- سلێمانی)، (دەنگی گێتیی تازە 1943- 1947 بەغدا)، (گەلاوێژ 1939- 1949 بەغدا)، وەك دەزانرێت هەر لەو رۆژگارەدا کۆماری کوردستان (1946/1/22- 1946/12/17) لەمەهاباد راگەیەنراوەو مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمێکی زێرینی بە خۆوە بینیوە، لەم رووەوە سەرچاوەیەك دەڵێت: (لە پاڵ ئەم گۆڤارەی بەردەستتان [9] رۆژنامەی کوردستانو گۆڤارەکانی هەڵاڵەو هاواری نیشتمان و کوردستان)[10] بڵاوکراونەتەوە،هەروەها لە سوریاو لوبنانیش، بێجگە لە رۆژانوو،ئەم ناوانە دێنە بەرچاو (هاوار 1932- 1943 شام)، (رۆناهی 1942- 1945 شام)، (ستێر 1943- 1945 بێروت)[11]، ئەمەو هەر لەو سەردەمەدا لە عیراقو کوردستانی باشوور (عیراق) کۆمەڵێك رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤار بە نهێنی چاپو بڵاوکراونەتەوە: (دەنگی کورد- 1943 هەولێر)، (بڵێسە- 1943 هەولێر)، (شۆرش- 1943کوردستانی باشوور )، (ئازادی- 1944 کەرکوك،سلێمانی،بەغدا)[12]، (یەکێتی تێکۆشین 1944- 1945 کوردستانی باشوور)، (ئازادی کوردستان 1945- 1946 کوردستانی باشوور)

لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا لەگەڵ وردبوونەوە لە هەواڵە بڵاوکراوەکانی دوو توێی رۆژانوو هەست بەوە دەکرێت،کە رۆژنامەکە گرنگییەکی سەرنج راکێشەرانەی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی رۆژگاری خۆی داوە.

**چەند دێرێك لە مێژووی ئەو سەردەمە**

بابەتی سەرەکی باسەکەمان بریتییە لە هەواڵو هەواڵیش رووداوێکی رۆژانەی

نێو مێژووی مرۆڤایەتییەو رۆژانووش لە نێو رەحمی رووداوێکی گەورەی دنیادا دەرچووەو بڵاوبۆتەوە،کە دووەم جەنگی جیهانییە (1939- 1945)و ئەو جەنگەش پێشینەی خۆی هەیە کە یەکەم جەنگی جیهانییە (1914- 1918)و زەمینەسازییەکی لەباری بۆ دووەم جەنگ کرد،بە تایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر نەخشەی دنیایدا هێناو زیاتریش لە ئەفریقاو ئاسیادا رەنگی دایەوە،کوردستانیش لەو گۆڕانکارییە بەدەرنەبووەو زیانێکی گەورەی لە نەخشەی جوگرافی نەتەوەکەمان داوەو (هۆی دابەش کردنی نوێی کوردستان،بەشی رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی ئێراندا مایەوە چونکە ئێران بە رەسمی تێکەڵی شەڕنەبوو ئەو بەشەکەیتری کرایە دوو پارچەوە- کوردستانی باکوور دوای بێنەو بەرەیەکی کەمو لە ئەنجامی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالێکاندا لە ناو دەوڵەتی نوێی تورکیادا مایەوە،کوردستانی باشووریش پاش بێنەوبەرەکی زۆر لەگەڵ ناوچەکانیتری عیراقدا کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەوە)[13]ئەنجامەکانی ئەو جەنگە لە لایەن چەند وڵاتێکی زلهێزی دنیا بە جۆرێکیتر لێك دەدرایەوە وەك بەرتەسك بوونەوەی بەرژەوەندییەکانیانو بچووك بوونەوەی بازنەی پێوەندییەکانیان، رێککەوتنو کۆکردنەوەی نفوزو خۆ پڕچەك کردن دژی جەنگیتر پاساوی بۆ دەهێندرایەوەو دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەڵمانیا بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیو پارێزگاریکردن لە کەمە نەتەوەکانی ئەڵمان لە وڵاتانیتر،کەوتە شەڕو بە هێزکردنی نفوزی وڵاتەکەی،مێژوونووسان دووەم جەنگی جیهانیان بەسەر سێ قۆناغدا بەشکردووە:

1- (1939- 1941) قۆناغی سەرکەوتنی ئەڵمانیا لە کیشوەری ئەوروپا،توانی چەندان وڵات داگیربکات.

2- (1942) قۆناغی هاوسەنگ بوونی بەرەکان،بە هەڵکوتانەکانی ئەلمانیا بۆ



سەرگەرووی پۆلۆنیا کە ئەڵمانیاو روسیا لە یەکتر جیادەکاتەوە دەستی پێکردو بەرەی هاوپەیمانان بە هێزتر بوو.

3- (1943- 1945) قۆناغی هەرەسی ئەڵمانیایەو [14] جەنگ دەوەستێتو قۆناغی ململانێی سیاسیو دیبلوماسی دەست پێدەکات رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە ئاگری ئەو شەڕە بەدەرنەبوو،بە کوردستانیشەوە بەڵام نەك بە شێوەی شەڕەکانی کیشوەری ئەوروپا، هاوپەیمانان توانیان جێ پێی خۆیان لە ناوچەکە قایمتر بکەنو بە گشتیش کورد هیچ قازانجێکی لە ئەنجامەکانی کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی نەکردو تەنیا رووداوێکی گەورەو دیار کە ئەو ماوەیە مێژووی نەتەوەکەمان بە خۆوەی بینووە لە دایك بوونی یەکەم حوکمداری سەربەخۆی کوردیە،واتە کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بووەو لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەمەو بێجگە لە بەهێزبوونی روحی نەتەوایەتیو سەرهەڵدانی چەندان بزوتنەوەو راپەڕینی شۆڕشگێری لە کوردستانی باکوورو باشووردا.

د.کەمەران ئالی بەدرخان-یش هەوڵیداوە سوود لە بارودۆخی جەنگەکە وەربگرێت ئەو پەراوێزە کلتوریو ژیانە رۆشنبیرییەی کە فەرەنسییەکان لە سوریاو لوبناندا پێرەویان دەکرد بقۆزێتەوەو وەك روناکبیرو سیاسەتمدارو نووسەرێکی خاوەن ئەزموون دەستی بە دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانوو لە بەیروتی پایتەختی لوبنان کردو گوایە فەرەنسییەکان لە زۆر رووەو یارمەتییان داوە[15] بەڵام ئەمە تا ئێستا هەر قسەیەو وەك بەڵگە من لەم رووەوە هیچ شتێکم بەرچاو نەکەوتووە،چونکە ئەگەر وابێت ئەی چۆن لە چەند ژمارەیێکی پێش وەستانی رۆژنامەکەدا داوا لەو کەسانە دەکات کە رۆژنامەکەیان بۆ دەچێت ئابوونە بدەن

(خوەندەڤانێن دەلال: رۆژانوو بێ ئاریکاریارا وە نکارە پێڤە هەرە، نکارە ئارمانجا خوە پێك بێنەو لەسەر ریا خەباتێ بمەشە)[16].

www.dengekan.com

# بەشی دووەم

## هەواڵ لە رۆژنامەی رۆژانوو

مێژووی هونەری رۆژنامەنووسیی لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم هەوڵ بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەو رۆژنامەو نووسراوی سەر دیواردا سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە باری بڵاوکردنەوەی هەواڵو رێکخستنی بابەتەکاندا،بۆ نموونە هەوڵدراوە لاپەڕە (یەك) لە لاپەڕەکانیتر جیاوازتر بێت،ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامە بۆ ئەو نووسراوانە بگەڕێنینەوە کە دەسەڵاتداران لە شوێنێکی تایبەتدا هەڵیاندەواسی،تا خەڵك لە هەواڵو رێنمایەکانی دەسەڵاتدارەکەیان بزانن،هەر لەو سەرەتایەدا هەست بە جۆرێك لە رێکخستنی هەواڵو بانگەوازەکان دەکرێت،بە تایبەتیش رووکاری سەرەوەی لاپەڕەکە، دوای ئەوە چاپخانەش دروستکراو داهێنراو پەرەی پێدراو بووە بەشێك لە پێشکەوتنەکانی دنیای پیشەسازیو تەکنۆلۆژیا،ئەو لایەنە بواری نەخشەسازیو رێکخستنی لاپەڕەو ستوونەکانیشی گرتەوە.

پێش ئەوەی وەك رۆژنامەیەك،کە گرنگی دیاری بە هەواڵ دابێت باسی بکەین،پێویستە ئەوە باس بکەین،کە رۆژانوو لە فۆرمدا یەکێکە لە رۆژنامە رێکوپێکەکانی ئەو سەردەمەو سەردەمی پێشووی رۆژنامەگەریی کوردی بە تایبەتی لە باری نەخشەسازیو رێکخستنی لاپەڕەکانیو قەبارەیانو دابەشکردنی



ستوونەکانو دابەزینی وێنەو نووسینو دانانی مانشێتو راکێشانو دانانی هێڵو دابەشکردنی فەزای ماکێت (لاپەڕە)و ریزبەندکردنی بابەتو دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی، رای ئێمە هەمووی بۆ شارەزایی و بوونی زانیاری لە پێشینەی رۆژنامەگەریی لە لایەن خاوەنی رۆژنامەکە د. کامەران ئالی بەدرخان دەگەڕێتەوە،لەم رووەوە دیارە سوودی لە ئەزموونی بنەماڵەکەیانو گەشتو سەفەرو گەڕانەکانی خۆی بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی بینیووە،خۆشی کەسێکی زیرەكو بەتوانابووەو چەند زمانێکی بیانی زانیوە،هەروەها جەلادەت بەدرخان-ی برای. بە نووسین و رێنمایی یارمەتیداوە، بۆ نموونە لە ژمارە (3)ی رۆژانوودا جەلادەت ئالی بەدرخان بە ئیمزای (ج. ئا. بەدرخان) نووسینێکی بە ناونیشانی (1898 و 1943 و رۆژامەیانوو) واتە رۆژی دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان- 1898)و رۆژنامەی (رۆژانوو 1943) رۆژی تازەی ئێمەیە بڵاوکردۆتەوەو باسی هەوڵی بنەماڵەکەیان لە بواری رۆژنامەگەریدا دەکات،هەروەها دەتوانرێت ئەو (مە یا نوو) بۆ کوردیش بە گشتی بگەڕێنینەوە،کە لە وتارەکەدا تاكو گشتی تێکەڵاوی یەکتر کردووە.

دیارە رۆژنامەی رۆژانوو لە رووی ناوەڕۆکیشەوە بە یەکێك لە رۆژنامە دەوڵەمەندەکانی کوردیو بەسەرچاوەیەکی بە نرخی وێنەو هونەرەکانی ئەدەب بەهەر دوو بەشەکەیەوە (شیعرو پەخشان) دادەندرێت،بۆ بەکارهێنانی زمانیش هەوڵیداوە زمانێکی سادەو پاراوو بێ گرێو گۆڵ بەکار بهێنێت تا زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵ تێی بگەن،بەڵام وەك دیارە ئێمە لەم باسەدا تەنیا لە یەك ژانری رۆژنامەگەریی دەدوێین ئەویش (هەواڵە).

سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامە بۆ بوونی رووداو یاخود واقیعێك یان دیاردەیەك دەگەڕێتەوەو پەیوەندی نێوان رووداوو هەواڵ پێوەندییەکی ئۆرگانیەو

www.dengekan.com

هەر بۆیە پسپۆرانی ئەو بوارە کە باسی ڕۆژنامە دەکەن واتە قسەو باس لە هەواڵ دەکەن،ئەم ژانرەش لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەر لەگەڵ لە دایک بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا (کوردستان- 1898) گرنگی پێدراوەو بەڵگەش بۆ ئەمە دەتوانرێت سەیری یەکەم ژمارەو ژمارەکانی‌تری ڕۆژنامەکە بکرێت[17].

نامانەوێت لێرەدا لە خاسیەتو تەکنیکو هونەرەکانی هەواڵ بدوێین چونکە ئەمڕۆ تا بە زمانی کوردیش ڕادەگات کۆمەڵێك کتێب سەبارەت بە ژانری هەواڵ لە کتێبخانەکانی کوردستان دێنە بەرچاو،بەڵکو یەکسەر ئەم پرسیارە دەکەین،ئایا ڕۆژنامەی (ڕۆژانوو) هەواڵی تیایە؟ یا خود بڵێین ئایا گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە؟ بەڵێ، ڕۆژانوو زیاتر ڕۆژنامەی هەواڵ بووەو لە هەردوو بەشە کوردیو فەرەنسییەکەیدا بە پلەی یەکەم گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە،لە ڕووی جۆری هەواڵەکانیش لە پێشینەی بۆ ڕووداوو واقیعی گەرمی ئەوسا داناوە،بەڵام وەنەبێت هەر یەك جۆرە هەواڵی بڵاوکردبێتەوە،هەواڵو جۆرەکانی هەواڵ بە گوێرەی پێوەرەکانی (قەبارە،سەرچاوە،بابەت) دابەشی چەند جۆرێك دەکرێت،بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە دابەشکردنی هەواڵەکانە بە گوێرەی بابەتی هەواڵەکانو کە لەسەرچاوەیەکدا بەسەر ئەم بەشانەدا دابەشکراوە،(هەواڵی سیاسی،هەواڵی ئابووری،هەواڵی ڕۆشنبیری،هونەری،هەواڵی وەرزشی،هەواڵی زانستی،هەواڵی کۆمەڵایەتی، هەواڵی سووکو زاخاودانی مێشك)[18] ئێمەش لە دابەشکردنو جوێکردنەوەکاندا ڕەچاوی جۆری بابەت دەکەین کە ڕۆژانوو بڵاوی کردوونەتەوە،نموونەی هەواڵەکانیش دەقاو دەق دەنووسینەوە تەنیا پیتەکان دەستکاری دەکەین لە پیتی لاتینی کوردی بۆ پیتی کوردی بەکارهێنراو لە کوردستانی باشووردا.

### هەواڵەکانی دووەم جەنگی جیهان

ئەو سەردەمو ساڵو ماوەیەی کە ڕۆژنامەی ڕۆژانووی تیایە لە دایك بووە واتە ساڵی 1943 ڕۆژە گەرمەکانی دووەم جەنگ بووەو ئەو ڕۆژانەش بووە کە بەرەی هاوپەیمانان بە هێزو تۆکمە بوون، ڕۆژنامەکەش لە ڕۆژی دەرچوونی (یەکەم) ژمارەیەوە تا ئەو ڕۆژەی جەنگەکە وەستاوە زۆربەی ڕووبەری لاپەڕەکانی بۆ هەواڵەکانی ئەو جەنگە تەرخان کراوە بە تایبەتی یەکەم لاپەڕە،بەڵام وەك ڕۆژنامەیەکی بەرگریکار لە بەرەی هاوپەیمانان بە ئاشکرا ئەو خەتی ئیشکردنە لە بڵاوکردنەوەو داڕشتنەوەی هەواڵەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە،ئێستاش چەند هەواڵێك وەك نموونە دەنووسینەوە،تا بزانرێت ڕۆژنامەکە چۆن هەواڵی داڕشتووەو بە چ کەرەستەو زمانێکی ساکار لەگەڵ ئەو هونەرە کاری کردووە.

**زەرەرێن نەیارا؛**
**شەش سەد هەزار ئەسکەرێن میحوەرێ هاتنەکوشتن**

لۆندرە- ب ئاواکی ڕەسمی ئەلام دانەکو دشەرێن میسر،لیبیاو تونسێدا (600000) ئەسکەرێن میحوەرێ هاتنە کوشتن.
( 3) ئوردو (6) باسکوردو، (25) فیرقەو (6) ئالایێن تالیانی و (2) ئۆردو (11) فیرقەیێن ئەلمانی هاتیەسافیکرن.
( ژمارە (4) ساڵی (1) دووشەممە 1943/5/24 ل 1) .

**تەلەگرافا جەنەراڵ دەگۆل؛**
**سەرسالا ئیستقلالا دەولەتا ئەمەریکایێ**

جەزایر؛ ب هێنجەتا سەرسالا ئیستقلالا ئەمەریکایێ جەنەرال دەگۆل تەلەگرافا ژێرین شیاندیە ملەتێ ئەمەریکانی ب هێنجەتا سەرسالا ئیستیقلالا ئەمریکانی سلاڤان ل مللەتێ ئەمریکانی دکم.

www.dengekan.com

ئەمەریکانی ئیسال ئەیدانیا سەرسالا خوە ئیستقلالی دەما شەری دە دکن. ئەڤ ژبۆنا ئازاهیو سەربستیا خوەو یا جهانێ شەر دکن، ژ بەرکو ئازاهی سەربەستی نایە لێکڤەکرن. فەرەنسا تەنشتا ئەمەریکایێ دەیە، ژبۆنا ئازاهیو سەربەستیا دنیایێ ژبۆنا پێکانینا جهانەکە نو سەربەست.

ژمارە (10) سالی (1) دووشەممە 1943/7/5 ل 1) .

**د ئەردێ پۆلۆنیایێدە**

موسکو- ئۆردیا سۆر د ئاخا پۆلۆنیایێ دە 65 کیلۆمێترپێشڤەچوویە.

موسکو- دشەرێ کرۆڤوگرادێ دە (100000) ئەسکەرێن ئەلمانی ژ قوەت کەتنە.

جەزایر- ئۆردیێن (5) و (8) د ئەنیا تالیانی دە ژنوڤە پێشڤەچوونە.

جەزایر- کۆمیتێ فەرەنسزا خەلاسیا وەلێت ئیرۆ سەرێ سبەهێ جڤانەك دانی.

قاهرە- مژولاهیا وەزیرێن مسرو لبنانێ ب تفاکا دەولەتێن ئەرەبی د قاهرێ دە دۆم دکە.

( ژمارە (35) سالی (2) دووشەممە 1944/1/17 ل 1) .

شایانی باسە ئەم هەواڵە جۆرێکە لە جۆرەکانی دارشتنی هەواڵ، ئەویش بریتییە لە هەواڵی زۆرکورت کە توانراوە بە هۆی چەند وشەیەك رووداوێکت تێ بگەیەنێت.

**هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان**

هەر لەو رۆژگارەی کە رۆژنامەکە بلاوبۆتەوە بێجگە لە رووداوی دووەم جەنگی جیهان،بۆ ئێمەی کورد رووداوێکی گرنگتر هەیەو تا بە ئەمرۆش دەگاتو بگرە بۆ پاشەڕۆژی دووریش بۆتە لاپەرەیەکی درەوشاوە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان ئەویش کۆماری کوردستانە، وەك باسکراوە؛(کۆبوونەوەکانی 2ی رێبەندان هەر بۆشایی کردنو دەربڕینی خۆشیو خوێندنەوەی سروودی میللیو شیعری نەتەوەیی دلڕفێن و وتاری سیاسی بزوێنەری هەستی دەروون نەبوو، بەڵکو بۆ راگەیاندنی بڕیاری مێژوویی بوو،کە پێشتر سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پێشەواکەی، پاش راوێژو پرسکردن بەکاربەدەستانی سۆڤێتیو ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوەکانی کورد دابویان ئەویش بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بوو[19].

لەم رووەوە رۆژنامەی رۆژانوو بە بایەخەوە ئەم رووداوەی بلاوکردۆتەوەو هەر لەو رۆژەی کە هەواڵەکەی پێگەیشتووە لە یەکەم لاپەڕەو بە خەتی درشت هەواڵی سەربەخۆبوونی کوردستانی بلاوکردۆتەوە، دەتوانین بۆ وەبیرهێنانەوەو پێزانین چەند هەواڵێك بنووسینەوەو دەست نیشانی بکەینو وەك باری سەرنجو روون کردنەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەو هەواڵانە هەواڵی خۆسازدانو وەرگرتنی پرسو رایە بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان.

**بسرەخوەبونا کوردستانێ**

ئەژەنسا (پی،ئێف،ئەی) ژ تەهرانێ ددە زانین،ژ حکومەتا ئیرانێ رە،خەبەر هاتیە داین کو سەرەکێن کوردان قەراردانەو مینا پارتیا دمۆکراسیا ئازەربەیجانێ پارتیەك دانینە ب قەسدا خوەستنا بسرەخوەبونا کوردستانێ.

ناڤێ ڤێ جڤاتێ کوردی، کۆمەلە، مەزناهیا ڤی جڤاتی بجڤاسە هێژ نەهاتیە سەح کرن.بەری ب چەند رۆژان ڤێ جڤاتێ نمینەدەیێن خوە شیاند بو تەبریزێو نها ژی نمینەندەیێن خوە رێکر باکویێ شارستانێ سۆڤیەتستانێ ئی مەزن.

( ژمارە (59) سالی (3) 1945/10/8 ل 1)
.

**سەرخوە بونا کوردستانێ**

تەهران (پی،ئێف،ئەی) د کوردستانا ئیرانی دە زەهنی تەشخەلان چێدبن،خەڵك ئیستقلالا کوردستانێ دخوازن،هەیەتەکە گران، ژهەفت نمینەندەیان بەڤکەتی چوونە باکوییو سەرەکێ کوردان،ژێ تخوە هلانیاو بەرێ خوە دایە موسکوڤایێ ئەڤ ئینلەباتێن جڤاتا ئیستقلالا کوردستانێ:

www.dengekan.com

میرزا قازی محەمەد،ئیلخانی زادە،محەمەد حوسەین،سەیف قازی،ئەلی ریحانی، هەمزە ئاغا مامەش،ئەفدللا بەسەرهاجی، هەمزە جەلدیان[20].

(ژمارە (61) ساڵی (3) دووشەممە 1945/11/5 ل 4).

ئیتر تا رۆژنامەکە وەستاوە، واتە رۆژی (1946/5/27) بە دواداچوونی بۆ رووداوەکە کردووەو زیاتر هەواڵەکانی لە رۆژنامەکانی تارانەوە گواستۆتەوە.

## هەواڵی رۆژنامەگەریی کوردی

ئەم سەرباسە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەین:

### ئەلف: هەواڵی رۆژنامەگەریی خوێندراو

مەبەستمان ئەو جۆرە رۆژنامەیەیە کە دەخرێتە سەر کاغەز ( لە دنیای ئەمرۆش جۆرێک لە رۆژنامەی ئەلکترۆنیش هەیە) خوێنەران دەیخوێننەوە،ئەم جۆرە لای خۆمان زیاتر بە رۆژنامەی ئاسایی رۆیشتووەو ناوی هاتووە،رۆژنامەی رۆژانوو-ش گرنگییەکی دیاری بەو رۆژگارەی دنیای رۆژنامەگەریی خوێندراوی کوردی داوە،ئەگەر وەك هەواڵ لە رووی گرتنی رووبەری رۆژنامەکەوە حیسابی بۆ بکەین لە دوای گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی دووەم جەنگی جیهانی،بڵاوکردنەوەی هەواڵی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بە پلەی دووەم دێت، سەرەتا دەتوانین چەند ناونیشانێك لە رۆژانوو وەربگرین‌و پاشان وەك بەڵگە دوو هەواڵ دەقاو دەق بنووسینەوە.

- **چاپا کوردی:** لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ناوی کۆمەڵێك رۆژنامەو گۆڤار ریزکراون،کە ئەوساو لە کاتی دەرچوونی رۆژانوودا چاپو بڵاوکرانەتەوە،ئەم هەواڵە لە ژمارە (2) لە لاپەڕە (2) دابەزیوەو تا رۆژنامەکە وەستاوە،ناوە. ناوە دووبارەو چەند بارە کراوەتەوە، بەڵام لە هەندێك ژمارەدا بە گوێرەی زانیاری تازەی ژێر دەست دەستکاری کراوە،لەم رووەوە دەتوانرێت سەیری: (ژ 3 ل 1) و (ژ 5 ل 4) و (ژ 6 ل 2) و تا دەگاتە (ژ 69 ل 4)[21]، هەروەها لە لاپەڕە فەرەنسیو ژمارە تایبەتیە فەرەنسییەکان لە ژێر ناونیشانی ( لاپریسسە کوردە )یش بڵاوکراوەتەوە.
- گۆڤارەکە کوردی ئا نوە،دەنگی گێتیی تازە،ئەم هەواڵە لە لاپەڕە (1) ی ژمارە (33) بڵاو بۆتەوە.
- گۆڤارا ئازادی، لە ژمارە (61) لە لاپەڕە (1) بڵاوبۆتەوە.
- سێ رۆژنامەیێن دت، لە ژمارە (61) لە لاپەڕە (4) بڵاوبۆتەوە.
- ژین‌و پیرەمێرد،سەر سالا رۆژناما کوردی ژین یا بیستەمین. هەواڵو پەیامێکی پیرۆزباییە بۆ رۆژنامەی ژین‌و پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەنووس‌و لە ژمارە (70-71) لە لاپەڕە (1) بڵاوبۆتەوە.
- مزگینیەکە مەزن،باس لە دەرچوونی گۆڤاری " نیشتمان " دەکات لە کوردستانی ئێراندا،ئەم هەواڵە لە ژمارە (26) لە لاپەڕە (1) بڵاوبۆتەوە.
- گۆڤارا نوە، ماد: هەواڵی بڵاوبوونەوەی گۆڤارێکی تازەیە بە ناوی (ماد) کە لە تاران دەرچووە،ئەم هەواڵە لە ژمارە (66) لە لاپەڕە (4) بڵاوبۆتەوە.

ئەمەو لە چەند وتارو شیعرێکیشدا ناوی ئەو کۆمەڵە گۆڤارو رۆژنامەیە هاتووەو تەوزیفکراون،وەك لە ژمارە (3 )، ل 1 )و ژمارە (40، ل 1) و ژمارە (69، ل 1 ). هتد.

ئێستاش دەقی چەند هەواڵێك دەنووسینەوە

**کۆڤار**

**رۆژنامەو چاپێن کوردی**

ل ئیراقی ژیان: هەر هەفتە جارەکی دەردکەڤە، چار روپەلە، بەندێن وی هێژانە،ب تیپێن ئەرەبی تێتە چاپکرن گەرینەندەکاریا وی: سلەیمانیە- ئیراك[22].

گەلاوێژ: کۆڤارەکە کوردیا مەزن‌و هێژایە. هەفتی دوو روپەلێن د وێ هەنە.

www.dengekan.com

نقيسەڤانێن ئيراقو ئيرانێ يێن مەزن،نقسارێن خوەيێن گرانە تێدە بەلاڤ دكن،هەر سەرێ مەهێ جارەكێ دەردكەڤە.

گەرينەندەكاريا د وێ: شارع ئەلرەشيد،عمارە دامرچى،ئاپارتمان (5) بەغدا- ئيراك.

دەنگى گيتيى تازە: كۆڤارەكە ب رەسمو وێنەيە، سەد روپەلێن د وێ هەنە.ب هەمەتا باليۆزخانا بريتانى تێتە دەرێ خستن.سەيدايێ دەلال حوزنى موكريانىو زەحف نقيسەڤانێن كورد،تێدە بەندێن خوە بەلاڤ دكن. ئەڤ كۆڤار هەر دەم چێتر بكێرهاتيتر دبە. هەژمارێن داوين دە، وێنەيێن كوردستانێ،دهاتن بەلاڤ كرن. ب تيپێن ئەرەبى تێتە چاپ كرن.

**ل سۆڤيەتستانى**

ريياتازە د ئەريوانێ دە دەرتێ،زمانێ كوردێن سۆڤيەتستانێيە،هەر هەفتێ سێ جاران دەردكەڤە. تێدە فكرێن نوو نوژەن تێنە بەلاڤ كرن. چار وپەلێن د وێ هەنە،ب تيپێن كوردى تێتە چاپ كرن.گەرنيەندە كارياوێ: ريياتازە، ئەريوان، سۆڤيەتستان.

**كۆڤارا قەفقاسێ:**

كۆڤارەكە گرانە يە،(32) روپەلێن د وێ هەنە،نقيسەڤانێن كوردێن مەزن ژ يێين هێلا قەفقاسێ تێتە دنقيسينن،تيپێن د وێ كوردى نە. هەر هەفتە جارەكێ دەردكەڤە.گەرنيەندەكاريا وێ: گۆڤارا قەفقاسێ: تفليس، سۆڤيەتستان.

**ل ئيرانى**

**نشتمان**،دەنگێ كوردێن ئيرانێيە،چەل روپەلێن د وێ هەنە، كۆڤارەكە قيمەتدارە بەندێن دوێ تێر رەونەقن،ل لە هيجانێ دەردكەڤە. هەرچەند ژى ب هەرفێن ئەدەبى دەردكەڤە،هن ب تيپێن كوردى ژ عەمەل دكە. گەرينەندەكاريا دوێ، نيشتمان،لە هيجان، ئيران.

**كوهستان**: ل تەهرانێ ب زمانێ فارسى دەردكەڤە،لێ زەحف ب كارێن كوردستانا ئيرانێ مژول دبە. قەستدا دەركەتنا وێ چييە خوەش نايێ سەح كرن.

**ل سوريێ**

**هاوار-** كۆڤارا ب تيپێن كورديا دوەمينە،شانزدە روپەلێن د وێ هەنە. هەر پانزدەه رۆژان جارەكى دەردكەڤە.گەرينەندەكاريا وێ،چاپخانا تەرەقى، شام سوريە.

**رۆناهى-** كۆڤارەكە كورديا ب رەسمو وێنەيە.دلبەرو چەلەنگە، هەر دوو هەفتان جارەكێ تێتە بەلاڤ كرن،بيستو ددۆ روپەلێن د وێ هەنە،ب تيپێن كوردى تێتە چاپ كرن. گەرينەندەكاريا د وێ: چاپخانا تەرەقى: شام، سوريە.

**ل لبنانێ**

**ستێر-** چار روپەلێن وى هەنە، ب تيپێن كوردييە، هەر سەرێ مەهێ جارەكێ دەردكەڤە، گەرينەندەكاريا وێ، وەقف تابەت، بێروت.

(ژمارە (52) سالى (3) دووشەممە 1945/7/20 ل 4) .

هەروەها لە ژمارە (61) دا باس لە رۆژنامەيەك دەكات كە گرنگى بە كێشەى كورد داوەو ئەو هەواڵەى پێشەوەش فراونتر دەكاتو ناوى چەند گۆڤارو رۆژنامەى تريش دەخاتە سەر ئەو خشتەيە:

(نهۆ ب زمانێ كوردى هەڤدە كۆڤارو رۆژنامە دەردكەڤن،ژ ڤان پێڤە،ل بێروتێ: هەر پانزدە رۆژ جارەكێ،ب زمانێ فرەنسى رۆژنامەيەك دەردكەڤە ناڤێ وێ (لە جۆر نۆڤەين)ە،چار روپەلێن وێ يێن مەزن هەنە،ئەڤ رۆژنامەى قالا چاندو نقيسارو سياسەتا كوردستانێ دكە ئو دۆزو دەعوا ملەتێ كورد،تێخە پێشچاڤێن جيهانێ، ئەڤن ناڤێن گۆڤارو رۆژنامەيانو وەڵاتێن كو تێدا تێنە چاپ كرن. ل سۆڤيەتستانێ: ريياتازە،گۆڤارا قەفقاسێ ل ئيرانێ: پەيام، نشتمان، كوهستان، زەگرۆس، چيا، تروسكە، يەكێتيا[23] تێكۆشين ل ئيراقێ: ئازادى، ژيان، گەلاوێژ، دەنگى گێتى تازە ل شامێ: هاوار ل بێروتێ: ستێر، رۆژانو).

(ژمارە (61) سالى (3) دووشەممە 1945/11/5 ل 4).

**كۆڤاراكە نوە: ماد**

د تەهرانێ دە كۆڤارەكە نو ب ناڤێ ماد دەست ب دەركەتنى كريە. ئەڤ كۆڤار ب

www.dengekan.com

پرسێن کوردی یێن زانینو زانستی،یێن چاندو کۆمەلی،دیروك و چیروکیێ مژول دبە گەرینەندەیێ وێ ئاغا ئازاد پورە،نەو د تەهرانێ دە دوو کۆڤارێن کوردی یێن فارسی زمان هەنە، کوهستان وماد. ژ ڤان کۆڤاران پێڤە د کوردستانا ئیرانێ دە زەحف کۆڤارو رۆژنامەیێن کوردیو کورد زمان دەردکەڤن. هێڤیامە ژ خوەدێ ئەڤە کو خەباتا برایێن مە کوردێن ئیرانێ تەڤیێن ترکیەو ئیراقێ بەرخوردار بە.

( ژمارە (66) سالی (4) دووشەممە 1946/11/14 ل 4) .

وەکو لە پێشەوە دەست نیشانمان کرد،کە رۆژنامەی رۆژانوو گرنگیەکی فراوانی بە بڵاوکردنەوەو بەدواداچوونی هەواڵی رۆژنامەنووسیی کوردی داوە،بە پێویستمان نەزانی دەقی هەموو ئەو هەواڵانە بنووسینەوە چونکە باسەکەمان درێژ تر دەبووە.

**بێ – رۆژنامەی بیستراو**

واتە ئەو خزمەتە رۆژنامەنووسیانەی لە رێگای ئێستگەکانی رادیۆوە پێشکەش دەکرێنو بە هۆی بڵاوکردنەوەی دەنگ بە رێگای هێزەکانی شەپۆلەوە بە خوێنەران دەگەنو گوێ بیست دەبن، ئێستگەی رادیوش بریتییە لە کەناڵێکی راگەیاندنو ئەگەر بتوانرێت باش بەکار بهێنرێت لە رۆژنامەی خوێنراو گەرمتر رووداوو واقیعەکان دەگەیەنێت،مێژووی ئەم ئامێرەش لە نێو کورددا زۆر دوور نیەو دەڵێن یەکەمجار سالی (1939) رادیۆی بەغدا رۆژانە بۆ ماوەی (15) خولەك بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پێشکەش کردووە،پاشان ئەو ماوەیە وردە. وردە زیادکراوەو سالی (1943) بەریتانیەکان لە رادیوی عەرەبی " رۆژهەلاتی نزیك " لە شاری حەیفای فەلەستین بەشی کوردیان لە رادیۆکە کردەوەو دوای جاردانی کۆماری کوردستانیش رادیویەك لە شاری مەهابادی پایتەختی کۆمارەکە دامەزرا.

بەلام رۆژنامەی رۆژانوو لە پێناوی باشتر ناساندنو خزمەتکردنی کوردستان هەواڵی دامەزراندنو کردنەوەی رادیۆ کوردییەکانی ئەوسای بڵاوکردۆتەوە بۆ ئێستا دۆکۆمێنتێکی بە سوودە بۆ ئەوانەی مێژووی رادیۆ یاخود بە زاراوەیەکی تر باسی بکەین ئەوانەی مێژووی رۆژنامەی بیستراوی کوردی دەنووسنەوە،دەتوانن وەك سەرچاوەیەك بە دواداچوونیان بۆ بکەن.

ئەمەی خوارەوەش هەواڵی دامەزراندنی کۆمەڵێك ئێستگەی رادێویە وەك رۆژانوو بڵاوی کردۆتەوە:

**رادێو**

**وەشینەکێن هەرۆژە ب کوردی**

**ل بێروتێ**

رادێویا بێروتێ،ل سەر پێلێن کورتو ناڤین،هەرۆ پشتی نیرۆ ل سەعات پێنجو سە دەقیقان دە،نوچەیێن جهانیێن داوین،ب زمانێ کوردی بەلاڤ دکە. درێژاهیا پێلێن،پێلان کورت (37) مێترو (39) سەنتیمێتر ئان (8،036 )کیلۆ سکل،پێلێن ناڤین (411) مێتر،ئان (730) کیلۆ سکل.

ل بەغدایێ:

هەرۆ پشتی نیرۆ د سەعات چاران دە دەستپێ و هەتا پێنجان دۆم دکە درێژاهیا پێلێن، (42) مێترو (37) سەنتیمێتر، پێلێن کورت.

**رادێو کوردستانێ**

ل سەر پێلێن کورت دوەشینە،درێژاهیا د وێ، (42) و هەتا (44) ونیف مێترانو هەرۆ بەری نیرۆ ل سەعات (11) و (45) دەقیقان دە دەست پێ دکە.

**رادێو ئازربیجانێ**

هەرۆ پشتی نیرۆ سەعات پێنجان،ل سەر پێلێن درێژ ب کوردی دوەشینە،پێلێن درێژ (1410 )و هەتا (1415) مێتران.

( ژمارە (53) سالی (3) دووشەممە 1945/7/30 ).

شایانی باسە تا رۆژنامەکە وەستاوە، ناوە. ناوە لە دوتوێ لاپەرەی ژمارەکانیدا ئەم هەواڵە دووبارەو چەند بارە کراوەتەوە.

www.dengekan.com

**هەواڵی کتێب**

هەر لە پێناوی ئاگادار بوون لە کێشەی نەتەوەکەی و خزمەتی زیاتر بە کوردو خوێنەرانی ڕۆژانوو خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چاپکردنی ئەو کتێبانەش دوور نەگرتووە بە گوێرەی توانا هەواڵی چاپکردنی کۆمەڵێک کتێبی بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتی ئەو تێیانەی کە بابەتەکانیان تەرخانکردووە بۆ کوردو کوردستانو لە خاکی لوبنان چاپو بڵاوکراونەتەوە.

**چاپ و نڤیسار**

**کتێبێن نو**

دڤێ دوایێ دە،سەرکوردو کوردستانێ سێ کتێبێن نو هاتنە بەلاڤ کرنو هەر سێ ژ ب زمانی ئەرەبی نە،نڤیسەڤانێن دڤان ژۆستێ هەق و راستیێ نە،ب ئاوەکی خوەشو بێ مەیلدرای کتکتێن پرسا نژادێ مە خستنە پێش چاڤێن خوەندەڤانان.

ئەڤن ناڤو نیشانێن ڤان:

**کورد د سوریە و لبنانێ دە**

ب قەلەم ما نڤیسەڤانێ هێژاو دکتۆرێ فەلسەفەو زانینێن جڤاکی د. ئەدیب معەوەز (58) رۆپەلێن ڤێ کتێبێ هەنە،بهایێ وێ (100) قروشێن لبنانییە،هەچی کۆ ڤێ کتێبێ دخوازن پەیدا بکن،ناڤ نیشانێ نڤیسەڤان ئەڤە،ملك دەبس،تاریق عەبدلباست. ئەلفاخوری. بیروت- لبنان.

**کوردستان ئان وەلاتێ کوردان**

ب قەلەما نڤیسەڤانێ قیمەتدار خوە دیێ رۆژناما ئاترا میرزا یوسف مالك (44) رۆپەلێن ڤێ کتێبێ هەنە، بهایێ وێ (100) قروشێن لبنانێیە، پەیدا کرنا وێ ب دەستێ نڤیسەڤانێ چێدبە. ناڤنیشانێ وێ:

میرزا یوسف مالك- ساندوق ئەلبەرید 857 بێروت- لبنان.

**پرساکوردستانێ: . د ناڤ بەرا دوهی و ئیرۆ دە:** ب قەلەما نڤیسەڤانێ گوزیدەو دکتۆری فەلسەفەو زانینێن جڤاکی. د. ئەدیب معەوەز (46) رۆپەلێن ڤێ کتێبێ هەنە، بهایێ وێ (100) قرۆشێن لبنانێیە.

ناڤنشانی نڤیسەڤانێ:



میرزا د. ئەدیب معەوەز،ملك دەبس،تاریق عەبدلباست. ئەلفاخوری، بیروت- لبنان.

( ژمارە (50) ساڵی (3) دووشەممە 1945/7/16 ل 4 ).

لەوە دەچێت هەست بەوە بکرێت، کە ئەم هەواڵە لە هەندێك شوێندا لە شێوازی هەواڵ دەرچووبێتو زیاتر لە جاڕدان (ریکلام) بۆ کتێبەکان بچێت، نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە بابەتی جاڕدان لە بناغەدا رووداوێکە بەڵام بە شێوازی جاڕدان دادەرێژرێتو هونەرکاری هەواڵی بۆ بەکار ناهێنرێت ئەگەرنا زۆربەی ناوەرۆکی بابەتەکانی جاڕدان دەکرێت وەک هەواڵیش دابرێژرێن،بۆ ئەم هەواڵانەی پێشەوەش ئاساییە بڵێین هەواڵن و شێوزای دارشتنی جاردانیان ئاوێتە کراوە.

جێی ئاماژە بۆ کردنە،کە ئەم هەواڵانەی پێشەوە بە شێوە دارشتنیتر ، (ژمارەکانی (52) (61) و (64) جاریتر بڵاوکراونەتەوە.

**هەواڵی کوردو رۆژنامەکانی دنیا**

یەکێك لەو هەواڵانەی کە رۆژنامەی رۆژانوو گرنگی بە بڵاوکردنەوەیان داوە هەواڵی کوردو کوردستانە لە رۆژنامەکانی دنیادا،دەکرێ کۆمەڵێك هەواڵ لەو هەواڵانە وەکو خۆیان بنووسینەوە،چونکە بریتین لە کۆمەڵێک هەواڵی گرنگ بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە خەریکی مێژووی هاوچەرخی کوردین.

**رۆژنامەڤانەکی مسری**

قالا کوردستانێو دۆزو دەعوا وێ دکە.

رۆژناما مسری، ئەلمسری دە، نڤیسەڤانێ ئەرەبی مەحمود عەزمی بەگ دنڤیسە: پرسا ئازربیجانی،ژ یا کوردستانێ نکارە بێتە ڤەقەتاندن. د سۆڤیەتستانێ دە،نیزیکاهی ڤە (17،000) کورد هەنە، ئەو ب زمانێ خوە دخوینو دنڤیسنو کارێن وەلاتێ خوە ب دەستێ خوە دگەرینن،ئەو خوەدی ئیدارەکە خاسن. ئەڤ ئەرد تەنشتا کوردستانێن ترکیە،ئیراقو

www.dengekan.com

ئیرانێ دەیە. هێژ،دەسپێکا شەڕێ مەزنێ (1914- 1918) [24]ئان دە،کورد پەرچەیێن ئەردێ کوردستانێ دخوەستن بگەهننە هەڤو دوو ژخوە رە حکوتەکە کوردیا مستەقل دەینو ڤان تو جاران دەست ژ ئارمانجا ئازاهیێ بەرنەدانەو ژبۆنا خەلاسیا خوە ژ نیرێن حکومەتێن بیانی هەرو هەر خەبتینە. ملەتێ کورد ب ئێشقو حەسرەت ل پێشڤەچونا کوردێن سۆڤیەتستانێو ل تشتێن کۆ ژبۆنا کوردان د سۆڤیەتستانێ دە هاتنە چێکرن،دنێرن. ئازربێجان تەنشتا کوردستانا ئیرانێ دەیەو ژخوە ئاگرێ بسەرخوەبونا کوردان ل ئیراقێ بتەنێ ئەڤ چەند رۆژن کو ڤەمریە.

( ژمارە (63) سالێ (3) دووشەممە 1945/11/26 ل 4 ).

**رۆژنامەیێن جهانێو**

**پرسو دۆزو دەعوا کوردستانێ**

ئەڤ چەند مەهن رۆژنامەیێن جهانێ ب پرسو دۆزو دەعوا کوردستانێ مژولن،نەمازە رۆژنامەیێن بێروتێ یێن ب زمانێ ئەرەبیو فرەنسزیو وهن رۆژنامەیێنی ئەمەریکانیو رۆژنامەیا ئینگلیزی رۆژنامەیێن فەلەستینێ مینا زەحف رۆژنامەیێن کوب زمانێ ئیرانێ دەردکەڤن،رۆژنامەیێن میسری یێن فرەنسزیو ئەرەبیو رۆژنامەیێن یەونانی ل هەقی کوردستانێ دەو ل سەر داخوازێن نە ملیۆن کوردێن کو خوە دی ئەردەکی مەزن پێنج سەد هەزار کیلۆمێتر چارگوشە بەندنە هێژا، نڤیسارنە دورو درێژ بەلاڤ دکنو دبێژن کو ملەتێ کورد ژبۆنا ئیستقلالا خوە،ژبۆنا ئازاهیو سەربەستیا خوە خوینا خوە رژاندیەو ئیرۆ ژ درەژینەو نهۆ کوردستانێن ترکیە،ئیرانو ئیراقێو ب دەستێ جڤاتنە باش سازو تەرتیبکری تێنە گەراندنو ئیجار خەباتا دەعوا کوردستانێ ژ هەر وەختێ بێترو چێتر خورتەو دڤێ دەمێ دە ژ بۆنا ملەتەکی مەزن، ژ نەه ملیۆن پەیان بهەڤکەتی، هێسیری چێنابەو راحەتیا دنیاییو نرمازە سلامەتیا وەلاتێن

رۆهەلاتێ نیزنگو ناڤین،بێ سافکرنا پرسا کوردستانێ پێك نایێ.

د جڤاتا لۆندرێدە

ل گۆرا تەلەگرافا کو نوچەگهایێ ئەژەنسا فرەنسزی( پی،ئێف،ئەی) ژ ئەنقەرێ بەلاڤ دکە،تێدە تو شك نینە کو پرسا کوردستانێ د جڤاتا لۆندرێ دە،یا ملەتێن یەکبویی وێ بکەڤە ئاخافتنێ.

( ژمارە (66) سالێ (4) دووشەممە 1946/1/14 ل 1 ).

**رۆژنامە دنڤیسن**

**ئارمانجا کۆمەلا کۆمونتسێن کوردستانێ**

1- خەباتەکە زۆر قەوی ژ بۆنا خەلاسکرنا کوردستانێ ژ لە پێ ئیستیعماران و زۆرکەریانو دانینا یەکێتیەکێ د ناڤ بەرا هەمی کوردان دە،بێ فەرق ئەو ژ کیژان وەلاتێ ژ بن،داکو ئارمانجێن کۆمەلێ هەرە شەری یاکو ئازادیا وەلێتە.

2- دانینا حکومەتەکە کوردی،ل سەر بنگەهو ئاساسێن سۆسیالیستێدا کو ئەڤ حکومەت ب خێری هەمی خەلکێن کوردستانێ بێ.

3- چێکرنا ئۆردیەکە کوردیی زەخمو خورت ژ ئیرۆ و پێدە،ژ بۆنا سەربەستکرنا کوردستانێو ملەتێ کورد،پاراستنا جمهوریەتا کوردستانێ یا کو دێ بێتە دانین.

4- کورد هەمی بێ فەرقێن دینو دیانەتێ دڤێ هەرن خوەندەگاهان،چ کەچ وچ خورت،و ژبۆنا وان دجمهوریەتا کوردستانێ دە خوەندگاه،زانستەو زانینگە هنە بلند بێنە چێکرن.

5- ژنو مێر دهەقێن خووە یێن کۆمەلێو سیاسیێ دە دڤێ مینا هەڤ بن.

6- ب هەمی کۆمەلێن کو زدێ دکتاتۆریو زۆرکەریێ نە،دڤێ تەڤکاریەك بێتە دانین.

7- ژبۆنا ڤەژاندنو خوەشیا کوردستانێو ئازادیا وی،خەباتا چاکا دەستپێکری،دڤێ بێتە پێشڤە ئاژۆتن.

8- ئارمانجا کۆمەلا کۆمونیستێن کوردستانێ ئەڤە کو کوردستان دڤێ ژ

www.dengekan.com

دەستێ زلمو زۆرکەریێ ژ لە پێ ئیستیماریو دکتاتۆریێ بێتە خەلاس کرنو تێ دە حکومەتەکاو لۆ بێتە دانین یا کو ب خێرێ هەمی سنفو تەبەقەیێن ملەتی تێو هەرکەس تێدە ئاریکاریا هەڤو دو دکن.

ئەڤ بانگێن د رۆژناما ئەلبرزێ دە هاتیە چاپکرن ل بازارێ رەشتێ ئیران کنونی،رۆژنامەیا کو د تەهرانێ دە تێتە چاپو بەلاڤ کرن، ژێ گرتیە.

ئیران کنونی،سالْ یازدەهم، شمارە (37-261) 1 شەنیە 2، 1323

( ژمارە (69) سالْی (4) دووشەممە 1946/2/25 ل 1 ).

***

هەر لەم ژمارەو لاپەرەو لە ژێر هەمان ناونیشاندا کۆمەڵێك هەواڵی تریش لە ژێر ئەم ناونیشانە فەرعیانەدا بڵاوکراونەتەوە.

* ر.چۆرچلو کورد.
* وەڵاتێن رۆهەلاتی.
* رادیۆئا رۆهەلاتی.
* ئاخا مرۆڤان (لە ژێر ئەم ناونیشانە فەرعیەدا ئەم هەواڵە بڵاوکراوەتەوە)

کۆڤارا "ئاخا مرۆڤان" ل سەر پرسا کوردستانێ بەندەکە مەزن بەلاڤ کریە. ئەڤ کۆڤار ل پاریسێ دەردکەڤە. رۆژناما بێروتێ ئافرەنسزیزمان (ئۆریەنت) د هەژمارێن خوەیێن (5669) و (5679) ئەڤ بەند چاپو بەلاڤ کریە.

**کۆڤارێن ئینگلیزی دنڤیسین:**

کۆڤارا ئینگلیزی The New Statesman and Nation د هەژمارێن خوە یێن 26ێ کانونا پاشینو 16ێ سباتێ 1946 ل سەر پرسا کوردستانێ،دوو بەندن مەزن، دوو بەندنە هێژاو گران بەلاڤ کریە.

د ڤان بەندان دە تێتە نڤیساندن: ئەم گەلەك دلخوەشن کو فرسەتەك کەتە دەستو ئەم قالا کوردستانێ دکن. کورد ژ ئالیکی د چیایێن کو ژ قەفقاسێ و هەتا بەسرایێ و ژ ئالیێ دن دەر ئەردێ کو ژ سکەندەرونێ وهەتا وانێ درێژ دبە، دژین، ئەڤ ئەرد وەڵاتێ وانە.

دانینا حکومەتەکاه کوردی،کارەکی گەلەك زەحمەتەو،د دەسپێکێ دە، دەولەتێن دۆستو هەڤالْ،دڤێ ئاریکاریا وێ بکن.ترك ژ کوردان گەلەك دقەهرن و ئەرنا وان گهایە هەتا دەرەجا کودکرن ڤێ ملەتێ بعەدمینو بقەلینین،ترکابەر نەددان کو کورد ب زمانێ خوە عەمەل بکەن،پێ بخوینو بنڤیسن تشتەکیو لو ئیرۆ ئێدی نکارە بێتە چێکرن،زدێ قەیدەیێن دانییە،هەڤێ هەر ملەتییە،کو ئەڤ ب زمانێ خوە بخوینەو بنڤیسە.

ئەم ناخوازن،ڤێ دەرێ ڤالا زلمو نەهەقیێ کو ژ ئالیێ ترکان ڤە،هەڤێ کوردان دە هاتیە کرن،بکن.

شەرتێن ئەتلەنتیکێ ژ ملەتێن کو د حالێ کوردان دەنەو ژ ملەتێ کورد رە،هن هەق دانە،هەر چەند ژی هەیە کو مستەر چۆرچلو مستەر رۆزوەلت گاڤا شەرتێن ئەتلەنتیکێ پێك دانین،کورد نە دهاتن بێرا وان. ما جڤاتا ملەتان،نەدڤیا بوو کۆمیسیۆنەك دەینە،ژ بۆنا کو کارو هەقێ ملەتێن کو هێژ نکارن نمینەندەیێن خوە بشینن،جڤاتا ملەتان.

ئیرۆ کو جڤاتا ملەتان ئا جوان،هەفاقاس ب خەیرەت خوە دایە پەی ئارمانجێن خوە،ما نکاری بوو،ب پرسا کوردستانێو ب پرسێن مینا وێ ژی مژول ببە.

( ژمارە (70- 71) سالْی (4) دووشەممە 1946/3/25 ل 1).

**هەواڵی خوێندن**

لەو سەردەمەو لە وڵاتێکی وەك لوبناناو بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بە زمانی کوردی پێش هەموو خزمەتەکان خزمەت بووە بە پەرەپێدانو بڵاوکردنەوەو پێشخستنی زمانی کوردی،ئەمەو تا هەولێشی داوە بەدواداچوون بۆ خوێندنو خوێندەواری کوردیش بکات،بە تایبەتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانو خوێندنگای کوردیدا

**مژدە**

www.dengekan.com

ئەمە یەکەم جارە بە کەرەتەك سێ گەنج لە گەنجەکانمان بە یەکەوە شەهادەی ( ئەی. بی) وەرئەگرن لە کولییەی ئەمریکانی بێروت.وە ئێمەش لێرەدا ناویان بە فەخرەوە بڵاوئەکەینەوە،وە بانگیان ئەکەین بۆ بەجێ هێنانی ئەو خزمەتانەی بەسەر شانیانەوەیە،لەگەڵ تەبریك کردنمان بە دڵی گەرمەوە:

1- موحەمەد ئەرمەخانی: (ئەی.بی) لە (کیمیا)دا.

2- عەلی سایب: (ئەی.بی) لە (ئاداب)دا.

3- قادر خەفاف: (ئەی.بی) لە (هەندەسە)دا.

ئەمانە هەر سێکیان لە گەنجانی (ئیراق)ن،خوا سەربەرزیان بکات وە ئەمسالیان زۆر بکات.

(ژمارە (6) ساڵی (1) دووشەممە 1943/6/7 ل 2).

***

ئەم هەواڵە بە دیالێکێتی کرمانجی خواروو داڕێژراوەونووسراوە [25] چەند پرسیارێك دەوروژێنێت،ئایا کامەران بەدرخان ئەم دیالێکێتەی زانیوە؟ یا خود کەسێکی بە ئەسڵی ئەو سنووره (کوردستانی باشوور) لە ڕۆژنامەکەدا کاری کردووە؟ یا خود یەکێك لەو سێ خوێندکارە هەواڵەکەیان نووسیوەو داڕشتووە؟

**دبستانا کوردی ئا بێروتێ**

ئەڤە ناڤێ میرزاو میرزەیێن کوو دبستانا بێروتی ئا کوردی دە هینی خوەندنو نڤیساندنا زمانێ خوە بوونە، ما سەعادە عەلی بۆتی، م.م، سلەیمان حەسەن مەرجێ، خەلیل سلێمان دێرکێ، چاچان مەرزکێ، براهیم مەتینێ،شێخ موس مەحمود قەسرکێ،حسنی مەرزکێ، محەمەد سەلیم توهێ،سلێمان براهیم خزنێ، عەبدلکەریم کندێرێ، عەبدلکەریم ئەتمێن،محەمەد نور مهەلمێ، تاهیر ملێزڤێ،میرخان راجنی، حەجی نور بۆتی.

(ژمارە (10) ساڵی (1) دووشەممە 1943/7/5 ل 2).

***

لە ژمارەیەکیتریشدا،پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە جزیرێدا چەند هەواڵێکی بۆ ڕۆژنامەکە ناردووە،لە کورتە هەواڵێکدا باس لە پێداویستی خوێندنگاکانی ناوچەکە دەکات.

ل جزیرێ نوچە گەهایێ مە د نڤیسە

- ب همەتا مفەتیش (300) تەختەبەند، (20) ماسە، (20) دەپەرەش، (10) دۆلابو (50) رونشتەك هاتنە رێکرن خوەندەگاهێن جەزیرێ.

( ژمارە (63) ساڵی (3) دووشەممە 1945/11/26 ل 3).

مەرج نیە لەو خوێندنگایەدا وانەی زمانی کوردی هەبووبێت بەڵکو مەبەستمان لە دەست نیشانکردنی هەواڵەکەدا بە تەنگەوە هاتنی ڕۆژنامەکەیە بۆ هەواڵی خوێندنو فێربوون.

**سەرنجێك**

دەکرێت لە دوو تویێ ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا چەند بابەتێکی بڵاوکراوە بێنینە بەرچاو، کە بابەتی ڕۆژگاری ئەوسای ڕۆژنامەکەن،بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی داڕشتنی هەواڵ بە بابەتەکان نەدراوەو زیاتر لە وتار نزیکن لەم نووسینەدا شوێنمان بۆ تەرخان نەکردن،دەشێ لە ژێر ناونیشانی وتارەکانی ڕۆژانوودا باسیان لێوە بکرێت.

## ئەنجام

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو،وەك هەفتەنامەیەکی سیاسیو ڕۆشنبیری بووە،لە لایەن د. کامەران ئالی بەدرخان لە ساڵی (1943) تا (1946) لە شاری بێروتی پایتەختی لوبنان دەرچووە،لە پاڵ

گرنگیدان بە هەواڵەکانی دووەم شەڕی جیهانی گرنگییەکی دیاریشی بە هەواڵی کوردو کوردستانو کلتوری نەتەوەکەی داوە،ئێمە لەم نووسینەدا تەنیا هەڵوەستەمان لەبەردەم هەواڵەکان کردووەو بە تایبەتی لەبەشی دووەمی نووسینەکەدا،چونکە لەبەشی یەکەمدا هەر (73) ژمارەکان ڕێزبەندکردووەو کێرڤی بەرزی هەواڵمان لە ڕۆژنامەکە دەستنیشانکردووە بە تایبەتی روونکردنەوەی هێڵی بلاوکردنەوەی هەواڵەکان لە ڕۆژنامەکەدا،بەرگریکردن بووە لەبەرەی هاوپەیمانان و لە ڕۆژانی جەنگدا زیاتر هەواڵەکانی ئەو بەرەیەی بلاوکردۆتەوە.

بەلام لەبەشی دووەمدا،کە دیاریکردنی بابەتەکانی هەواڵە لە ڕۆژنامەکەدا دەتوانین بەم شێوەیە بگەینە ئەنجام:-

- تا دووەم جەنگی جیهانی تەواو بووە،زۆربەی رووبەرووی هەواڵ بۆ ئەو جەنگە تەرخانکراوەو هەوڵدراوە،وەك هەفتەنامەیەك گەرماوگەرم رووداوەکانی ئەو جەنگە پێشکەش بە خوێنەران بکات.
- پێش ئەوەی ڕۆژنامەکە لە دەرچوون بوەستێت لە کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران)دا خۆسازدان لە ئارادابووە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان جاڕدانی کۆماری کوردستان،ڕۆژانوو گرنگیەکی باشی بەو خۆسازدانە داوە.
- ڕۆژنامەی ڕۆژانوو هەواڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەرگرتووەو بلاوکردۆتەوە،بەڕای ئێمە ئەو گرنگی پێدانە بۆ حەسی ڕۆژنامەنووسیی لە لایەن د. کامەران ئالی بەدرخان دەگەڕێتەوە.
- هەواڵی کتێبی چاپکراویش،بە تایبەتی ئەو کتێبانەی کە بابەتەکانیان پێوەندیان بە کوردەوە هەبووە لە چەند ژمارەیەکدا دێنە بەرچاوو ڕۆشناییان خراوەتە سەر.



- ڕۆژنامەکانی دنیا ئەوسا چۆن لە کوردو کێشەکەی دواون ڕۆژانوو ئەو هەوالانەی وەرگرتووەو بەناوهێنانی سەرچاوەی هەواڵەکان جارێکی دایڕشتۆتەوەو بلاویکردۆتەوە.
- چەند هەواڵێکیشی سەبارەت بە خوێندکارانی کوردو خوێندن بە زمانی کوردی بلاوکردۆتەوە.

لە هەقیقەتدا ڕۆژانوو ڕۆژنامەیەکە،نەك تەنیا لە بواری هەواڵدا بەڵکو لە زۆر بوارێتری ڕۆژنانووسیی و ڕۆژنامەگەریدا، دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

## پەراوێزەکان

1- ڕۆژانوو،ڕۆژناما سیاسی یا هەفتەیی (1943- 1946) وەشانێن ژینانوو، چاپی یەکەم، سوید- 1986.
2- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (7 ).
3- عبدالجبار محمد الجباری،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی،سلێمانی 1970 ل 152.
4- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد،تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا،بەغدا 1978 238.
5- جەمال خەزنەدار،رابەری ڕۆژنامەگەری کوردی،بەغدا 1973 ل 43.
6- ئەحمەد قەرەنی، ژێدەرێن هزرا نەتەوەیی لە ڕۆژنامەیا (ڕۆژانوو)دا، گۆڤاری (رامان) هەولێر ژمارە (23) 5/ 1998 ل 139.

www.dengekan.com

7- حەمە ساڵح فەرهادی،چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ەغدا 1988 ل115.

8- ڕۆژانوو (1943- 1946) بڵاوکردنەوەی بنکەی کاوە،هەولێر (2001 ).

9- د. هیمدادی حوسێن،گۆڤاری گرۆگاڵی مندالآنی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، هەولێر 2001.

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە (9 ).

11- کۆنی ڕەش،گەشتێك بەناو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردی سووریادا، گۆڤاری (ڕامان)، هەولێر ژمارە (23) 1998/5/5 ل 115.

12- نەوزاد عەلی ئەحمەد،سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەنووسیی چەپی نهێنی لە کوردستانی عێراق دا،ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق ژمارەی ڕۆژی 2002/4/22 ل5.

13- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد،کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا،بەغدا 1975 ل169.

14- د.عبدالفتاح أبو علیه،د. اسماعیل احمد یاغی،تاریخ اوروپا الحدیثو المعاصر، الطبعة الثالثة،المملکة العربیة السعودیة، الریاض 1993 ص403.

15- لە سەرچاوەیەکدا ئەو بۆچوونەم خوێندۆتەوە،بەداخەوە ناوی ئەو سەرچاوەیەم لەبیر نەماوەو زۆر گەڕام نەمدۆزیەوە.

16- پەراوێزی ژمارە (1 )، گۆڤاری (ڕۆژانوو) ژمارە (55) لاپەڕە (1 ).

17- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی،بەغدا 1972.

18- د.ادیب خضور، مدخل الی الصحافة- نظریةو ممارسة،الطبعة الثانیة،سوریة 2000 ص80.

19- نەوشیروان مستەفا ئەمین،حکومەتی کوردستان،کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا،چاپی یەکەم (شوێنی چاپکردنی دیار نییە) 1993 ل77.

20- بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ناوانە دەتوانرێت سەیری پەراوێزی (19) لاپەڕە (77) بکرێت.

21- ژ/ واتە (ژمارە)، ل/ واتە (لاپەڕە ).

22- دەشێ ئەمە (ژین) بێت نەك (ژیان) تا لە شوێنێکیتریش ئەم هەڵەیە ڕوویداوە.

23- یەکێتی تێکۆشین لە عێراق دەرچووە نەك لە ئێران،بۆ زیاتر زانیاری سەیری:(د.جەمال نەبەز،یەکێتی تێکۆشین 1944- 1945،ستۆکهۆڵم 1988) بکە.

24- لە زۆر شوێندا ئێمە ئەم کەوانانەمان داناوە لە پێناوی جیاکردنەوە یان لە نووسینەکاندا،ئەگەر نا لە دەقی نووسینەکاندا ئەو کەوانانە نین.

25- هەروەها لە ژمارە (38) یشدا وتارێك بە کرمانجی خواروو بە ناوی (یانەی سەرکەوتن) لە لاپەڕە (2) بڵاوبۆتەوە.

## سەرچاوەکان


**کتێب**

**ئەلف- کوردی**

1- جەمال خەزنەدار،ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی،بەغدا 1973.

2- جەمال نەبەز (دکتۆر)، یەکێتی تێکۆشین 1944- 1945،ستۆکهۆڵم 1988.

3- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەغدا 1988.

4- عبد الجبار محمد الجباری،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی،سلێمانی 1970.

5- کەمال فوئاد (دکتۆر)،کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بەغدا 1972.

6- کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا 1978.

7- کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)،کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا،بەغدا 1975.

8- نەوشیروان مستەفا ئەمین،حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا،چاپی یەکەم (شوێنی چاپکردنی دیارنیە) 1993.

9- هیمدادی حوسێن (دکتۆر)،گۆڤاری گرۆگاڵی مندالآنی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، هەولێر 2002.

**بێ- عەرەبی**

1- ادیب خضور (دکتور) مدخل الی الصحافة- نظریةو ممارسة، الطبعة الثانیة،سوریة 2000.

2- عبد الفتاح أبو علیة (دکتور)،اسماعیل احمد یاغی (دکتور) ،تاریخ اوروپا الحدیث والعاصر، الطبعة الثالثة، المملکة العربیة السعودیة، الریاض 1993.

**گۆڤارو ڕۆژنامە**


www.dengekan.com

1- رامان (گۆڤار) ژمارە (23) هەولێر 1998/5/5.

2- رۆژانوو (رۆژنامە): بۆ ئەم باسە سوود لە کۆکراوەی هەموو ژمارەکانی رۆژانوو وەرگیراوە، کە ساڵی 1986 ژینا نوو لە سوید چاپی کردوونەتەوە.

3- رێگای کوردستان (رۆژنامە) هەولێر 2002/4/22.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە لە ژمارە 1ی ساڵی 2004، گۆڤاری رۆژنامەنووس بڵاوکراوەتەوە.**

# دەوڵەمەند کردنی بابەتی رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا- سەدەی بیستەم



## پێشەکی

لە لاپەڕەکانی (28، 29، 30، 31، 32)ی پاشکۆی گۆڤاری "سروە"ی ژمارە (200) بابەتێك بەناونیشانی "رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا- سەدەی بیستەم" بە ئیمزای "ئەحمەدی قازی"[1] و بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە،دوای خوێندنەوەی بابەتەکە هەستم بە بوونی کۆمەڵێك کەمو کوڕی کرد،لە پێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنیدا ئەم چەند رستەیە دەخەینە سەر ناوەڕۆکەکەی، باسەکەم بە سەر دوو بەشدا دابەشکردووە،لەبەشی یەکەمدا هەوڵم داوە باری سەرنجەکانم سەبارەت بە بابەتی ناوبراو دەرببڕمو بەپێی توانا و بوونی سەرچاوە هەڵەو

www.dengekan.com

کەمو کورپییەکان راست بکەمەوەو زانیاری پێویستو زیاتریش بخەمە پاڵ چەند رستەیەك، هەرچی لە بەشی دووەمە ناوی کۆمەڵێك رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکەم هێناوە کە لە بابەتەکەدا ناویان نەهاتووە،ئینجا ئەنجامی باسەکەم بەیان کردووەو لەکۆتاییشدا چەند زانیارییەك لە پەراوێزدا ورد کراونەتەوەو وەك ئەمانەتێکی زانستیش ناوی ئەو ژێدەرو سەرچاوانە دەبەم کە بۆ ئەم باسە سوودم لێ بینیوون.

## بەشی یەکەم

### سەرنجم بۆ هەڵەو کەم و کورپییەکان

#### ناونیشان

دانانی ناونیشانی بابەت بەشێکە لە کۆکردنەوەی پێتو خاڵەکانی ناوەڕۆك،ئەگەر لەو رووەوە لە ناونیشانی بابەتەکە: "رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا- لە سەدەی بیستەمدا"یاخود وەکو ئێمە نووسیومانە: "رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا- سەدەی بیستەم" ورد ببینەوە، سەلیقەو چەمك پێمان دەڵێت،کە بابەتەکە لەو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانە دەدوێت کە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا لە کوردستانی ئێران دەرچوونە،بەڵام کە لە بابەتەکە ورد دەبینەوە کۆمەڵێك گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەشی لەخۆ گرتووە کە لە شارەکانی وەك "تاران، باکۆ، تەوریز. مەشهەد"دا دەرچوونەو بڵاوکراونەتەوە،بۆیە دەکرا ناونیشانەکە بە شێوەیەك لەم شێوانە بنووسرێت: "رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێرانو ئێراندا- سەدەی بیستەم" یان "رۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراندا-سەدەی بیستەم"ئەگەر ئامادەکەر مەبەستێکی لە دانانی ناونیشانەکەدا هەبێت،دەیتوانی لە پەراوێزدا مەبەستەکەی روونبکاتەوە،بۆ"سەدەی بیستەم"ەکەش، کە بەڕێزیان دەست نیشانی کردووە بە پێی زانیاری ئێمە،بابەتەکە هەندێك گۆڤارو بڵاوکراوەی تێهەڵکێشراوە کەلەم سەدەیەدا واتە سەدەی بیستو یەك چاپو بڵاوکراونەتەوە،بە تایبەتی ئەو چاپەمەنییانەی کە لە لایەن خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا دەرکراون.

#### ناوەڕۆك

بەڕێزیان رۆژنامەگەریی کوردی لە ئێران، بەسەر ئەم سێ قۆناغەدا دابەشکردووە:

1. سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تا سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لەساڵی 1946دا.
2. ماوەی کۆماری کوردستان تا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا.
3. رۆژنامەگەریی کوردی لە شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ، واتە لە (1357 تا 1381)، (1978-2002).

- وەك یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لە ئێراندا باسی بڵاوکراوەیەك دەکات بە ناوی **"مستشار کردستان"** و بەمجۆرە دەیناسێنێت: "ساڵی 1902 لەشاری سابڵاغ-ی موکری واتە مەهاباد لە لایەن میسونێرەکانی مەزهەبی مەسیحی بە زمانی کوردیو ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو یەك ژمارە لەم بڵاوکراوەیە ئێستا لە ژێر دەستدایە"[(2)]،بەڵام د.کەمال مەزهەر ئەحمەد دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە،کە ئەو بە گۆڤاری ناوبردووە،دەڵێت: "کوردستان: سابلاغ - مەهاباد-یان ورمێ-ڕەزائییە- ژمارە یەکی: نیسانی 1914، میسیانێرە پرۆتسانتییەکان دەریان دەکرد،مینۆرسکی کە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەی هەبوو دەڵێت لە سابڵاغ چاپ دەکرا،بەڵام گومان دەکرێ ئەوسا مەهاباد چاپخانەی خۆی هەبووبێ،

www.dengekan.com

جگە لەوەی مەڵبەندی چالاکی زۆربەی میسیانێرەکانی ئەو ناوچەیە ورمێ بوو، کەلە زووەوە چاپخانەی خۆی هەبوو، وا دیارە چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە"[3] وەك دەردەکەوێت لە نێوان هەردوو زانیارییەکەدا جۆرێك لەجیاوازی هەیە،بە تایبەتی لەرووی مێژووی دەرچوونییەوە،هەردوولاش تەئکید لە بوونی ژمارەیەك لە ژمارەکان دەکەنەوە،خۆزگە کلێشەی ئۆرژینالی بڵاودەکرایەوە، چونکە ئەم "بڵاوکراوە-گۆڤارە" بۆ سەرەتاکانی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بە گشتیو بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراندا بە تایبەتی گرنگە.

**- هەفتەنامەی کورد "رۆژی کورد"**

کۆمەڵە قسەو باسێك سەبارەت بەم رۆژنامەیە هەیە لە هەموویان لە پێشتر کتێبەکەی "محمد تمدن"ە[4]، بە ناونیشانی "اوضاح ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، تهران چاپ اسلامیه، 1350" کە بە وردی باس لەم رۆژنامەیە دەکات،بەڵام بۆ ناوی هەفتەنامەکە زۆربەی قسەو باسەکان لەگەڵ ئەوەن کە سەرەتا بە ناوی "رۆژی کورد- شەوی عەجەم" دەرچووەو پاشان ناوەکەی کراوەتە "رۆژی کورد" ئێنجا تەنیا بە ناوی "کورد" دەرچووە،بەڵام تا ئێستا هیچ دانەیەك لەم رۆژنامەیە نەدۆزراوەتەوەو کە وەك بەڵگە لەبەردەست دابێت،کەچی "ئەحمەدی قازی" لە بابەتەکەدا دەڵێت: "وەك بەڵگە چوار ژمارە ماوە" خۆزگە لەدەرفەتێکدا ئەو چوار ژمارەیە بڵاو دەکرایەوە،چونکە بە دۆزینەوەی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە چەندان گرێی مێژوویی‌و کولتووری کوردی دەکرێنەوە، ئەوەی سەبارەت بەم رۆژنامەیە دیارە تەنیا کلێشەی ناوی رۆژنامەکەیە.

**- بڵاوکراوەی نیشتمان**

بۆ نیشتمان لە دوو تویێی چەند رستەیەکدا کۆمەڵێك زانیاری خراوەتە روو،کە بە داخەوە چەند هەڵەیەکی تێکەوتووە، "نیشتمان" گۆڤارە بەرێزیان بە "نشریە-بڵاوکراوە"ی لە قەڵەم داوە هەروەها ساڵی (1322) ژمارە (1)ی لێ دەرچووە نەك ساڵی (1323) لە لایەکی دیکەوە نووسیویەتی ژمارە (7، 8،9) لە یەك بەرگدایە،بەڵام ئێمە پێمان وایە هەر تەنیا ئەم سێ ژمارەیە لەیەك بەرگدا نین، بەڵکو ژمارەکانی (3،4)یش لەیەك بەرگدایە[5]، وەك لە چەند سەرچاوەیەکیشدا باسکراوە،کەساڵی (1948) لە کوردستانی باشووریش "عێراق"دا ژمارە (10)ی گۆڤارەکە دەرچووە[6].

**- رۆژنامەی کوردستان**

بۆ ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە بەرێزیان رای وایە کە (113) ژمارەی لێ دەرچووە،بەڵام کۆمەڵێك رایتر هەیە،سەبارەت بە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان، "سەید عەبدوڵلای سەمەدی دەڵێ 110 ژمارەو میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری دەڵێ 112 ژمارەو عەلائەدین سەجادی دەڵێ 113 ژمارەو جەمال خەزنەدار دەڵێ 113 ژمارەو سەعید ناکام دەڵێ 114 و مەحموود مەلا عیززەت دەڵێ 116 ژمارەی لێ دەرچووە"[7]، بە هەرحاڵ دەکرا بۆ ژمارە (1) ژمارەی ورد تۆماربکرێت کە رۆژی 1324/10/20 بەرانبەر بە 11ی ژانویەی ساڵی 1946 لە شاری مەهاباد بە چوار لاپەڕە دەرچووە.

**- گڕوگاڵ "تایبەت بە منداڵان"**

لە ئەسڵدا ناوی گۆڤارەکە بریتییە لە "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" نەك "گڕوگاڵ- تایبەت بە منداڵان"،کە ژمارە (1)ی ساڵی (1325) دەرچووە نەك (1324)[8].

**- هەڵاڵە**

بۆ ژمارەکانی ئەم گۆڤارە دەڵێت (چوار) ژمارە لێ دەرچووە،بەڵام ئەوەی ئێمە بزانین تا ئێستا سەرچاوەکان[9] باس لە (سێ) ژمارەی هەڵاڵە دەکەن،خۆزگە بەرێزیان لە دەرفەتێکدا ناوەڕۆکی ژمارە (چوار)ی بڵاو دەکردەوە،چونکە (سێ) ژمارەکەیتر ناوەڕۆکەکانیان بڵاوکراوەتەوە.

www.dengekan.com

- ئاوات

ئێمە رامان لەگەڵ ئەوە كۆك نییە،كە "گۆڤاری ئاوات" (سێ) ژمارەی لێ دەرچووبێت،چونكە تا ئێستا زانیارییەكی بەڵگەدار لەسەر گۆڤاری ناوبراو نییە.

- فریاد كرد

دیارە نووسەر كە دەڵێت "ژمارە -1-ی لە ئۆكتۆبەری 1945" دەرچووە مەبەستی لە گۆڤاری "هاواری كورد"ە،بەڵام لەسەر خودی گۆڤارەكە نووسراوە "رەزبەر 1324" ئینجا نازانم دیارە ئەوكاتە مانگی "ئۆكتۆبەر" بەرانبەر بە مانگی "رەزبەر" بووە! پێویستە لە كاتی ریزبەندكردنی رۆژنامەو گۆڤارەكاندا ئەم گۆڤارە پێش رۆژنامەی "كوردستان" دابندرێت،چونكە كە ئەو گۆڤارە دەرچووە هێشتا كۆماری كوردستان رانەگەیەنراوە.

- هاواری نیشتمان:

ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەم گۆڤارە نووسراون كەمو كورِی تیایە،نەنووسراوە چەند ژمارەی لێدەرچووەو كەی دەرچووە؟ "هاواری نیشتمان" ژمارە (1)ی لە 1ی خاكەلێوەی 1325 بەرانبەر بە 21ی مارسی 1946 دەرچووە،تا ئێستا ئەوەی زانراوە هەر ئەم ژمارەیە لە گۆڤارەكە دەرچووە[10].

- رۆژنامەی كوردستان

لێرەدا مەبەست لە دەورەی دووەمی رۆژنامەی كوردستان-ە كە پاش رووخانی كۆماری كوردستان سەرلەنوێ بە شێوەیەكی نهێنی دەرچۆتەوە،بەڵام بە داخەوە رۆژو مانگو ساڵی دەرچوونەوەی رۆژنامەكەی بەیان نەكردووە،كە ئێمە هەوڵدەدەین لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا بە پێی توانا چەند لایەنێكی ئەو دەورەیەی رۆژنامەی كوردستان روون بكەینەوە.

- رێگا

سەبارەت بەم بڵاوكراوەیە هەڵە كراوە،رێگا ئۆرگانی "كۆمەڵەی ژیانی كورد"و ژمارە 1ی ساڵی 1ی لە مانگی "خەزەڵوەر"ی ساڵی (1327) چاپ و بڵاوكراوەتەوە.



- خۆرنشین

بەرِێزیان دەڵێت: "ساڵی 1954 لە تاران دەرچووە" بەڵام جەمال خەزنەدار دەڵێت: "ساڵی 1951 لە مەهاباد دەرچووەو تا ساڵی 1952 بەردەوام بووە،هەروەها د. كەمال مەزهەر ئەحمەد- یش تەئكید لەو ساڵ و شوێنە دەكاتەوە بۆ روونكردنەوەی زیاتر"،خۆزگە ئۆرژینالی "خورنشین" بڵاودەكرایەوە.

- هەفتەنامەی كوردستان

عبدالحمید بدیع الزمانی هەر تەنیا سەرنووسەر "مدیری لێ پرسراو"ی رۆژنامەكە نەبووە وەك بەرِێزیان نووسیویەتی،بەڵكو خاوەن ئیمتیازیش بووەو "محمد صدیق مفتی زادە"ش هاوكار نەبووە،بەڵكو رۆژنامە "هەفتەنامە" كە بە چاودێری دەستەی نووسەران دەرچووە كە ئەم بەرِێزانە بوونە: "محمد صدیق مفتی زادە،عابد سراج الدینی،شكراللە بابان" پاشان لە ژمارە (38)ەوە ناوی "خسرۆ شێخكانلووی میرانی"ی بۆ زیاد كراوە.

بۆ ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوانەش كە نووسەر لە دوو توێی قۆناغی سێیەمی بابەتەكەیدا ناوی بردوون بە داخەوە زۆبەی زانیارییەكان كەمو كورِی تێدایەو بە وردی نەناسێندراون،بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوكراوانە سنووری بڵاوكردنەوەیان بەرتەسك بووەو تیراژیان كەم بووەو نەگەیشتوونەتە دەرەوە،بە تایبەتی ئەوروپا،بۆیە ناتوانین بە وردیو بە بەڵگە لە كەموكوریو هەڵەكان بدوێین،لێرەدا مەبەستمان لەم رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوانەیە: "مردم، ئامانجی منداڵان، ئاگری، روانگە، بەیان، برووسكە، رۆژانو، سۆما، رۆژهەڵات، راقە...هتد"

## بەشی دووەم

www.dengekan.com

### کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤاریتر

ئاساییە مێژوویەکی بەو شێوەیە دوورو درێژ کە نووسینی ناوبراو بە خۆوەی گرتووە کەلێنو هەڵەو کەمو کوڕی تێبکەوێت،چونکە ئەم جۆرە کارانە دەکرێت بە دەستەو گروپ کاری تێدابکرێت،ئیتر لەو پێناوەدا وا لە خوارەوە ناوی چەند ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارێك دەخەینە سەر خشتەکەی "ئەحمەدی قازی" تا بابەتەکەی دەوڵەمەندتر بێت.

**- کوردستان**

گۆڤارێك بووە ساڵی (1913) لە شاری "ورمێ" لە لایەن "عەبدولڕەزاق بەگ"ەوە دەرچووە،پاش دوور خستنەوەی عەبدولڕەزق بەگ،سمکۆ ئاغا ئەرکی بەڕێوەبردنی خستۆتە ئەستۆی خۆیو تا ساڵی 1914 بەردەوام بووە.

**- مرۆڤ**

ڕۆژنامەیەك بووە ساڵی 1322 لە لایەن "زەبیحی- بێژەن2"ەوە دەرچووە،وەك بەڵگەش دەتوانرێت سەیری ژمارە (3)ی گۆڤاری نیشتمان بکرێت؛ "ڕۆژنامەی هەفتەیی مرۆ Mirov - لە لایەن بێژەن2 بەم نزیکانە دەرئەچێت ئابوونە تەنیا بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەیە"

**- کوردستان**

گۆڤارێکی ئەدەبی،کۆمەڵایەتی،سیاسی کوردی بووە،بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان بووە،ژمارە (1)ی لە (6)ی دیسامبەری ساڵی 1945 لە مەهاباد دەرچووەو سەرنووسەری سەید محەمەدی حەمیدی بووە،دەڵێن (9) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوەو چەند کەسێکیتر باس لە (16) ژمارە دەکەن.

**- نامەی کوردستان**

ڕۆژنامەیەك بووە لەکاتی ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهاندا لەلایەن "میرزا غولام عەلی کرماشانی" لە شاری سنە بە زمانی فارسی دەرچووە.

**- زاگرۆس**

ڕۆژنامەیەك بووە لە کاتی ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهاندا لەشاری سنە بە زمانی فارسی دەرچووەو گەلێك باسی سەبارەت بە کوردو کوردستان تێدا بڵاوکراوەتەوە.



**- ڕاوێژ**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بووە،ساڵی 1952 لە ئێران لە لایەن کۆمەڵەیێکی سیاسی کوردییەوە دەرچووەو تەنیا یەك ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**- کوردستان**

ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە،ژمارە (1)ی لە"دەورەی دووەم"ی ڕۆژی یەك شەممەی (5)ی بانەمەڕی ساڵی (1333) لە شاری "تەورێز" دەرچووە.

**- کوردستان**

لە سەری نووسراوە "لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ" ژمارە (1)ی ساڵی (1)ی لە "ڕێبەندانی 1344"بەرانبەر بە"فیوریەی 1966" لە ئەوروپا چاپو بڵاوکراوەتەوە "ناوی حزبی دیموکراتی کوردستان"م وەك خاوەنی ڕۆژنامەکە لەسەر لاپەڕەکانی نەکەوتۆتە بەرچاو،بەڵام نووسینەکانی بەشێکن لە ئەدەبیاتی حزبی ناوبراو.

**- ڕۆژ**

ئۆرگانی لقی (3) حزبی دیموکراتی کوردستان بووەو ژمارە (1)ی ساڵی 1967 لە کوردستانی ڕۆژهەڵات "ئێران"دا دەرچووە.

**- ڕێگای یەکێتی**

مانگنامەیەکی سیاسی بووە،لە لایەن کۆمەڵەیێکی سیاسی پێشکەوتنخوازی ئێرانەوە لە مانگی نیسانی 1971 ژمارە (1) بە زمانەکانی کوردیو عەرەبیو فارسیو بلووچیو ئازەری دەرچووەو تاساڵی 1973بەردەوام بووە،بەڵام هەندێك ژمارەی تەنیا بە زمانی کوردیو فارسیو تورکیو ئازەری دەرچووە.

**- شۆڕش**

ڕۆژنامەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە،ژمارە (1)ی ساڵی 1977 پێش ئینقلاب دەرچووەو ژمارە (2)ش لە ڕۆژانی ئینقلابدا بڵاوبۆتەوە،ماوەیەك وەستاو لە ساڵی2002 دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە.

**- نووسەری چیا**

گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری بووەو دەستەیەك لە ئەدیبو نووسەران لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ژمارە (1)یان لێ بڵاوکردۆتەوە،ئێمە هەر

www.dengekan.com

ئەم ژمارەیەمان لێ بینیوەو دەڵێن چوار ژمارەی لێ دەرچووە.

**- پێشەنگ**

گۆڤارێکی ئەدەبیو هونەری کرێکاری بووە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی بە دەرچوون کرد،نزیکەی (10) ساڵ ناوە ناوە ژمارەیێکی لێ دەردەچوو.

**- پێشڕەو**

گۆڤاری سازمانی کۆمەڵەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بووە،ژمارە (1) لە ساڵی (1362)ی هەتاوی دەرچووەو پاش ماوەیەك بووە بە "شێوە" رۆژنامەو ئێستاش لە دەرچوون بەردەوامە.

**- ئەصحابی ئینقلاب**

گۆڤارێك بووە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە زمانی فارسیو کوردی دەریدەکرد،ژمارە (1)ی ساڵی 1986 بڵاوکراوەتەوە، لە بابەتەکانیدا زیاتر بە شانو باڵی دەسەڵاتدارانی جمهوری ئیسلامی ئێرانی هەڵدەدات.

**- پێشمەرگە**

گۆڤارێك بووە دەزگای راگەیاندنی بارەگای رەمەزان دەریکردووە، ژمارە (1) ساڵی 1989 بڵاوکراوەتەوە،هەمان ئاراستەی کاری گۆڤاری ئەصحابی ئینقلابی هەبووە.

**-26ی سەرماوەز**

لە دەورەی دووەمەوە وەک گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی،لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە دەرچووەو ژمارە (1)ی دەورەی یەکەمی لە پاییزی ساڵی (1984) وەك گۆڤارێکی هەواڵو رێنووێنی تایبەت بە پێشمەرگەو کادری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەرچووە.

**- بێستان**

گۆڤارێکی سیاسی،ئەدەبی،کۆمەڵایەتی بووە،ژمارە (1)ی لە ساڵی 1991 لەلایەن رێکخراوی "خەباتی شۆڕشگێڕ"ەوە دەرچووە.

**- روانگەی لاوان**

ئۆرگانی لاوانی دیموکراتی کوردستانە،ژمارە (1)ی لە ساڵی (1989) دەرچووە، واتە لاوانی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ (10) ژمارەی لێ دەرچووە.

**- لاوان**

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران،ژمارە (1)ی ساڵی (1981) دەرچووە، ئەوەی بینیوومانە ژمارە (47)ی مانگی تەمموزو ئابی 1992-ەو دەڵێن (56) ژمارەی لێدەرچووە.

**- یەکێتی**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستانە،ژمارە (1)ی ساڵی (1992) بڵاوکراوەتەوە.

**- یەکسانی**

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانە،ژمارە (1)ی ساڵی (1992) بڵاوکراوەتەوە.

**- سپێدە**

گۆڤارێکی ئەدەبیو رۆشنبیری بووە،ژمارە (1)ی لە هاوینی ساڵی 1992 دا لە تاران دەرچووە.

## ئەنجام

مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی رۆژهەلات "ئێران" بەشێکی دیارو پرشنگداری مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییە بە تایبەتی لە رۆژگاری کۆماری کوردستاندا، بابەتەکەی "ئەحمەدی قازی" بریتییە لە باسکردنی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لەو پارچەیەی کوردستاندا لەماوەی سەدەی بیستدا،بە هەق ماندووبوونێکی زۆری تێدا بینیوە تا ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیەی ریزبەندکردووەو لێیدواوە،بەڵام دیارە

www.dengekan.com

کارێکی لەو شێوەیە کەمو کوڕی هەر تێدەکەوێت، ئەو باسەی ئێمەش هەوڵێکە بۆ باشتر دەوڵەمەندکردنی بابەتی ناوبراو کە حەتمەن ئێمەش هەموو راستییەکانمان نەپێکاوەوە پەییمان بە هەموو مێژووەکە نەبردووە،بەڵام هیوادارین بە هەردوولامان سەرەتایەکی شیاوی ئەو مێژووەمان خستبێتە روو تا بتوانرێت وەك دەستپێکی پرۆژەیەك بۆ نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا کاریتری بە دواوە بێت، جارێکیتر ئومێد دەکەم کە ئامازەم بەسەرەداوەکان کردبێت(11).

www.dengekan.com

## پەراوێزەکان

1.احمد قازی،ژورنالیسم کردی در کردستان ایران در قرن بیستم، ویژەنامە دویستمین شماره مجله "سروه" رەشەمە 1381 ص28.

2. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل29.

3. کەمال مەزهەر ئەحمەد "دکتۆر" تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا،لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا 1978 ل232.

4. نەوشیروان مستەفا ئەمین،چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، بەرگی دووەم،لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری،سلێمانی 2002 ل23.

5.جەمال نەبەز "دکتۆر"، گۆڤاری نیشتمان،لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپەمەنی ئازاد- سوێد 1985 ل57.

6. هیمداد حوسێن "دکتۆر"، رۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002 ل163.

8. هیمداد حوسێن "دکتۆر" گۆڤاری گرۆگاڵی منداڵانی کوردو سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، لە بڵاوکراوەکانی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر 2002 ل 41.

9. سەیری پەراوێزەکانی ژمارە (3) لاپەڕە 239و ژمارە (7) لاپەڕە 119 بکە.

10. سەیری پەراوێزی ژمارە (7) لاپەڕە (96) بکە.

11. بۆ سوودی زیاترو زانیاریتر دەتوانرێت سەیری بابەتی "رۆژنامەنووسی کوردی لە چیا" لە نووسینو ئامادەکردنی س. ماکوان بکرێت کە لە ماڵپەڕی دیمانە بڵاوکراوەتەوەو رۆژی 2003/10/20 دانەیەکم لێ خستۆتە سەر کاغەز.

**سەرنج؛ ئەم بابەتە لە ژمارە 4ی ساڵی 2004، لە گۆڤاری رۆژنامەنووس بڵاوکراوەتەوە.**

## کتێبە چاپکراوەکانم

----------------------------

1- پۆلووی ژووری نووتەك، شیعر،بەغدا-1985

2- ساکەدەشت،شیعر،بەغدا-1988

3- مرۆڤو تابووت،شیعر،هەولێر-1991

4- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر-1991

5- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ،هەولێر-1993

6- پاڵتۆی حزب،شیعر،هەولێر-1995

7- بەرەو سەرەتا،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-1998

8- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان،بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی،سلێمانی-1998

9- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن،سلێمانی-1998

10- منداڵو ئەدەب،لێکۆڵینەوە،چاپی یەکەم،سلێمانی-1998،چاپی دووەم،سلێمانی-2006

11- شەبەك(مێژوو،ئاین،سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێران،سلێمانی-1999

12- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا،سلێمانی-1999

13- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-2000

14- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2001

15 شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2001

16- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1991-1961، بیبلیۆگرافیا، سلێمانی-2001

17- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2002

18- رۆژنامەو جەنگ،وتار،سلێمانی-2003

19- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-2004

20- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی 1960-1923،سلێمانی-2004

21- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، سلێمانی- 2004

22- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیدا 1991-1961،سلێمانی-2005

www.dengekan.com

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی 2008ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ز | ناو* کتێب | ناو* نووسەر / وەرگێر | بابەت | جۆر* چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 560 | گۆڤار* هەنار ژمارە (24) | ب. چاپء بڵاوکردنەوە | گۆڤار | چاپکردن |
| 561 | گۆڤار* هەنار ژمارە (25) | ب. چاپء بڵاوکردنەوە | گۆڤار | چاپکردن |
| 562 | سەدو هەشتا رۆژ چاوەروان* | د.هیرش محەمەد ئەمین | بیرەوەر* | چاپکردن |
| 563 | کرێوە* مەرگ | فایەق نامۆ | شیعر | چاپکردن |
| 564 | بلانس* ژن لەنێوکاریزما* نووسیندا | شیرین تاهیر | لێکۆڵینەوە | چاپکردن |
| 565 | چەند لێکۆڵینەوەبەکء بابەت* دەروون* | جەلال خەلەف | دەروون* | چاپکردن |
| 566 | ژیان* فەق* و دەنگ* فەق* | مەحمود عەزیز حەسەن | بیرەوەر* | چاپکردن |

www.dengekan.com